# گوڵان

ڕووبای ئەمڕۆ و سبەی

ســـاڵی سییـــەم (١٣٧٤)- (٣١)ی تەمموزی ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

مادەدەی هۆشبەر و مەترسییەکانی

## مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر

## ئەنفالێکی سپییە بۆ کوشتنی ئیرادە و ئینتیمای گەنجەکانمان

بە دەقی قورئان و فەرموودەکان ماددەی هۆشبەر لە عەرەق حەرامترە

بەم نزیکانە سەنتەری چارەسەر و شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دەست بەکار دەبێت






# ئامادەکارییەکانمان بۆ قۆناغی دوای یازدەی سێپتەمبەر

٧٥

دوای ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلوولی ئەمەریکا، دەستبەجێ دەستمان بە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەیی لەشکری کوردستان کرد. ئامانجی کۆبوونەوەکان هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ بارودۆخی جیهان و ناوچەکە و کوردستان بوو و، بڕیاریش درا هەموو ئامادەکارییەک بکرێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەدڵنیاییەوە لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن. هەر لەو چوارچێوەیەدا بەپێی توانا و شارەزایی و زانین ئامادەکاریی پێویست بۆ هەر ئەگەر و گۆڕانکارییەک کرا.

دوای ئەو هەنگاوە بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکان و دروستکردنی گوتارێکی هاوبەش بەرانبەر پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان، کۆبوونەوەی دوو قۆڵیی پارتی و یەکێتی پێویست بوو. هەر بۆ ئەو مەبەستەش مەکتەبی سیاسیی یەکێتی سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتییان کرد و لە کۆبوونەوەکەیاندا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا بەردەوام و بەکراوەیی بمێننەوە و هەڵسەنگاندن و دیراسەتی هەموو ئەگەرەکان بکرێت. بۆ ئاگاداربوون لە ڕا و هەڵوێست و بۆچوونی وڵاتە هەرێمەکانیش بڕیار درا هۆشیار زێباری سەردانی تورکیا و دکتۆر ڕۆژ سەردانی ئێران و ئازاد بەرواری سەردانی سووریا بکات. لە ئەنجامی ئەو سەردانانە بۆمان دەرکەوت کە هەموو لایەنەکان بە بایەخ و گرنگییەوە چاودێری و بەدواداچوونی بارودۆخەکەیان دەکرد و لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆز و شڵەژاویش بوون، چونکە کەس ئاگاداری بەرنامەی ئەمەریکا نەبوو کە پلان و نیازی چییە.

# چاپکراوی نوێ




(چۆن دەبیتە یاریزانێکی باشی تۆپی پێ) نووسینی( ئولێ تۆمی گریستاد) و وەرگێڕان و ئامادەکردنی قەیس نەجمەدین بلباس، بە (٢٤٢) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی وەرزشیی کوردییەوە. سەرەتا ئاماژە بەوە کراوە کە تۆپی پێ یارییەکی بە کۆمەڵە، ئامانجی یارییەکە بریتییە لە تۆمارکردنی گۆڵ بۆ تیپەکە، لە هەمان کاتدا ڕاگرتنی تیپی بەرانبەر لە تۆمارکردنی گۆڵ.

یاریی تۆپی پێ وەك وەرزشێکی گشتی بۆ هەموو کەسێك گونجاوە کە توانای یاریکردنی هەبێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا یانە و تیپەکان بۆ منداڵە بچووکەکان لە هەموو تەمەنێکدا هەیە، دیارترین سوود کە منداڵان و لاوان لەکاتی یاریی تۆپی پێدا سوودی لێوەردەگرن لایەنی جەستەییە، تۆپی پێ یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدانی متمانە و ڕێزگرتنیان لەناو یاریگا و دەرەوەیدا، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو منداڵانەی بەشداری لە چالاکییە جەستەییەکاندا دەکەن بە بەردەوامی لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئاستێکی باشتریان هەیە و دەتوانن لە ژیاندا زیاتر سەرنجیان لەسەر بمێنێتەوە.

ئەم کتێبە سەرنج دەخاتە سەر یارمەتیدانی لاوان و منداڵان، بۆ بنیاتنانی کارامەییەکانی وەك هاوسەنگی، چالاکی و هەماهەنگی، هەروەها فێربوونی کۆنترۆڵکردنی تۆپ بۆ منداڵان و لاوانی گەورەتر، ئامانجی ئەم کتێبە پەرەپێدانی کارامەیی و تەکنیکییەکانی تۆپی پێیە، لە ڕێگەی دروستکردنی سیناریۆی تایبەت لەناو یارییەکەدا، هەروەها ئەم کتێبە یارمەتیمان دەدات بۆ بنیاتنانی کارامەیی و زانیاریی گواستنەوە، کە دەتوانرێت ببرێتە ناو هەر وەرزشێکی دیکەوە، کە چێژیان لێ وەردەگریت.

بەم کتێبە فشار دەخرێتە سەر گرنگیی پەیڕەوکردن و تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە یاساکانی تۆپی پێ. بۆیە گرنگە مرۆڤ بزانێت کاتێك بەشداری لە وەرشێکدا دەکات، یاساکانی قبووڵ بکات، هاوکات لەگەڵ دەرئەنجامە سەرەکییەکانی لەگەڵ بردنەوە، یان دۆڕان. دەستخۆشی لە وەرگێڕ و ئامادەکاری کتێبی (چۆن دەبیتە یاریزانێکی باش تۆپی پێ) و هەوراز کاوە دەکەین کە پێیدا چۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە. هیوادارین نووسەرانمان زیاتر بایەخ بە بابەتی نووسینی کتێب و بڵاوکراوە لەسەر وەرزش بدەن، تاکو کتێبخانەی وەرزشیی کوردستان دەوڵەمەندتر بکەن.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***




د. مەیادە نەجاڕ :



## فاکتەر و ئالنگارییەکانی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان



ئەژین ئیسماعیل :

## سوپاس بۆ خوا تا ڕاددەیەک توانیومە بە داهاتی کارەکەم بژێوی خۆم و خێزانەکەشم دەستەبەر بکەم

لەمیا جەمال :

## هونەر هۆکارێکە بۆ نزیکبوونەوەی نەتەوەکان



## پسپۆڕانی بواری پەروەردە خوێندنەوەی جیاواز بۆ خولی هاوینەی قوتابیان دەکەن




## یەکەمین گەنجی نمایشی فریستایڵی کورد



## کەمیی ڤیتامین D هۆکارە بۆ سەرئێشەی درێژخایەن




## ژیریی دەستکرد گرنگیی کاری وەرگێڕان ناهێڵێ



ئاکۆ بەهادین :

## داوام وایە بەجددی کار لەسەر هونەری جەنگیی موای تای بکرێت و ئاوڕ لە پاڵەوانە کوردەکان بدرێتەوە



حەوتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی



ڕۆژی ١١ی تەمووزی ٢٠٢٣، بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لیژنەی بازنەی گفتوگۆ حەوتەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا، لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی لیژنە (شڤان حەمدی و فەرهاد محەمەد) ئامادەبوون، چەندین پرسی تایبەت بە خەڵك و کۆمەڵگە تاتوتوێ کران و بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر خرایە ڕوو، یەکێك لەو پرسانەشی بووە جێگەی هەڵوەستەی کۆبوونەوەکە، گفتوگۆکردن لەسەر مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر بوو، کە هەست دەکرێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەران و تووشبووانی ماددەی هۆشبەر و ئالوودەبوون بەو ماددانە لەناو گەنجەکانی هەرێمی کوردستان بە هەر دوو ڕەگەزەوە (نێر و مێ) لە زیادبووندایە و هەروەها بازرگانییەکی ترسناکی هێنانە ناوەوە و دروستکردنی ماددەی هۆشبەر هەستی پێ دەکرێت، لە بەرانبەریشدا هەست بە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان ناکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستەجەمعی ڕووبەڕووی ئەم پەتا گەورەیە ببینەوە کە ماددەی هۆشبەر لە کوردستان دروستی کردووە.

بۆ ئەمە مەبەستە کۆبوونەوەکە بڕیاری دا:

١- ناونیشانی حەوتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ ببێتە «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی».

٢- لایەنە پەیوەندیدارەکان و پسپۆڕ و ئەکادیمیەکانی بواری یاسا و کۆمەڵناسی و دەروونناسی بانگهێشت بکرێن.

٣- تیمێکی ڕۆژنامەوانی ڕێك بخرێت، سەردانی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و دیدار و چاوپێکەوتن لە چوارچێوەی پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجام بدرێت، کە لە چاکسازییەکانی کوردستانن و بەکارهێنەر و ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون.

٤- لە ڕۆژی ٢٤ی تەمووز ئەم گفتوگۆیە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئەنجام بدرێت و لە ڕۆژی ٣١ی تەمووز پوختەی ئەم گفتوگۆیە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاو بکرێتەوە.

لیژنەی بازنەی گفتوگۆ دوای تەواوکردنی ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەسەر ئەو کەسانەی لە چاکسازییەکانی کوردستان لەسەر بەکارهێنان و ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون، هەروەها بانگهێشتکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پسپۆڕی ئەکادیمی بەم بوارە، ڕۆژی ٢٤ی تەمووز بە سەرکەوتوویی گفتوگۆکەی ئەنجام دا و ئەم بەڕێزانە بەشداری گفتوگۆکە بوون:

١- د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- مامۆستا جەلال خەیلانی، جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی لە کوردستان.

٤- دادوەر بەشدار مەجید، ئەندامی دەستەی مافپەروەرانی کوردستان.

٥- پ.د.یوسف حەمەساڵح مستەفا، پرۆفیسۆری دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەدین.

٦- د.ئیبراهیم ڕەمەزان، سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هوشیاری دژی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان.

٧- پ.د.تاڤگە عەباس بوستانی، مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین.

٨- دڵشاد ئەنوەر، توێژەر و تایبەتمەند لەسەر ماددەی هۆشبەر و ڕۆژنامەنووس لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا.

٩- د.محێدین حەسەن، مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین.


١٠- ئاشنا قادر، توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی فەرەنسی لەسەر عێراق.

١١- پەیام فەتحوڵا ڕەسووڵ، بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی.

١٢- شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.

١٣- پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.

١٤- فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.







### ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# لەگەڵ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر

بازنەی گفتوگۆ پێش ئەنجامدانی هەر ئەڵقەیەکی «بازنەی گفتوگۆ»، ڕاپرسییەك، یان ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە، داتا و ئامارەکان لەگەڵ ڕاپۆرتە مەیدانییەکان پیشانی ئامادەبووان بدرێت و، پاشان لەبەر ڕۆشنایی قسە و ڕای خەڵك ئاراستەی گفتوگۆکە دیاری بکرێت، بۆ ئەڵقەی ئەمجارە بازنەی گفتوگۆ «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» ڕاپۆرتێکی مەیدانیمان لەناو چاکسازییەکانی ژنان و نەوجەوانانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك ئەنجام دا و لەبەر هەستیاریی بابەتەکە تەنیا بەشێك لە قسەکانی چەند زیندانی بڵاو دەکەینەوە، کە بۆ ئەم ڕاپۆرتە قسەیان بۆ کردووین:

نەوجەوانێکی کوڕ خوار تەمەن ١٨ساڵ:

## هاوڕێکانم فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریان کردم و بە پێنج ساڵ زیندانی سزا دراوم

من لە ڕێگەی هاوڕێکانمەوە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووم و، بەر لەوەی دەستگیر بکرێم، بۆ ماوەی چوار ساڵ بە کارم هێناوە و ئالوودە بووم. سەرەتا هەستم بە جۆرێك لە خۆشی دەکرد، بەڵام دواتر وردە وردە هەستم کرد، کاریگەری لەسەر جەستە و دەروونم دروست کردووە، لەوانە خەوم کەم ببوو، لاواز بووم، حەزم لە خواردن نەمابوو، زۆر کەمم دەخوارد، لە کارکردن دوور کەوتبوومەوە، لە ناو خێزان و کەسوکار و خزمەکانم نامۆ بووم و حەزم دەکرد بە تەنیا بم، پەست و بێزارم بووم تاقەتی خۆشوشتن و پاك و خاوێنیشم نەمابوو.

من ئێستا لە چاکسازی بە پێنج ساڵ زیندانی سزا دراوم، زۆر زۆر پەشێمانم، بە هۆی گیرانی منەوە، خێزانەکەم تووشی کارەسات بووە و دایکیشم تووشی چەندین نەخۆشی بووە، پەیامی من بۆ گەنجان و نەوجەوانانی هاوتەمەنی خۆم ئەوەیە، دەزانم ئێستا بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ناویاندا زۆر بڵاو بووەتەوە، بەڵام تکایان لێ دەکەم، هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە دەست بۆ ئەو کارە هەڵەیە بەرن، کە من دەستم بۆ برد. ئەو کاتەی من بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بووم، دەچووم قەرزم دەکرد، یان لەم و لەو دەپاڕامەوە کە تۆزێك ماددەی هۆشبەرم بدەنێ، من لەو ڕێگەیە تووشی کاری خراپ نەبووم، بەڵام زۆر هەبوون بۆ پەیداکردنی ماددەی هۆشبەر پەنایان بۆ دزی و زۆر کاری خراپی دیکە بردووە. هەر بۆیە بەڵێنم داوە، دوای ئەوەی ماوەی سزادانەکەم تەواو کرد و گەڕامەوە ناو کۆمەڵگە، جارێکی دیکە هەڵەی پێشوو دووبارە نەکەمەوە. من لێرە لە چاکسازی فێری چەندین پیشەی باش بووم، وەك وەستای سپلیت، وەستای دیکۆر، هەروەها فێری ژەنینی ئامێری موزیکا بووم و ئێستا موزیکژەنێکی زۆر باشم، کە بەریش بووم بەردەوام دەبم.

ژنێک خۆی و هاوسەرەکەی لە زیندانەکانی چاکسازین:

## ئێمە قوربانیی ماددەی هۆشبەرین خێزانمان نەما و منداڵەکەشمان سەرگەردان بوو

من ئەمە دووەمین جارمە لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر زیندانی دەکرێم، جاری یەکەم بۆ ماوەی ١٢ مانگ لە چاکسازی بووم، بەڵام دوای ئازادبوونم دووبارە تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بوومەوە و دووبارە دەستگیر کرامەوە و نزیکەی دوو مانگە لێرەم.

من سەرەتا لە ڕێگەی هاوسەرەکەمەوە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووم، حەبی ترامادۆڵی دەدامێ وەك چارەسەری نەخۆشیی دەروونی، دواتر ماددەکانی دیکەی وەك کریستاڵمان بەکار دەهێنا.

لێرە گرنگە ئاماژە بەوە بکەم کە ماوەیەکی زۆر تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووم، ئێمە ئالوودە بووین و بە بێ ماددەی هۆشبەر هەڵناکەین، بەڵام حکومەت دەمانگرێت و دەمانهێنێت بۆ ئەم چاکسازییانە، پێش ئەوەی لێرە بەند بکرێین، من تەنیا مێردەکەمم دەناسی کە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام لێرە لەبری چارەسەر ئێمە خەڵکی دیکە دەناسین لەوانەی ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن و سەرەنجام دەبینە گرووپ و باندی گەورە، پێشتر من زۆر بە زەحمەت ماددەی هۆشبەرم دەست دەکەوت، بەڵام ئێستا بە ئاسانی دەستم دەکەوێت و تەنات بە خۆراییش دەمدەنێ. لە ئێستادا دوای ئەوەی ئەو خەڵکانەمان ناسی، هەست دەکەین ماددەی هۆشبەر زۆر لەناو ژناندا بڵاو بووەتەوە

ئێمە نەخۆشین و پێویستمان بە چارەسەرە، ماددەی هۆشبەر تێکەڵاوی خوێنمان بووە و دەبێت خوێنمان پاك بکرێتەوە، من پێمخۆشە لەم نەخۆشییە چاك ببمەوە و بگەڕێمەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆم، ئێستا بە هۆی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە خێزانەکەم دابڕاوم، لەگەڵ هاوسەرەکەم جیا بوومەتەوە و ئەویش لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گیراوە و سزا دراوە، لەم نێوەندا منداڵەکەم سەرگەردان بووە و ئێستا لای خەسووم پەروەردە دەکرێت.

**بە هۆی گیرانی منەوە، خێزانەکەم تووشی کارەسات بووە و دایکیشم تووشی چەندین نەخۆشی بووە**

**سەرەتا لە ڕێگەی هاوسەرەکەمەوە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووم، حەبی ترامادۆڵی دەدامێ وەک چارەسەری نەخۆشیی دەروونی، دواتر ماددەکانی دیکەی وەک کریستاڵمان بەکار دەهێنا**

**من تەنیا مێردەکەمم دەناسی کە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام لێرە لەبری چارەسەر ئێمە خەڵکی دیکە دەناسین لەوانەی ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن و سەرەنجام دەبینە گرووپ و باندی گەورە**



ئافرەتێکی تەمەن مامناوەند:

## دکتۆرێکی برادەرم بە نێرگەلە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری کردم

**ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە خێزانەکەم دابڕاوم، لەگەڵ هاوسەرەکەم جیا بوومەتەوە و ئەویش لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گیراوە و سزا دراوە**

من ئافرەتێکم خێزاندارم و هاوسەر و سێ منداڵیشم هەیە، ماوەی سێ مانگە لە چاکسازی زیندانیم و دوو جار بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کراوم، بەڵام هەتا ئێستا دادگایی نەکراوم.

من لە ڕێی دکتۆرێکی برادەرمەوە تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووم کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی. یەکەم جار پێکەوە نێرگەلەی کارەباییمان دەکێشا، هەستم کرد تامەکەی جیاوازە، لەوە گومانێکم بۆ دروست بوو، بەڵام قسەم نەکرد، پاش چەند ڕۆژێك هەستم کرد، جەستەم تێك چووە و ئازاری هەیە، دیسان دەستمان کردەوە بە نێرگەلەکێشان، کە دیار بوو بەبێ ئەوەی من بیبینم ئەو ماددەیەی تێ دەکرد، ئەو ماددەیە وای لێ دەکردم لای دکتۆرەکە بمێنمەوە، ئەمە لە کاتێکدا من هاوسەر و سێ منداڵیشم هەبوو، بە هەر حاڵ دوای ئەوەی ئەو سەفەری کرد و چووە دەرەوەی وڵات، منیش حەزم بۆ ماددەی هۆشبەر دەچوو و دەستم نەدەکەوت، بۆیە تەلەفۆنم بۆ کرد، ئەو ناونیشانی کەسێکی پێدام کە بچم بیناسم و پاشان ببێتە سەرچاوەی پەیداکردنی ماددەی هۆشبەر بۆ من، کە چووم ئەو کەسە ببینم، ئێمە هەردووکمان پێکەوە دەستگیر کراین، بەڵام هیچمان ماددەی هۆشبەرمان پێ نەگیرا.

لێرە لەم چاکسازییە ئافرەتی زۆر دەبینم، کە چەندین جار لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون و هەموو جۆرەکانی ماددەی هۆشبەریش بەکار دەهێنن، هەروەها پێشتر لە دەرەوە من بۆ گەڕان بە دوای ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرام، بەڵام لێرە خەڵکانێکم ناسیوە کە بە خۆڕایی ماددەی هۆشبەرم دەدەنێ ئەگەر بمەوێت، بۆیە تکام لە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بەتایبەتی ژنان ئەوەیە هەتا پێیان دەکرێت، خۆیان تێکەڵاوی ماددەی هۆشبەر نەکەن، ئەگەر خوانەخواستە تووش بوون، بە زوویی سەردانی دکتۆر بکەن و چارەسەری خۆیان بکەن، چونکە ئەگەر خوانەخواستە دەستگیر بکرێن، لە چاکسازی تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن.



**هاوکار عوسمان محەمەد ئەمین بەرپرسی بەدواداچووون و هەماهەنگی لە چاکسازیی هەولێر:**

# پشکنینی پزیشکی بۆ تووشبووانی ماددەی هۆشبەر دەکەین و بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین

سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنی چاکسازییەکان لەگەڵ سزادراون و ڕاگیراوان، بەرپرسی بەدواچوون و هەماهەنگی لە چاکسازیی هەولێر بەمجۆرە بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ قسەی بۆ کردین:

لێرە دوو جۆر زیندانیمان هەیە، هەندێکیان سزادراون و سزاکەیان دیارە و ماوەیەك لێرە دەمێننەوە، هەندێکیشان ڕاگیراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و پاشان دادگایی دەکرێن، بۆیە نازانین چەند لێرە دەمێننەوە.

سەبارەت بەوانەی تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرن، سەرەتا کە دێنە ئێرە لە «ڕاگیراو»، ڕایاندەگرین، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕەوانەی بنکەی تەندروستی دەکرێن و پشکنینی پزیشکییان بۆ دەکرێت، هەروەها پزیشکی دەروونی دەیانبینێت و ئەگەر پێویستیان بە دەرمان بێت، دەرمانیان پێ دەدرێت، ئەگەر پێویستیان بە دانیشتن و کۆرسی دەروونی هەبێت، بۆ یان دەکرێت، بەڵام ئەوانەی کە سزا دراون» ئەوجا لەسەر هەر تاوانێك سزا درابن، بە ماددەی هۆشبەریشەوە» کارێکی بە بەرنامە و ڕێکوپێکیان بۆ دەکەین.

هەوڵی یەکەمان ئەوەیە ئەگەر لە پرۆسەی خوێندن دابڕا بوو، بیخەینە بەر خوێندن، هەشیانە کە دەیهێننە ئێرە هەر خوێندەواریی نییە، ئەوانیش خولی خێرایان بۆ دەکەینەوە و فێری خوێندن و نووسینیان دەکەین. لە پاڵ ئەمەشدا ئێمە لێرە کۆمەڵێك خول و سیمینارمان هەیە کە بۆ نەوجەوانانی کوڕ و ژنانیش گرێی دەدەین بۆ ئەوەی هۆشیاریان بکەینەوە.

خولی تایبەتمان هەیە بۆ نەوجەوانانی کوڕان وەك خولەکانی فێرکردنی خەیاتی، ئاسنگەری، دارتاشی، بەستن و چاکردنەوەی سپلیت و ساردکەرەوەکان. هەروەها خولی دیکەشمان هەیە، وەك خولی فێربوونی زمان و میوزیك.

لێرە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەو هۆکارانە بکەین کە وادەکەن نەوجەوانان ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بن، هۆکاری یەکەم پەیوەندی بە خێزانەوە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو نەوجەوانە ئەزموونی نییە هەتا تاوان ئەنجام بدات، بەڵکو لەناو خێزانەکەی خۆی بینیویەتی و لاسایی دەکاتەوە، سەبارەت بە فێربوونی ماددەی هۆشبەریش بەپێی ئەو کەیسانەی لای ئێمەن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، بە زۆری لە ڕێگەی هاوڕێکانیانەوە فێر بوون و بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە بوون.

**لەم چاکسازییە ئافرەتی زۆر دەبینم، کە چەندین جار لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون و هەموو جۆرەکانی ماددەی هۆشبەریش بەکار دەهێنن**





# هێزی گفتوگۆی دروست و ڕاشکاوانە، لێکتێگەیشتن و هاریکاریکردن لەنێوان خەڵک و حکومەت دروست دەکات

**د.سالار عوسمان**

**بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**د.سالار عوسمان جیا لەوەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس و نووسەر و توێژەرێکی دیاری کوردستانە و، قەناعەتی بەوەیە کە خەمی سەرەکیی میدیا و ڕاگەیاندن دەبێت خەمی نیشتمان بێت و لە پەنجەرەی خەڵکەوە سەیری کۆی کێشەکانی کۆمەڵگە بکرێت و، بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی لە دەوری خەمەکانی خەڵك کۆبکرێنەوە و هەوڵ بدرێت کە هەموو پێکەوە بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە، بە دەستەجەمعی خەمی خەڵك بە خەمی خۆمان بزانین و پێکەوە بە یەکگرتوویی چارەسەری گونجا و بۆ کێشەکان بدۆزینەوە. لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارە «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی»، قسەکردن و گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە بۆ میوانەکان بەجێهێشت و پێی گوتن: «ئێمە حەزدەکەین گوێ لە داتا و زانیاری و پێشنیار و چارەسەرەکانی ئێوە بگرین»، بەڵام لە پەیڤێکی کورتدا بەمجۆرە باسی لە ئامانجەکانی بازنەی گفتوگۆ بۆ میوانەکان کرد:**

«خۆشحاڵین لە ئەڵقەیەکی دیکەی بازنەی گفتوگۆ پێکەوە گفتوگۆ لەسەر پرسێکی زۆر هەستیار دەکەین کە ئەویش «پرسی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی»یەتی، ئەم پرسە پێش ئەوەی بڵێم پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە ئاسایشی تاك بە تاك و پەیوەندی بە ئاسایشی تەواوی کۆمەڵایەتی ئێمەوە هەیە، ئەوجا لە حزووری ئێوەی پسپۆڕ و تایبەتمەند و پەیوەندیدار بەم پرسە هەستیارە، من قسەیەکم نییە بیکەم و حەز دەکەم گوێ لە پێشنیار و بۆچوون و زانیارییە بەرزەکانی ئێوە بگرین، بۆیە زیاتر لەسەر ئامانجی بازنەی گفتوگۆ قسە دەکەم.

ئەم بازنەی گفتوگۆیە کە مانگانە گفتۆگۆیەکی جددی لەسەر پرسێکی گرنگی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، ئامانجی سەرەکیی بازنەی گفتوگۆ ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەسەر خەمی خەڵك قسە بکەین و، پێشنیار

و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە، زۆر خۆشحاڵیشم لەم ئەڵقەیەدا بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە دەبینم و پێکەوە گفتوگۆ لەسەر خەم و ئاریشەکانی کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین.

نەریتی ئەم گفتوگۆیە بەو جۆرەیە، پێش ئەوەی ئێمە گفتوگۆ بکەین، راپرسییەك، یان راپۆرتێکی مەیدانی لەگەڵ خەڵك ئەنجام دەدەین و دوای نمایشکردنی داتا و قسەکانی خەڵك، ئینجا ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانەی ئامادە بوون، راستەوخۆ گفتوگۆی راشکاوانە لەسەر خەمەکانی خەڵك دەکەن، ئەمەش واتە «بازنەی گفتوگۆ» هەم خەم و نارەزاییەکانی خەڵك بە راستگۆیی بڵاو دەکاتەوە، هەمیش کۆمەڵێك راسپاردە و بۆچوون و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان بڵاو دەکاتەوە و دەیگەیەنێتە ئەو شوێنانەی کە ئێستا ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن، راشکاوانەتر ئامانجی بازنەی گفتوگۆ ئەوەیە ببێتە پانتاییەکی کراوە بۆ لێکتێگەشتنی نێوان خەڵك و دەستەبژێری نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە دەبێت و پێویستیشە ئێمە هاوکاریی حکومەتی خۆمان بکەین لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك و کۆمەڵگەدا.

لە شەش مانگی رابردوودا، گفتوگۆمان لەسەر شەش پرسی گرنگی کۆمەڵگە لە بازنەی گفتوگۆدا بەڕێوە بردووە، ئەو پرسە گرنگانەی گفتوگۆمان لەسەر کردوون، بریتی بوون لە «گەنج و رەخنە سیاسییەکانی، ئافرەت و رۆڵ و پێگەی لە کایەی سیاسیدا، ئینتیمای نیشتمانی پرس و گەنگەشە، میدیای کوردی قۆناغ و بەرپرسیاریەتی، خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، سەروەریی یاسا و ئاڵنگارییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا».

پوختەی گفتوگۆکانی ئەم شەش بازنەیەمان هەموو مانگێك لە گۆڤاری گوڵان بڵاو کردووەتەوە، ئێستاش دوای تەواوبوونی ئەو گفتوگۆیانە، کراوە بە دوو کتێب بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی، بۆ ئەوەی وەك دیکیۆمێنت و پێکەوە ئەو شەش پرسە گرنگە لەبەر دەستی خوێنەران و بەرپرسانی ئەم وڵاتە هەبن.

لێرەوە دەمەوێت هەڵوەستەیەکی جددی لەسەر بایەخ و گرنگیی گفتوگۆ بکەم. بە داخەوە لە کوردستان بە هۆی ململانێی ناتەندروستی سیاسی و لە یەکتری تێنەگەیشتن، بایەخی گفتوگۆ و بەرهەمداریی گفتوگۆ بە ئاراستەیەکی باش تێناپەڕێت، لەوانەیە ژینگەی سیاسی و پۆپۆلیستی کوردستان تا رادەیەکی گەورە نەیهێشتبێت گفتوگۆ ببێتە ئەو هێزەی کە ببێتە پشتگر و یاریدەدەر بۆ ئەوەی حکومەت و دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان باشتر بتوانن خزمەتی خەڵك بکەن، هێزی گفتوگۆ، لێکتێگەیشتن و هاریکاریکردن لە نێوان خەڵك و حکومەتی خۆی دروست دەکات، هەر بۆیە بیرمەندان رایان وایە هەموو سیستمێکی سیاسی «دیموکراتی پەرلەمانی» پێویستی بەوەیە لێکتێگەیشتن و هاریکاری لەگەڵ خەڵك دروست بکات، ئەم لێکتێگەیشتن و هاریکارییەش بە گفتوگۆ دروست دەبێت، بەرهەمی ئەم گفتوگۆیەش دەبێتە کۆمەڵێك راوێژی بە سوود کە حکومەت سوودی لێ وەردەگرێت، بۆیە ئەو بیرمەندانە پێیان وایە «ئەگەر سیستمی دیموکراتی پەرلەمانی نەگۆڕێت بۆ سیستمی دیموکراتی راوێژکاری، نە دەتوانرێت هەنگاو بۆ حوکمڕانیی باش هەڵبگیرێت، نە بڕیارەکانی حکومەتیش لە ئاستی خواستی خەڵك و داوکارییەکانی شەقام دەبێت».

لەبەر رۆشنایی ئەم ئاراستەیەی بازنەی گفتوگۆ کاری لەسەر دەکات، تکا و داوای من لە بەرێزتان ئەوەیە زۆر بە راشکاوی هەموو راستییەکان باس بکەن و خاترمان نەگرن، ئامانجمان ئەوەیە ئاکامی ئەم گفتوگۆیە ببێتە ئەو هێزەی بتوانین بەرەنگاری ئەو پرسە هەستیار و مەترسیدارە ببینەوە کە ئەمڕۆ گەنگەشەی لەسەر دەکەین، ئەویش پرسی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانییەتی.

قسەی کۆتاییم ئەوەیە کە بە ناوی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڤاڵانم لە بازنەی گفتوگۆ زۆر سوپاستان بکەین بۆ بەدەنگەوە هاتنی بانگهێشتنامەی ئێوەی بەرێز و هاتنتان بۆ بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە. دووبارە سوپاستان دەکەین.

**پرسی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی، پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە ئاسایشی تاک بە تاک و پەیوەندی بە ئاسایشی تەواوی کۆمەڵایەتی ئێمەوە هەیە**

**بە داخەوە لە کوردستان بە هۆی ململانێی ناتەندروستی سیاسی و لە یەکتری تێنەگەیشتن، بایەخی گفتوگۆ و بەرهەمداریی گفتوگۆ بە ئاراستەیەکی باش تێناپەڕێت**

**ئامانجی بازنەی گفتوگۆ ئەوەیە ببێتە پانتاییەکی کراوە بۆ لێکتێگەشتنی نێوان خەڵك و دەستەبژێری نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە لە بوارە جیاوازەکاندا**

**ئەگەر سیستمی دیموکراتی پەرلەمانی نەگۆڕێت بۆ سیستمی دیموکراتی راوێژکاری، نە دەتوانرێت هەنگاو بۆ حوکمڕانیی باش هەڵبگیرێت، نە بڕیارەکانی حکومەتیش لە ئاستی خواستی خەڵك و داوکارییەکانی شەقام دەبێت**





**د.سامان بەرزنجی**

وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# پێویستمان بە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، ئەم پرسە بەوە چارەسەر نابێت، ئەوانەی ئالوودە بوون، چارەسەریان بکەین و ئەوانەی تاوانی بازرگانی پێ دەکەن سزایان بدەین

**د.سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستییە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، لەگەڵ ئەوەی لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەتای کۆڤید ١٩ بڵاو بووەوە و هەرێمی کوردستانیش نە ئامادەباشیی پێشوەختی بۆ ئەم پەتایە هەبوو، نە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو ئیمکانیەتەی لەبەردەستدا بوو، کە وەك وڵاتان بودجەیەکی گەورە تەرخان بکات، بەڵام بە گەواهی دۆست و دوژمن وەزارەتی تەندروستی توانیی زۆر سەرکەوتووانە بە ئاستی ستاندەری جیهانی ئیدارەی ئەم پەتا گەورەیە بکات و هەرێمی کوردستان بپارێزێت، لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەریشدا، دیسان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەك سەرۆکی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دەستنیشان کراوە و ئەم ئەنجومەنە تەواوی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دامودەزگا و سەندیکاکانی تایبەت بەو پرسە لەخۆ دەگرێت، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» یەکێك لە بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە بوو، زۆر بە وردی باسی گرنگیی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ی تایبەت بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان کرد و هەروەها هەڵوەستەی لەسەر ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانە کردەوە کە ئەنجومەنی باڵا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەڵیگرتوون.**

پرسی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان، پرسێکی لە ڕادەبەدەر گرنگە و پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە لەم لایەنەوە دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەی بۆ ئەم پرسە گرنگ و هەستیارە تەرخان کردووە و کۆمەڵێك لایەنی بەرپرس و ئەکادیمی کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین.

سەرەتا دەمەوێت باسی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بکەم، ئەم یاسا لە چوارچێوەی ٥٠ ماددەدا داڕێژراوە و لە ڕۆژنامەی وەقایعی

هەرێمی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

بەپێی ئەم یاسایە ماددەی هۆشبەر بەسەر چەند جۆرێکدا پۆلێن کراون بەمجۆرە: بەشێکی لایەنی تەندروستی و چارەسەرکردنی ئەو خەڵکانەیە کە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن، بەشێکی پەیوەندی بە چاندنی ئەم ماددەیە هەیە وەك ڕووەك، بەشێکی دیکەی وەك ماددەی خاو بازرگانی پێ دەکرێت و لە پیشەسازیدا بەکار دەهێندرێت. شێوازی بەکارهێنانی ئەم مادادنەش بەشێکی لە بواری پزیشکی بۆ چارەسەر بەکاردەهێنرێت، بەشێکی دیکەش لەلایەن خەڵکەوە خراپ بەکار دەهێنرێت و پێی ئالوودە دەبن، یان هەندێك کەس تاوانی بازرگانیی ماددەی هۆشبەر دەکات، ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشی تێدایە، هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوەشی پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە «حکومی و ناحکومی» هەیە.

بۆ دروستکردنی ئەم هاریکاری و هەمانگییە بەپێی ماددەی ٣ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، ئەنجومەنێکی باڵا لە حکومەتی هەرێم دامەزراوە، کە تیایدا وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و بەشێك لە سەندیکاکان بەشدارن، هەروەها ئەنجومەن هاریکاری لەگەڵ هەر لایەنێکی دەرەوەی حکومەتیش دەکات، ئەگەر بابەتەکە پێویستی بوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایە ڕێنمایی ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٢٣ دەرکراوە کە بریتییە لە ١٥ ماددە، بەم مادانە وردەکاریی جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر ڕێك خراوە، هەروەها لەلایەن وەزارەتی داراییشەوە ڕێنمایی ژمارە ٢ دەرچووە کە تایبەتە بە کردنەوەی سندوقێك، ئەم سندوقە ئەو پارانە کۆدەکاتەوە کە وەك سزا لەو کەسانە دەسێندرێت کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەکەن، لە سنوورەکان و لەدادگانیش ئەم پارەیە بەکار دەهێنرێتەوە بۆ خەرجییە تایبەتییەکانی چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە ئێمە پێویستمان بە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم پرسە بەوە چارەسەر نابێت، ئەوانەی ئالوودە بوون چارەسەریان بکەین و ئەوانەی تاوانی بازرگانی پێ دەکەن، سزایان بدەین، بەڵکو پێویستمان بەوەیە کە ڕێگە نەدەین خەڵك ئالوودە بێت و ڕێگری لەو ڕێگایەنەش بکەین کە تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەری پێ ئەنجام دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ لیژنەی باڵا ستراتیژییەکی نیشتمانیی زۆر گشتگیریان ئامادە کرد و لە ڕۆژنامەی وەقایعی هەرێم بڵاو کراوەیە، بەپێی ئەم ستراتیژە نیشتمانییە پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانیی درێژخایەن و بەردەوام بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە نێوان سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دروست بکرێت، ئەم گفتوگۆیەی ئێستامان کە کۆمەڵێك لایەن پێکەوە کۆبووینەوە و گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە دەکەین، خۆی بەشێکە لەو ستراتیژە، گرنگیشە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئەم ستراتیژە چاپ بکات و بە فراوانی بڵاوی بکاتەوە.

- دەرخستەیەکمان ئامادە کردووە بە بڕی ٨ ملیار دینار و داومانە بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دوای تەرخانکردنی ئەو بودجەیە دەست بکەین بە دروستکردنی سەنتەرێك بۆ چارەسەرکردن و شیاندنەوەی ئەو کەسانەی بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە بوون و جارێکی دیکە تێکەڵاوی کۆمەڵگە ببنەوە، بۆ ئەمەش سوودمان لە ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر وەرگرتووە، بەتایبەتی وڵاتی ئوردن، بەڵام ئێمە چاوەڕێی تەرخانکردنی ئەو بودجەیەشمان نەکرد و بڕیارمان دا هەر ئەمساڵ سەنتەرێك بۆ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەولێر بکەینەوە و لە داهاتوودا لە سلێمانی و دهۆکیش دەیکەینەوە، ئەم سەنتەرە لە قوتابخانەیەك و بنکەیەکی تەندروستی پێکهاتووە لە نزیکی شەقڵاوەیە و بەشی چارەسەری پزیشکییەکەی سەر بەوەزارەتی تەندروستییە و بەشی شیاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە، ئێستا لە قۆناغی ئەوەداین توێژەری کۆمەڵایەتیی بۆ دابمەزرێنین و پاشان لەلایەن پسۆڕانەوە مەشق و

**پێویستمان بەوەیە کە ڕێگە نەدەین خەڵک ئالوودە بێت و ڕێگری لەو ڕێگایەنەش بکەین کە تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەری پێ ئەنجام دەدەن**

**پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانیی درێژخایەن و بەردەوام بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە نێوان سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دروست بکرێت**

**دەرخستەیەکمان ئامادە کردووە بە بڕی ٨ ملیار دینار و داومانە بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دوای تەرخانکردنی ئەو بودجەیە دەست بکەین بە دروستکردنی سەنتەرێک بۆ چارەسەرکردن و شیاندنەوەی ئەو کەسانەی بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە بوون**





**ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە تاوانبارانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر و تاوانبارانی دیکە جیا دەکرێنەوە**

**زۆر جار دادوەرە بەڕێزکان ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دەنێرن بۆ پزیشکی دادوەری، بۆ ئەوەی ئاستی ئالوودەبوونەکەی دەستنیشان بکات، بە تایبەتی ئەوانەی تاوانیان ئەنجام داوە**

**دەبێت میدیا و ڕاگەیاندن زۆر هاوکار و هەماهەنگ بن لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و دەبێت لەگەڵ سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هەروەها وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت کە پەیوەندیدارن بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هاوکار هەماهەنگ بن**

ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و دەست پێ دەکەین، ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر وەك نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە تاوانبارانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر و تاوانبارانی دیکە جیا دەکرێنەوە.

- لەگەڵ سەندیکای پزیشکی درافتی ڕەچەتەی پزیشکیی تازە دروست کراوە، بۆ ئەوەی لەلایەن پزیشکەکان و دەرمانخانەکانەوە بەکار بهێنرێت و، بەبێ ڕەچەتە دەرمان بە هاووڵاتی نەدرێت، بەتایبەتی هەندێك دەرمان و شرووب کە بە مەبەستی خراپ بەکار دەهێنرین.

- لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەر بە ئەنجومەنی وەزیران هەماهەنگیمان کردووە، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی نیشتمانی بکەین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم وەزارەتانە تەندروستی، پەروەردە، ڕۆشنبیری و لاوان، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، فەرمانگەی میدیا و زانیاری، پێکەوە هەماهەنگ دەبن بۆ سەرخستنی ئەو هەڵمەتە.

- لە ئێستادا لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان نەخۆشخانەی دەروونیمان هەیە، لەم نەخۆشخانانە بەشی تایبەت بە تووشبووان و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر هەیە، لەو سەنتەرانە نۆرینگەی تایبەت هەیە و ڕۆژانە پزیشکی پسپۆڕ خۆبەخشانە ئەو نەخۆشانە دەبینێت، یان لەلایەن دامودەزگاکانی ئاسایشەوە دەنێردرێن، کۆرسی چارەسەریان بۆ دادەنرێت، لە هەمانکاتیشدا هەفتانە پزیشکی دەروونیی پسپۆڕ سەردانی چاکسازییەکان دەکات و تووشبووان و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دەبینێت و چارەسەریان دەکات.

- هەماهەنگیی تەواو لە نێوان دادگاکانی هەرێمی کوردستان و پزیشکی دادوەری هەیە، زۆر جار دادوەرە بەڕێزکان ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دەنێرن بۆ پزیشکی دادوەری، بۆ ئەوەی ئاستی ئالوودەبوونەکەی دەستنیشان بکات، بەتایبەتی ئەوانەی تاوانیان ئەنجام داوە.

لەم لایەنەوە ئەگەر بەراوردی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵی بکەین، لە ساڵی ١٩٦٥ یاسای ژمارە ٨یان هەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و لە ٢٠١٧ش یاسای ژمارە ٥٠یان بۆ هەمان مەبەست دەرکرد، لە کاتێکدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێش ساڵی ٢٠٢٠ یاسامان هەبوو، نەك ڕێنمایی، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا توانرا لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەنجومەنی باڵای بەرەنگابوونەوەی ماددەی هۆشبەر دابمەزرێت و بە ڕێکوپێکی کۆبوونەوەکانی خۆی بکات و ڕێنمایی دەربکات و دەست بەکارەکانی بکات، بەڵام لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ ئەوەی شەش ساڵ بەسەر یاسای ژمارە ٥٠ تێدەپەڕێت هەتا، ئێستا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووە و کۆبوونەوەیەکیان نەکردووە.

لە دوماهیدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی میدیا و ڕاگەیاندنەوە زۆر باس لە کارەسات و مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڵام بەراورد بە وڵاتانی دیکە بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ناتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە





ئەو ئاستەی لەژێر کۆنترۆڵ دەرچوویێت و نەتوانین کۆنترۆڵی بکەینەوە. بۆیە ڕاسپاردەی من بۆ ئەم گفتوگۆیە و میدیا ئەوەیە کە دەبێت میدیا و ڕاگەیاندن زۆر هاوکار و هەماهەنگ بن لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و دەبێت لەگەڵ سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هەروەها وەزارەت و دامودەزگانی حکومەت کە پەیوەندیدارن بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هاوکار هەماهەنگ بن، دەبێت مامەڵەی دروست لەگەڵ زانیارییەکان بکرێت و، زانیارییەکان بەو ئاراستە و مەبەستە گەورە نەکرێت، کە متمانە لەناو کۆمەڵگە نەمێنێت. هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پشتیوانیی هەموو سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەستی پێ کردووە و، ئامانجی سەرەکیی حکومەت ئەوەیە کە پێش ئەوەی خەڵك تووشی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر بێت و پێش ئەوەی تاوانی بارزگانی بە ماددەی هۆشبەر ئەنجام بدرێت، ئەو ڕێگایانە هەموویان بگرین و خەڵك وەك ئەرکێکی نیشتمانی کە دەکەوێتە سەر شانی، بەشدار بێت و هاوکاریی حکومەتی خۆی بکات، لە هەمان کاتدا دەبێت یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر زۆر بە توندی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین ئەم دیاردە ترسناکە لە کوردستان بڵاو ببێتەوە.

ماوەتەوە بڵێم ڕاستە وەزیری تەندروستی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە، بەڵام ئەنجومەنەکە سەر بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە و وەزیرێك سەرۆکایەتیی ئەو ئەنجومەنە دەکات بۆ ئەوەی کارەکانی ئەم ئەنجومەنە بباتە ناو ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەرنا ئەوەی لەو پرسەدا دەبێتە ئەرکی وەزارەتی تەندروستی، تەنیا لایەنی چارەسەرکردنی تووشبووان و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەرەکانە، بە گرنگی دەزانم دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە گەورەکردنی مەترسیی ماددەی هۆشبەر زیاد لە قەوارەی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی حکومەت لەم پرسە گرنگە دروست دەکات و ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگە دروست دەکات و ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێك دەدات و متمانە نامێنێت.

**گەورەکردنی مەترسیی ماددەی هۆشبەر زیاد لە قەوارەی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی حکومەت لەم پرسە گرنگە دروست دەکات و ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگە دروست دەکات**



**مامۆستا جەلال خەیلانی**

**جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان:**

# ئایینی پیرۆزی ئیسلام ماددەی هۆشبەر لە عەرەق زیاتر بە حەرام دەزانێت، بەڵگەشمان لەبەر دەستە کە ماددەی هۆشبەر لە عەرەق حەرامترە

**مامۆستا جەلال خەیلانی، جیا لەوەی جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستانە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە زانا و مامۆستا دیارەکانی کوردستان و، خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانەی نیشتمانی و نەتەوەییە و بڕوایەکی گەورەی بە لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان هەیەو، بەردەوام هەوڵی داوە ئەم ڕووە گەشەی پێکەوە ژیان لە کوردستان بپارێزێت، لەم گفتوگۆیەدا سەبارەت بە زیانەکانی ماددەی هۆشبەر بە دەقی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) چەندین بەڵگەی گرنگی سەبارەت بە حەرامبوونی ماددەی هۆشبەر خستەڕوو.**

سەرەتا پێویستە دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم کە ئەم پرسە هەستیارەی «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» خستووەتە بەر گەنگەشەی جددی و بایەخی پێ داوە و، من هەوڵ دەدەم لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە باس لە مەترسی و خراپیی ماددەی هۆشبەر بکەم.

لە سەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێت «ماددەی هۆشبەر» بوونی نەبووە، بۆیە لە قورئاندا تەنیا باسی خواردنەوەی کهولی «عەرەق» کراوە و بە دەق لە قورئاندا هاتووە و دەفەرموێت «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ» ئەمەش واتە ئەی ئیمانداران لە خواردنەوەی عەرەق و قومار و بتپەرستی و فاڵچێتی دوور بکەونەوە کە لە کردەوەی شەیتانن، ئومێد دەکەین سەربکەون».

هەروەها هەندێك دەڵێن لە قورئاندا بەدەق نەهاتووە کە خواردنەوەی کهولی «خەمر» حەرام کرابێت، بەڵام لە قورئاندا لە حەرام گەورەتر هاتووە، ئەویش کردەوەی پیسی شەیتانە، بۆیە دەبێت لێی دوور بکەونەوە.

لە سەرەتای سەدەی ٦ی کۆچی ئەو مادانەی پێی دەڵێن «ماددەی هۆشبەر» پەیدا بوون و بە چەندین ناوی جیاواز ناو دەبران، وەك «خواردنەوە، حەب، بۆنکردن»،

گومانی تێدا نییە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ماددەی هۆشبەر لە عەرەق زیاتر بە حەرام دەزانێت، بەڵگەشمان لەبەر دەستە کە ماددەی هۆشبەر لە عەرەق حەرامترە.

ئێوە و هەموو لایەك دەزانن کە خواردنەوەی عەرەق تەنیا لەناو دەوڵەتانی ئیسلامی و موسڵمانان حەرامە، بەڵام ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی هەموو جیهان بە قاچاغ دادەنرێت و هەوڵەکان چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی قەدەغە بکرێت، هەروەها ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەر دیاری کراوە.

ئەوجا لێرەوە بۆ ئەوەی ئەو بەڵگانە بخەمە ڕوو کە ئایینی ئیسلام ماددەی هۆشبەر حەرام دەکات، ئەوا ئاماژە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکەم کە دەفەرموێت: «كل مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وكل مُسْكِرٍ حرام، ومن شرب الخمر في الدنيا فمات وهو يُدْمِنُهَا لَمْ يَتُبْ، لَمْ يَشْرَبْهَا في الآخرة» ئەمەش فەرموودەیەکی سەحیحە و پێمان دەڵێت، هەر شتێك هۆش ببات عەرەقە و هەموو عەرەقێکیش «خەمر» حەرامە. هەروەها بە دەقیش لە قورئاندا هاتووە کە دەفەرموێت «وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَي التَّهْلُكَةِ»، واتە بە دەستی خۆتان خۆتان مەخەنە نارەحەتییەوە». پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ماددەی هۆشبەر چی بە سەر مرۆڤ دەهێنێت کە مرۆڤ بە دەستی خۆی بەسەر خۆی دەهێنێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: پێش هەموو شت زیانێکی زۆر گەورە لە خانەکانی مێشکی دەدات، بیرکردنەوەی تێکدەچێت و شتی لەبیر نامێنێت، بەردەوام پەست و خەمبارە، لە خێزانی خۆی دادەبڕێت و شیرازەی خێزانەکەی تێکدەچێت، کە ئەمانە هەمووی لەو کەسانە ڕوودەدات کە بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە دەبن، بە دەستی خۆی بەرەو مردن دەچێت، کە ئەمەش گوناهە و پەروەردگار دەفەرموێت «لَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ» واتە خۆ مەکوژن، بە ڕاستی ئەو کەسەی پەنا بۆ ماددەی هۆشبەر دەبات، بە دەست و پارەی خۆی پێش هەموو شت دەروونی خۆی دەکوژێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئالوودە بوو بە ماددەی هۆشبەر لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی ڕووخاوە، مرۆڤایەتی و ئاکاری باش و بەهای خۆی لە دەست دەدات.

ماددەی هۆشبەر لە چەندین ڕووەوە زیانی گەورەیان هەیە، پێش هەموو شت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو کەسەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبێت، خێزانەکەی خۆی لە دەست دەدات و شیرازەی خێزانەکەی تێکدەچێت و وەك بێگانە مامەڵە لەگەڵ خێزانەکەی دەکات و، حاڵەتی جیابوونەوە ژن و پیاو زۆر دەبێت و منداڵەکانیان سەرگەردان دەبن، هەورەها لە ڕووی ئابوورییەوە نابووت دەبێت و تەنانەت زۆر جار بۆ پەیداکردنی پارە بۆ ئەوەی ئەو ماددەیەی پێ بکڕێت، پەنا بۆ کاری خراپ و دزی دەبات، لە ڕووی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە ماددەی هۆشبەر بە مەترسییەکی زۆر گەورە دەزانم، ئەمە لەبەر ئەوەیە ئەو کەسانەی ئالوودە دەبن، بەتایبەتی توێژی گەنجەکان، زۆر شت لەدەست دەدەن، کە ئێمە وەك نەتەوەی کورد زۆر پێویستمان پێیەتی ئەویش خۆشەویستیی خاك و نیشتمانە، ئەوانەی ئالوودە دەبن، خۆشەویستیی خاك و نیشتمان لە دەست دەدەن، ئەوەی لایان گرنگ نەبێت، هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاکە، بۆیە زۆر بە ئاسانی ئامادەیی تێدا دەبێت کە گەورەترین سیخوڕی و ناپاکی بکات، بۆ ئەوەی ئەو ماددە هۆشبەرەی دەست بکەوێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و خەڵك لەسەر مەترسیی ماددەی هۆشبەر دەبێت هەڵمەتێکی ڕۆژانە بێت لە هەموو ڕاگەیاندنەکان و سوشیال میدیاکانی کوردستان، چونکە ئەو گەنجەی تووشی ماددەی هۆشبەر دەبێت، لە ڕێگەی هاوڕێکەیەوە تووش بووە و دەبێت بەردەوام هوشیار بکرێتەوە.

زۆر گرنگە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە کە دەبێت لەم پرسە گرنگەدا هاوکاری حکومەتی خۆمان بین، دوایین داواشم لە حکومەتی خۆمان و بەڕێز وەزیری تەندروستی کە لەگەڵمان بەشدارە ئەوەیە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بە توندی جێبەجێ بکەن و خاتر و خۆتری بۆ هیچ کەس تێدا نەبێت.

**خواردنەوەی عەرەق تەنیا لەناو دەوڵەتانی ئیسلامی و موسڵمانان حەرامە، بەڵام ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی هەموو جیهان بە قاچاغ دادەنرێت**

**ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەر دیاری کراوە**

**ئەو کەسەی پەنا بۆ ماددەی هۆشبەر دەبات، بە دەست و پارەی خۆی پێش هەموو شت دەروونی خۆی دەکوژێت**

**ئەو کەسانەی ئالوودە دەبن، بە تایبەتی توێژی گەنجەکان، زۆر شت لەدەست دەدەن، کە ئێمە وەك نەتەوەی کورد زۆر پێویستمان پێیەتی ئەویش خۆشەویستیی خاك و نیشتمانە**

**هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و خەڵك لەسەر مەترسیی ماددەی هۆشبەر دەبێت هەڵمەتێکی ڕۆژانە بێت لە هەموو ڕاگەیاندنەکان و سوشیال میدیاکانی کوردستان**





**دادوەر بەشدار مەجید**

**ئەندامی دەستەی مافپەروەران:**

# دەبێت زۆر جەخت لەسەر پەرەپێدان و بایەخدان بە تاکەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی بە ئاستێک هوشیار بن کە خۆیان ڕێگە نەدەن ئەم پەتا پیسەی ماددەی هۆشبەر بڵاو ببێتەوە

**دادوەر بەشدار مەجید، لەگەڵ ئەوەی ئەندامی دەستەی مافپەروەرانی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ساڵانێکی زۆر دادوەری لێکۆڵینەوە بووە و کاری لەسەر ئەو زیندانییانە کردووە کە لەسەر بەکارهێنان و تاوانی بازرگانیی ماددەی هۆشبەر زیندانی کراون، خاوەنی ئەزموونێکی گرنگیشە لە داواکاریی گشتی و بەتایبەتی لەو پرسانەی کە دەبنە هۆکاری مەترسی لەسەر ئاسایشی هاووڵاتیان و ئاسایشی نیشتمانی، لەم گفتۆگۆیەدا وەك مافپەروەرێك بەمجۆرە مەترسی و ڕەهەندە ترسناکەکانی ماددەی هۆشبەری خستەڕوو.**

لەگەڵ ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا من تەنیا وەك ئەندامی دەستەی مافپەروەران قسە دەکەم، بەڵام ئەزموونی ١٦ ساڵم لە بواری لێکۆڵینەوەم لەگەڵ ئەو خەڵکانە هەیە، کە لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی کراون، بۆیە من بڕوام بە دادگای تایبەت نییە، بەڵام گرنگە دادوەری تایبەتمەندمان هەبێت و خاوەنی ئەزموونێکی گەورە بێت لەگەڵ ئالوودەبووان و تاوانبارانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر.

ئەوەی بەپێی ئەزموونی خۆم تێبینم کردووە، ئەگەر ماددەی هۆشبەر لەلایەن ئەو خەڵکانەی تاوانی بازرگانیی ئەو مادانە دەکەن بۆ بازرگانی و دەسکەوتنی پارە بێت، ئەوا ئەوەی من دەیبینم لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە ئەو ماددە هۆشبەرانە دەهێنرێنە کوردستان بۆ ئەوەیە هەستی نیشتمانیی تاکی کورد بکوژن و جارێکی دیکە ئەو تاکە لە دژی نەتەوەکەی خۆی بەکاربهێنرێتەوە، بۆیە لای من مەترسیی ماددەی هۆشبەر «ئەنفالێکی سپی»یە دژی نەتەوەکەمان پیادە دەکرێت.

مامۆستا جەلال خەیلانی زۆر جوان ئەوەی خستە ڕوو کە ماددەی هۆشبەر زۆر لە خواردنەوە کهولییەکان حەرامترە، بۆیە لەو قسەیەوە دەمەوێت بڵێم، خواردنەوەی کهولی تەنیا کەسەکە سەرخۆش دەکات، بەڵام بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کەسەکە سەرشۆڕ دەکات، هیچ بەهایەکی نیشتمانی لا نامێنێت، بەهای خێزانی لا نامێنێت، زەمینەی ئەوەی بۆ خۆش دەکات کە ناپاکی لەگەڵ

وڵاتەکەی خۆی بکات، بۆیە وەك مامۆستاش جەختی لەسەر کردەوە، ماددەی هۆشبەر لە هەموو حەرامەکانی دیکە ترسناکترە.

پێش چەند ساڵێك لە یەکێك لە زانکۆکانی هەرێم بابەتێکم لەسەر ماددەی هۆشبەر پێشکەش کرد، ئەو کات تازە ماددەی کریستاڵ هاتبووە هەرێم، ئەو کات کوردستان تەنیا ڕێرەو و ترانزیت بوو بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر، بەڵام بەداخەوە ئێستا بووەتە بەکاربەر. لەو کۆڕەدا داوام لە ئامادەبووان کرد کە چوونەوە ماڵەوە سەیری بەفرگر (سەلاجە و موجەمیدە)کانتان بکەن، بزانن گلۆپەکانیان ماون، یان لێ کراونەتەوە. گوتم: ئەگەر لێ کرابوونەوە، چاودێریی گەنجەکانتان بکەن، چونکە ئەوانەی دەگیران لەسەر بەکارهێنانی کریستاڵ، دەچوون گلۆپی بەفرگرەکانیان لێ دەکردەوە و قەیدەکەی پشتەوەیان لێ دەکردەوە و بە قەڵەم جافێك کریستاڵەکەیان دەخستە ناو ئەو گلۆپانە و دەیان سووتاند، بۆ ئەوەی هەموو دووکەڵەکەی هەڵبمژن. پاش ماوەیەك چەند ئامادەبوویەك تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان گلۆپی بەفرگرەکانمان لێ کراونەتەوە، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین زۆر لەوانەی تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبن، لە ڕێگەیەی هاوڕێیەکی خراپەوە تووش دەبن، ئینجا هەندێك هەن پەروەردەی خێزانەکەیان ڕاستە و لێی دوور دەکەونەوە، هەندێکیش هەن تووش دەبن و دوایی ئالوودە دەبن، بۆیە ئالوودەبوو بە ماددەی هۆشبەر تاوانبار نییە، بەڵکو نەخۆشە و دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت ژینگەیەکی وای بۆ دروست بکرێت، کە دووبارە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە، نەك لەسەر ئەوەی گەنجێك یەك جار ترامادۆڵی خواردووە، بخرێتە زیندانەوە و پاش ئەوەی لە زیندان فێری هەزار جۆری دیکەی ماددەی هۆشبەر دەبێت، ئەمجارە ئەفیون، یان مۆرفین بکێشێت.

ئەگەر بێینە سەر ئەو یاسایەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە عێراقدا هەبووە (یاسای ژمارە ٦٨ی ساڵی ١٩٦٥)، بەڕاستی هەندێك بڕگەی هەیە تەنیا وشەیە و هیچی دی. بڕگەیەك لە ماددەی ١٤ی ئەو یاسایە دەڵێت: بۆ دادوەر هەیە لەبری ئەوەی تۆمەتبار بە تایبەتی ئەوانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، بخاتە زیندانەوە و بیاننێرێت بۆ سەنتەری تایبەت «المصحات الخاصة»، ئایا کەس گوێی لێ بووە لە عێراقدا ئەم سەنتەرە تایبەتانە بوونیان هەبێت؟ ئەمەش مانای ئەوەیە تۆ یاسایەك دەردەکەیت، بەڵام ڕێگەش نادەی ئەو سەنتەرانە دروست بکرێت.

سەبارەت بە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٢٠ی هەرێمی کوردستانیش، دەبێت زەمینەی ئەوەی بۆ بڕەخسێندرێت، بۆ ئەوەی دادوەرەکان بتوانن لە دادگاکان جێبەجێی بکەن، ئێستا لە دادگاکان یاسایەك کاری پێ دەکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ماددەی هۆشبەر، یاسایەکی تازەیە و هەندێك کێشە بۆ بەشێك لە دادوەرەکان دروست بووە، بەتایبەتی ئەو دادوەرانەی تازەن، یان تایبەتمەند نین لەسەر ماددەی هۆشبەر لە هەندێك دەقی ماددەکانی یاساکە بە باشی تێ ناگەن، ئەوەش کێشەیەکە و دەبێت چارەسەر بکرێت.

لێرەوە دەمەوێت هەڵوەستە لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی بکەم، کە بە هەنگاوێکی زۆر گرنگی دەزانم، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و هەروەها بونیادنانەوەی وڵاتەکەشمان، عەرەب قسەیەکی هەیە دەڵێت: «تبنی اولادك لا تبنی لاولادك» ئەمەش واتە ڕۆڵەکانتان بە باشی پەروەردە بکەن، بینایان دروست مەکەن، سەرنج بدەن پەروەردەی دروستی ڕۆڵەکانی خستووەتە پێش ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئەمەش لەبەر ئەوەی بونیادنانەوەی ئاوەدانکردنەوەی بەردەوامی وڵات پێویستی بە پەروەردەیەکی دروستی ڕۆڵەکانمان هەیە، ئەم پەرەپێدان و بایەخدانە بە سەرمایەی مرۆیی بەردی بناغەیە بۆ پێشکەوتنی وڵات و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان، لەم پرسەشدا کە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی هەیە، دەبێت زۆر جەخت لەسەر پەرەپێدان و بایەخدان بە تاکەکانمان بکەین و، دەبێت بە ئاستێك هوشیار بن کە خۆیان ڕێگە نەدەن ئەم پەتا پیسە بێتە وڵاتی ئێمە، نەك ئالوودە بن و هەوڵی چارەسەر کردنیان بدەین.

**گرنگە دادوەری تایبەتمەندمان هەبێت و خاوەنی ئەزموونێکی گەورە بێت لەگەڵ ئالوودەبووان و تاوانبارانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر**

**لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە ئەو ماددە هۆشبەرانە دەهێنرێنە کوردستان بۆ ئەوەیە هەستی نیشتمانیی تاکی کورد بکوژن**

**خواردنەوەی کهولی تەنیا کەسەکە سەرخۆش دەکات، بەڵام بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کەسەکە سەرشۆڕ دەکات، هیچ بەهایەکی نیشتمانی لا نامێنێت**

**ئالوودەبوو بە ماددەی هۆشبەر تاوانبار نییە، بەڵکو نەخۆشە و دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت ژینگەیەکی وای بۆ دروست بکرێت، کە دووبارە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە**



**پ.د.یوسف حەمەساڵح مستەفا**

پرۆفیسۆری دەروونزانی لە زانکۆی سەڵاحەدین:

# ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە دەبن هیچ ئینتمایەکیان نامێنێت، نە بۆ خاک، نە بۆ نیشتمان، تەنانەت بۆ خێزانەکەی خۆشیان

**پ.د.یوسف حەمەساڵح پرۆفیسۆری دەروونزانییە لە زانکۆی سەڵاحەدین، ساڵی ١٩٧٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی دەروونزانی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و، لە ساڵی ١٩٩٠ ماستەری لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە و ناونیشانی ماستەرنامەکەی «مامەڵەی دایک و باوک و پەیوەندیی بە ڕێزگرتن لە خۆت لای نەوجەوانانی باوکدار و بێ باوک» بووە و لە ساڵی ١٩٩٨ دکتۆراکەی لە هەمان زانکۆ بە ناونیشانی «جیاکاریی دەروونی و پەیوەندیی بە کۆنترۆڵی خود و هەستکردن بە شوناس لای نەوجەوانان» وەرگرتووە، لەمەش زیاتر بەشداری لە چەندین کۆڕ و کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە و خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستیی گرنگە، کە لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاو کراونەتەوە، تا ئێستاش سەرپەرشتیی ٨٥ نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرای کردووە، جگە لە توێژینەوەکان بایەخێکی زۆری بە لایەنی دەروونیی توێژی گەنج و باری دەروونیی نەوجەوانان داوە، کە ئەم توێژەش هەستیارترین توێژی کۆمەڵگەن و لووتکەی هێزی کۆمەڵگە پێک دەهێنن، هەر بۆیە ئەگەر توانا و هێزی ئەم گەنجانە ئیفلیج کرا، ئەوا کۆمەڵگە هیچ ئایندەیەکی نابێت، لەم گفتوگۆی «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» بەم جۆرە لەسەر باری دەروونیی گەنج و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر زانیاری خستە ڕوو.**

پرسی ماددەی هۆشبەر پرسێکی جیهانییە و پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکانەوە، دەبێت ئێمەش زۆر بە هوشیارییەوە ئامانجمان ئەوە بێت کە ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین، لەبەر ئەوەی دیاردەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا لە ڕێگەی وڵاتانی دەوروبەرمانەوە پلانی بۆ دادەنرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان لەناو ببەن و ئیفلیجی بکەن، بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بۆ ئیفلیجکردنی توانا و هێزی توێژی گەنجە، کە ئەم توێژە لووتکەی هێزی کۆمەڵگەیە، ئەگەر ئەم هێزە نەما، واتە ئەو کۆمەڵگەیە ئایندەی نابێت و دەبێت دەستی لێ بشۆین،

لێرەوە من لە ئایندەی کۆمەڵگەی خۆمان دەترسم، بۆیە دەبێت زۆر هۆشیار بین.

ئەگەر لێرەوە بپرسین: ئایا وڵاتان هەوڵیان داوە بە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتیکی دیکە بخەنە مەترسییەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: بەڵێ، بەریتانیا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە چین ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانی چینی ئیفلیج کرد، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، دەزگای هەواڵگریی موساد چەندین تیمی جیاوازی دەناردە ئەڵمانیا و لە ناو ئەڵمانیا ماددەی هۆشبەریان بڵاو دەکردەوە، بۆ ئەوەی توانای گەنجەکانیان ئیفلیج بکات و جارێکی دیکە نەتوانن بیر لە شەڕ بکەنەوە. لە مێژوودا ئەم نموونانە زۆرن، بۆیە دەبێت زۆر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارە بکەین.

بێگومان پرسەکە تەنیا پلانی دەرەکی نییە، بەڵکو هۆکاری ناوخۆش هەیە کە دەبنە هاندەر بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکان لای گەنج «بێکاری و بۆشاییە»، لە دەروونزانیدا ڕەچاوی یاسایەك دەکرێت، ئەمەش جیاوازیی تاکێتییە، بۆیە کاتێك دەڵێم «بێکاری و بۆشایی» هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوە و ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، مەبەستم هەموو گەنجێك نییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن، بێکارن، کە بێکار بوون، کاتی بەتاڵیان زۆر دەبێت، ئەمەش وا دەکات لە پێگەی کۆمەڵایەتی کەم ببێتەوە، کە هەستی کرد، پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دابەزیوە، لەوانەیە تووشی گۆشەگیری و نامۆبوون ببێت، ڕاشکاوانەتر بڵێم، گەورەترین کاریگەریی دەروونی لەسەر ئەو گەنجەیە کە کەم دەرامەتە، کە ناتوانێت خێزان دروست بکات، ئەمەش وا دەکات، هیچ پابەندبوون و ئینتیمایەکی نەمێنێت، بۆیە ئامادەیی تێدا دروست دەبێت کە بێڕێزی بە خۆی و بەرانبەریشی بکات، چاوەڕێی ئەوەش ناکات، خەڵك ڕێزی بگرێت، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك لای ئەو شوورەیی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ماددە هۆشبەرەش دابین بکات، ئامادەیە بە درۆ بێت، یان بە دزی، هەموو کارێکی خراپ بکات.

وەك مامۆستایەکی دەروونزانی هەتا ئێستا سەرپەرشتیی ٨٥ تێزی ماستەر و دکتۆرام کردووە، کە بەشێك لەو تێزانە لەسەر کێشەکانی لاوان و نەوجەوانان بووە، بە ڕاستی توێژینەوەکان دەریانخستووە، گەنجی ئێمە هەست دەکەن، نادادپەروەری هەیە، هەست دەکەن، هەلی یەکسان بۆ گەنجان نییە، هەستی جیاوازیان هەیە لە نێوان خۆیان و کوڕە دەوڵەمەندێك، یان بەرپرسێك بێت، بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەو هەستەی کە پێی وایە نادادپەروەری هەیە، وا لە گەنجەکە دەکات، بگاتە ئەو ئاستەی کە ئێمە لە بواری دەروونزانی توێژینەوەمان لەسەر کردووە «هەستکردن بەوەی جیهان زوڵمت لێ دەکات»، بۆیە ئەو گەنجە هەست دەکات جیهان زوڵمی لێ دەکات، جیهانی ئەو گەنجە کێیە، ئەم کۆمەڵگەیەیە، حکومەتە، ئەو خێزانەیە کە لەگەڵی دەژی، ئەوجا کە هەستی بەم زوڵمە کرد، لەوانەیە دەست بداتە زۆر شتی خراپیش کە یەکێك لەو شتە خراپانە بابەتە هۆشبەرەکانە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ئەویش بە هۆکاری سەرەکی دەزانم، بوونی گەندەڵییە کە ڕێگرە لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی پڕۆژە گەورەکان، بۆیە ئەگەر بە تەواوەتی ئازادی بدەین بە پڕۆژە گەورەکان و بیرۆکراسییەت کەم بکەینەوە، ئەو پڕۆژانە بۆ کۆمەڵگە بەسوودن و دەبنە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان، هەر بۆ نموونە: سەرمایەدارێك دێت دەیەوێت بە ملیۆنان دۆلار پڕۆژەیەك دروست بکات، لەولاوە کەسێکی تۆزێك دەستڕۆیشتوو دێت و دەبێتە هاوبەشی، ئەمەش وای کردووە کە سەرمایەدارەکانی ئێمە نەوێرن سەرمایەکانیان بخەنە گەڕ، بۆیە گرنگە کۆنترۆڵی ئەم دیاردە خراپانە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانێت پڕۆژەی زۆر باش جێبەجێ بکات و گەنجەکانیشمان سوودمەند بن.

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، کە گەنج لووتکەی هێزی وزەی کۆمەڵگەیە، باشە

**بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا لە ڕێگەی وڵاتانی دەوروبەرمانەوە پلانی بۆ دادەنرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان لەناو ببەن و ئیفلیجی بکەن**

**گەنجی ئێمە هەست دەکەن، نادادپەروەری هەیە، هەست دەکەن، هەلی یەکسان بۆ گەنجان نییە، هەستی جیاوازیان هەیە لە نێوان خۆیان و کوڕە دەوڵەمەندێک، یان بەرپرسێک بێت**

**ئێمە سوپایەک لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەمان هەیە و ساڵانەش زۆرتر دەبن، ئەم گەنجانە هیچیان دانەمەزراون و بێکارن، نە پارەیان هەیە نە شوێنێکیان بۆ پیادەکردنی چالاکییەکانیان هەیە**



ئەگەر ئەم هێزە بۆ کار و پڕۆژەی باش بەکار نەیەت، ئەوا ئەو وزەیە هەر دەبێت بەکار بێت، ئەمەش وادەکات بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی بەکار بهێنرێت، هەر بۆ نموونە با سەیری دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان بکەین، ئێمە سوپایەك لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەمان هەیە و ساڵانەش زۆرتر دەبن، ئەم گەنجانە هیچیان دانەمەزراون و بێکارن، نەپارەیان هەیە نە شوێنێکیان بۆ پیادەکردنی چالاکییەکانیان هەیە، لە بەرانبەریشدا ئەم هەموو کافتریایە هەیە، کە هەموویان نێرگەلەی تێدا دەکێشن و گەنجەکان ناچارن بچنە ئەو کافتریایانە، ئەمەش زەمینەیەك دروست دەکات، بۆ ئەوەی گەنجەکە تووشی کێشانی نێرگەلە ببێت و نیرگەلەکانیش مادده و شتی جۆراوجۆری تێدەکرێت، بۆ ئەوەی سبەینێش گەنجەکە بچێتەوە هەمان کافتریا، دەڵێن، هەندێك جار ماددەی سەیر دەکەنە ناو نێرگەلەوە بۆ ئەوەی هۆشبەر بێت، ئەمانە هەمووی ئاسانکارین بۆ تووشبوونی گەنج، بۆیە دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت و ڕێگە لەو ئاسانکارییانە بگیرێت.


■

**هەندێک جار ماددەی سەیر دەکەنە ناو نێرگەلەوە بۆ ئەوەی هۆشبەر بێت، ئەمانە هەمووی ئاسانکارین بۆ تووشبوونی گەنج، بۆیە دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت و ڕێگە لەو ئاسانکارییانە بگیرێت**

خاڵێکی دیکە بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا گەندەڵی و قاچاخچێتیی خاڵە سنوورییەکانە، هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەوانەیە هەندێك بەرپرسی ئەم وڵاتە ئاسانکاری بۆ ئەو قاچاخچییانە بکەن، کە تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەکەن، پرسی ماددەی هۆشبەر دەبێت لەم لایەنەشەوە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت کە بازرگانییەکە قازانجەکەی پارەیەکی زۆرە و باس لە ملیۆنەها و ملیارەها دەکرێت، هەندێك باندی جیهانی کە بازرگانی بە هۆشبەرەکانەوە دەکەن، خاوەنی ملیارەها دۆلارن، هەر بۆ نموونە ئۆسکوپار کە دوایی خۆی کوشت ١٠٠ ملیار دۆلاری لە دوای خۆی بەجێ هێشت، کە بارزگانێکی ماددەی هۆشبەر بوو، هەروەها بازرگانێکی دیکەی ماددەی هۆشبەر (یاکوزار)ـە لە ژاپۆن سەرمایەکەی ٨٠ ملیار دۆلارە، ئەو گرووپەی پێیان دەگوترێت «برایانی هەتاو» لە ڕووسیا سەرمایەکەی ٨,٥ ملیار دۆلارە، کامۆرا لە ئیتالیا سەرمایەکەی ٤,٩ ملیار دۆلارە، ئەمەش واتە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە بازرگانییەکی ترسناکەوە هەیە، پرسێکی زۆر موغرییە، خەڵك ڕادەکێشێت بۆ گەندەڵی، بۆیە دەبێت ئێمە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە تەماشای پرسی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی بکەین، ئەمەیە ئەو پرسیارە دەورووژێنێت، چۆن ئەم هەموو مادده هۆشبەرە لە سنوورەکانەوە دێنە کوردستانەوە؟

■

**هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەوانەیە هەندێک بەرپرسی ئەم وڵاتە ئاسانکاری بۆ ئەو قاچاخچییانە بکەن، کە تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەکەن**



ئەگەر لێرەدا چەند پێشنیارێك بخەمە ڕوو، ئەم خاڵانە ئاماژە پێ دەکەم:



- ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە بوون، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ڕابکێشرێن و بەکاربهێنرێن بۆ ئەو مەبەستەی خۆت دەتەوێت، تەنانەت دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ تیرۆر، بۆ ناو گرووپە تیرۆریستەکانی وەك داعش، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەسی ئالوودەبوو هیچ ئینتیمایەکی نامێنێت، نە بۆ خاك، نە بۆ نیشتمان، تەنانەت بۆ خێزانەکەی خۆیشی.

- ئەگەر باس لە چارەسەرەکان بکەین، چارەسەر زۆرە، بەڵام وەك لە زانستی دەروونزانی باس دەکرێت، کێشەکان بە قسە و ئامۆژگاری چارەسەر نابن، هەموو ڕۆژێکی هەینی بە سەدان ئامۆژگاری دەدرێت و قسەی باشیش دەکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە ڕێوشوێنی کرداری بگرینە بەر، زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەست بە مەترسیی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر بکات.

- زۆر گرنگە خاڵە سنوورییەکان کۆنترۆڵ بکرێن، کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی سنوورێك بۆ هێنانە ناوەوەی ئەو هەموو مادده هۆشبەرانە دابنێین، کە کارەسات بۆ کۆمەڵگەی ئێمە دروست دەکات.

- زۆر گرنگە کۆمەڵێك سەنتەری چالاکیی بەسوود دابمەزرێت، سەنتەرەکانی (کۆمەڵایەتی، فیکری، ڕۆشنبیری، هونەری) لە شارەکاندا بۆ گەنجەکان زیاد بکەین، بەتایبەتیش لە شارێکی گەورەی وەك هەولێر کە پایتەختی کوردستانە، ئەگەر ئەم سەنتەرانە هەبن، گەنجەکان بەو شێوە ڕوو لە کافتریاکان ناکەن، کە ڕووشیان تێ نەکرد، ناکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ئاسانکارییەی بۆ گەیشتن بە ماددەی هۆشبەر کە لە ئارادان .

- زۆر گرنگە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پەلە بکەن لە کردنەوەی سەنتەری چارەسەرکردنی ئالوودەبووان، ڕاستە بەنیازن سەنتەرێك بکەنەوە، بەڵام لەچاو ئەو ژمارە زۆرەی ئالوودەبووەی هەمانە، سەنتەرێك زۆر کەمە، ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووی دەروونزانیمان هەیە، ئەو دەرچووانە دەتوانن خولی تایبەتییان بۆ بکەنەوە و زۆر بە باشی دەتوانن لەم پرسەدا هاوکاریی حکومەتی خۆیان بکەن، بۆ ئەمەش گرنگە هانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بدەن، بۆ ئەوەی ئەو خولانە بکەنەوە، کە تێیدا هەوڵ بدرێت ئاستی هوشیاریی گەنج بەرز بکرێتەوە دژ بە ماددەی هۆشبەر، گرنگە ئێمە جەخت لەسەر هەستیاریی دەروونیی گەنج بکەینەوە و وایان لێ بکەین، ئەگەر بیەوێت پەنا بۆ ماددەی هۆشبەر ببات ١٠٠ جار بیر بکاتەوە و خۆی لەو مەترسییانە بپارێزێت.

**ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە بوون، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ڕابکێشرێن و بەکاربهێنرێن بۆ ئەو مەبەستەی خۆت دەتەوێت**

**کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی سنوورێک بۆ هێنانە ناوەوەی ئەو هەموو مادده هۆشبەرانە دابنێین**





**د.ئیبراهیم ڕەمەزان**

سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دژی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان:

# دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بارەی مەترسیی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان، زۆر پێویستن

**د. ئیبراهیم ڕەمەزان ئیبراهیم، مامۆستایە لە زانکۆی سەڵاحەدین و پسپۆڕە لە زانستی مایکرۆبایۆلۆجی و بڕوانامەی ماستەی لە وڵاتی بەریتانیا وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەشی پێشکەشی زانکۆی سەڵاحەدین کردووە، لە بواری بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەریش، هەر خۆی دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دژی ماددەی هۆشبەرە لە کوردستان و ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە کار لە بواری هۆشیارکردنەوەی خەڵك دەکات، سەبارەت بە مەترسیەکانی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە، لە گفتوگۆی «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» بەمجۆرە سەبارەت بە مەترسیی ماددەی هۆشبەر لەسەر تاك و کۆمەڵگە و وڵات، بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.**

جێگەی ستایشە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەستی داوەتە سەر وروژاندنی بابەتێکی زۆر هەستیار، ئەم بەڕێزانەی لێرە گفتوگۆ دەکەن، هەموویان تایبەتمەند و پەیوەندیدارن بە پرسی «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی»، من هەوڵ دەدەم لەسەر لایەنی هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر هەڵوەستە بکەم، لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان بە دروستی لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر تێبگەن.

بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی ئاماژە بە هەندێك زانیاری دەکەم، بەوەی کە ماددەی هۆشبەر هەڕەشەیەکی ستراتیژیی فرەڕەهەندە، لە هەندێك کاتدا، ڕوویەك لە ڕووەکانی دیکەی زیاتر بەرجەستە دەبێت، نە تەنیا ئاسایشی تاك، بەڵکو ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاسایشی بوون و مانەوەی کۆمەڵگەش دەخاتە مەترسییەوە، ئاڵۆزیی ئەم هەڕەشەیە کاتێك ڕوونتر دەردەکەوێت، کە ڕەهەندی گلۆباڵی و لایەنە سیاسی و کەلتوورییەکانی بخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە.

لەم ڕاستەوە ئەگەر سەیری کاریگەریی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان بکەین، دەبینین ماددەی هۆشبەر لە کوردستان وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی جددی و تازە

دەرکەوتوون، ئەم کێشەیە کاری کردووەتە سەر ژمارەیەکی زۆری گەنجی ئالوودە بوو، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە و لە ئاکامی کارلێکردن لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بۆ نموونە جیابوونەوەی خێزانی، پەنابردن بۆ خۆکوشتن، لادانی سێکیسی، هەڵاتن لە ماڵو... هتد، بووەتە هەڕەشەیەك کە مەترسییەکی گەورە لەسەر بونیادی کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت.

بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر ڕەهەندێکی گلۆباڵی وەرگرتووە و لە ئێستا بووەتە سێهەمین بازرگانی دوای بازرگانیی «چەك و نەوت» و ساڵانە داهاتی ئەم بازرگانییە زیاتر لە ٧٠٠ ملیار دۆلارە. بەپێی دوایین ئامارەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددەی هۆشبەر و تاوان «UNODC» لە ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن ئالوودەبوو بە ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا هەبوون، کە ئەم ڕێژەیە ئێستا لەوانەیە دوو هێندە زیاتریش بێت.

کەواتە ئەگەر لەم ڕەهەندە گلۆباڵییەوە سەیری دەرهاویشتە نەرێنییەکان و ئاستی هەڵکشانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر بکەین، ئەوا هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو نەخشە جیهانییە و زیاد لەمەش بە هۆی پێگە جیوپۆلیتیکییەکەی بووەتە ڕێڕەوێك بۆ ترانزیت و گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر و هەروەها بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەریش لە هەرێمەکەدا، کە ئێستا مەزندە دەکرێت ژمارەی بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە نێوان ٥٠٠٠٠-١٠٠٠٠٠ بەکارهێنەر بن.

ئەم ئامارە بۆ هەرێمێك کە ژمارەی دانیشتووانی ٥-٦ ملیۆن کەسە، ئاماژەیەکی ترسناکە، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩١ تەنیا یەك کەسیش بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر نەبووە، بۆیە ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ماددەی هۆشبەر و قاچاغی پێوەکردنی بووەتە بازرگانییەکی ژێرزەمینی و نادیار و خەریکە دەبێتە تەنگژەیەکی دیاری ناو کۆمەڵگەی ئێمە و، لەگەڵ ئەوەی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٢٠ لە پەرلەمان دەرچووە و ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دامەزراوە، بەڵام هەڵکشانی داتاکان هەموومان ڕادەچڵەکێنێت، بۆ نموونە لە پێنج ساڵی ڕابردوو تەنیا ٣٦٠ کەس لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراوبوون، بەڵام لە ١١ی مانگی حوزەیرانی ڕابردوو تەنیا لە ئاسایشی هەولێر ٢٢٢٩ کەس دەستگیر کراون، جێگەی داخە ئاسایشی سلێمانی ئامارەکانی دەستگیرکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر ڕاناگەیەنێت.

بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر پێویستی بە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی هەیە، ئەم ستراتیژە نیشتمانییە پێویستی بەوەیە پلان و ستراتیژەکان بۆ ئاسایشی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر یەك بخەین و، ڕێگە لە قاچاخچێتی سەرسنوورەکان بگرین، بەڵام بەداخەوە نەبوونی ئەم پلان و ستراتیژە هاوبەشە و نەبوونی یەکڕیزی و یەك ئیدارەیی لە کوردستاندا بووەتە هۆکاری ئەوەی نەتوانین وەك پێویست ڕووبەڕووی ئەم پەتا گەورەیە ببینەوە کە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە و، ئەو پیلانەی کە دەوڵەتانی دەوروبەر بە مەبەست دایانڕشتووە و، بە بەرنامە کاریان لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی کوردستان بکەنە زۆنی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و خەریکە دەگاتە ئەو قۆناغەی کە بەرنامەیان بۆ دانابوو.

لایەنێکی مەترسیداری دیکەی ئەم پرسە، ئەوەیە کە گەنجەکانی ئێمە هەم بە ئاسانی دەستیان دەگاتە ماددەی هۆشبەر، هەمیش دەتوانرێت بە ئاسانی دروست بکرێت، بۆیە لە ئاستی ئەم دیاردە مەترسیدارە، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین: ئایا بەرنامەی ستراتیژیمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر تا چەند سەرکەوتوو بووە؟ کێشەکە ئەوە نییە بەرنامە و ستراتیژمان هەیە، یان نە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە تا چەند ئەو بەرنامە و ستراتیژەی ئێمە بە کردەیی جێبەجێ کراوە و سەرکەوتوو بووە، لەم ڕووەوە بە ڕاستی من زۆر گەش بین نیم لە بەرانبەر ئەو هەڵکشانە خێرایەی لە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا دەیبینم، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و ئەو وەزارەتە پەیوەندیدارانەی ئەندامن لە ئەنجومەنی باڵا هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین سنوورێك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم پەتایە دابنێین.

گرنگە بە ڕاشکاوی دەست بخەینە سەر

**ماددەی هۆشبەر لە کوردستان وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی جددی و تازە دەرکەوتوون، ئەم کێشەیە کاری کردووەتە سەر ژمارەیەکی زۆری گەنجی ئالوودە بوو، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە**

**بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر ڕەهەندێکی گلۆباڵی وەرگرتووە و لە ئێستا بووەتە سێیەمین بازرگانی دوای بازرگانیی «چەک و نەوت» و ساڵانە داهاتی ئەم بازرگانییە زیاتر لە ٧٠٠ ملیار دۆلارە**

**لە پێنج ساڵی ڕابردوو تەنیا ٣٦٠ کەس لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرابوون، بەڵام لە ١١ی مانگی حوزەیرانی ڕابردوو تەنیا لە ئاسایشی هەولێر ٢٢٢٩ کەس دەستگیر کراون**



**جێگەی داخە ئاسایشی سلێمانی ئامارەکانی دەستگیرکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر ڕاناگەیەنێت**

**نەبوونی یەکڕیزی و یەک ئیدارەیی لە کوردستاندا بووەتە هۆکاری ئەوەی نەتوانین وەک پێویست ڕووبەڕووی ئەم پەتا گەورەیە ببینەوە کە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە و، ئەو پیلانەی کە دەوڵەتانی دەوروبەر بە مەبەست دایانڕشتووە**

**ڕاستە ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای زۆر باشمان هەیە، ڕێنمایی زۆر جوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دەرچوون، بەڵام ئەم یاسا و ڕێنماییانە پێویستیان بەوەیە بە جددی جێبەجێ بکرێن**

برینەکان، ڕاستە ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای زۆر باشمان هەیە، ڕێنمایی زۆر جوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دەرچوون، بەڵام ئەم یاسا و ڕێنماییانە پێویستیان بەوەیە بە جددی جێبەجێ بکرێن، پرسەکەش تەنیا ئەوەندە نییە کە تەنیا بە پرسی ئاسایش و دادگا و چاکسازییەکانەوە گرێی بدەینەوە، بە پێچەوانە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، پرۆسەیەکی گشتیگری هەمە لایەنە و هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و پێویستی بە ڕوانگە و ستراتیژیەتێکی درێژخایەنی بەردەوام هەیە، هەنگاوی یەکەم هەماهەنگی و هاوکاریکردنی کۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام ئەگەر ڕاشکاوانە بدوێین، بۆ ڕاپەراندنی ئەم هەڵمەتە نیشتمانییە کەمتەرخەم بووین لە ماوەی ١٠-١٢ ساڵی ڕابردوو ئەم لایەنە فەرامۆش کراوە و هیچ هەوڵێکی بۆ نەدراوە، بۆیە دەبێت لە ئێستادا خەمێکی جددی لەم پرسە بخۆین و دەست پێ بکەین.

گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین، خۆمان ئەو ئەزموونانە دیراسەت بکەین و سوودی لێ وەربگرین، وڵاتانی پێشکەتوو زۆر بایەخ بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی خۆیان دەدەن، ئەمەش بەو مانایەی هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە پێش تووشبوون و ئالوودەبوون ڕێگاکان لە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر بگرن، پێش ئەوەی ئەو ماددە هۆشبەرانە بێنە ناو وڵاتەکە، سنوورەکانی خۆیان توندوتۆڵ بکەن، لەوانەیە لەم دوو خاڵەدا هەرێمی کوردستان کەموکورتیی زۆری هەبێت، چونکە کێشەکە بەوە چارەسەر نابێت، ئێمە بێین بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر بکەین و لەگەڵ تاوانبارانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر و تاوانەکانی دیکە بیانخەینە زیندانەوە، ئەم مامەڵەی ئێمە نەك هەر ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر ناکات، بەڵکو خودی زیندان و چاکسازییەکان دەبنە ناوەندێك بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێشنیاری من ئەوەیە پێش هەموو شت دەبێت، بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر، لەناو سەنتەری چارەسەر شیاندنەوەیان بۆ بکرێت و، وەك نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و هەوڵ بدەین، دوای چارەسەرکردنیان دووبارە تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێنەوە. لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە هەوڵ هەیە بۆ دامەزراندنی ئەو سەنتەرە لە هەولێر و دواتریش لە سلێمانی و دهۆك، بەڵام ئەم هەنگاوانە دەبێت پەلەی تێدا بکرێت، ناکرێت بەکارهێنەر و ئالوودەی ماددەی هۆشبەر لەگەڵ تاوانبارانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر، تیرۆریست، بکوژ، دز و.. هتد، لە یەك زیندانـدا زیندانی بکرێن.

لەوانەیە قسەکانم هەندێك ڕەشبینی پێوە دیار بێت، بەڵام مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەر کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بە ئاسایش و بوونی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەمەش واتە ناسنامە و بەها و پێوەرەکانی کۆمەڵگەیەك کە مانەوە و بوونی ئەو کۆمەڵگەیە دەسەلمێنێت، ڕاشکاوانەتر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە سەرووی ئاسایشی نەتەوەییشەوەیە، بۆیە دەبێت بگەینە ئەو قەناعەتەی مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر خێراترین و جددیترین هەڕەشەیە لەسەر بوونی نەتەوەیی ئێمە و ئەم پرسەش تەنیا بە قسەکردن و ڕێنمایی چارەسەر نابێت و، دەبێت هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە، بە حکومەت و وەزارەت و دامودەزگاکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و هاووڵاتیان هەموو پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بن، بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر ئەم پەتا ترسناکەدا سەر بکەوین.

بۆ ئەمەش ئەم ڕاسپاردانە دەخەمە ڕوو:

١- زامنکردنی جێبەجێکردنی کارای پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان .

٢- دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی یاسای بەرکار لە هەرێمدا.

٣- توندکردنی چاودێری لەسەر کردارەکانی بە قاچاخبردنی ماددەی هۆشبەر لە ڕێی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم.

٤- گرتنەبەری سزای قورس دەرهەق بە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر.

٥- هەماهەنگیکردن لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە تاوان و ماددەی هۆشبەر.

٦- دامەزراندنی سەنتەرە تەندروستییەکانی



تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالوودەبووەکان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

٧- دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بارەی مەترسیی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

٨- پەرەپێدانی دامەزراوەکانی تایبەت بە نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

٩- جیاکردنەوەی بازرگانانی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازییەکاندا.

١٠- دروستکردنی دامەزراوەکان لە نێو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ زامنکردنی ئەحکامەکانی یاسا.

١١- گرتنەبەری ڕێکارەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

١٢- دیاریکردنی ڕێکاری تایبەت بە ڕەچەتەی پزیشکان و فرۆشتنی ماددە، یان کارتێکەرە عەقڵییەکان لەلایەن دەرمانسازەکانەوە.

١٣- پێویستە وەك نەخۆش مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەردا بکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری دەروونی و پزیشکییان بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان.

١٤- نابێت وەك زیندانی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەردا بکرێت.

١٥- دووبارە ئامادەکردنەوە و ڕاهێنانی پزیشك و دەرمانساز و فەرمانبەران و هاندانیان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان و گەڕاندنەوەی توانای تەواوی تەندروستییان لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە.

١٦- تێکهەڵکێشکردنی پرسەکانی پەیوەست بە زیانەکانی ماددەی هۆشبەر لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

١٧- پەرەپێدانی پلانی خۆپارێزی بۆ لایەنە جیاوازەکان.

١٨- پەرەپێدانی پلانەکانی پرۆگرامەکانی ئامادەکردنەوە.

١٩- پاڵپشتیکردنی بایەخپێدەران و تایبەتمەندان و ئاراستەکردنەوەیان بۆ کاری دیراسەت و توێژینەوە.





**پ.د.تافگە عەباس بوستانی**

**مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین:**

# پێویستە ئەو ماددە یاساییەی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەموار بکرێتەوە کە دەڵێت: «بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بە سزادان بە لەسێدارەدان، یان زیندانی هەتا هەتایی سزا دەدرێن»، بگۆڕێت بە «بە سزادان بە لەسێدارەدان سزا دەدرێن»

**پ.د. تاڤگە عەباس بوستانی، مامۆستای یاسایە لە زانکۆی سەلاحەدین، پسپۆڕە لە یاسای تاوانی (القانون الجنائي)، بەشێك لە دکتۆرانامەکەشی تایبەت بووە بە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر وەك تاوانێك کە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە، هەروەها یەکێکە لەو ئەکادیمییە چالاکانەش کە جیا لەوەی چەندین توێژینەوەی گرنگی هەیە، بە دەیان سیمینار و کۆڕی لەسەر بەکارهێنەران و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و تاوانەکانی دیکەی کۆمەڵگەی پێشکەش کردووە، لە گفتوگۆی ئەمجارە «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی»، جیا لەوەی کە زۆر بە وردی ڕەهەندە یاساییەکانی ئەم بابەتەی خستە ڕوو، لە هەمان کاتدا چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی گرنگیشی پێشکەش کردین.**

پرسی ماددەی هۆشبەر و بازرگانی پێکردن و ئالوودەبوونی، پرسێکی جیهانییە و زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەدەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنن.

دەوڵەتی عێراق کە ئێمەش بەشێکین لەو دەوڵەتە، هەتا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە خاوێنترین دەوڵەت لە ماددەی هۆشبەر دادەنرا، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

١- یاسای ژمارە ٦٨ ی ساڵی ١٩٦٥ کە تایبەت بوو بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، یاسایەکی زۆر توند بوو، ئەم یاسایە تا ساڵی ٢٠١٧ جێبەجێ دەکرا، لە ساڵی ٢٠١٧ یاسای ژمارە ٥٠ دەرچوو و جێگەی ئەم یاسایەی گرتەوە.

٢- کۆنترۆڵێکی تەواوی هەموو سنوورەکان کرابوون، بە جۆرێك کەس نەیدەتوانی ماددەی هۆشبەر بێنێتە ناو وڵات، ئەگەر حاڵەتێکی قاچاخچێتیش هەبوایە، ئەوە زۆر دەگمەن بوو.

بەڵام ئێستا ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوێمان لێی دەبێت، ئەوەمان پێ دەڵێن کە بەداخەوە خەریکە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە عێراق و هەرێمی کوردستان

دەبێتە دیاردەیەکی ترسناك، بۆیە دەبێت ئێمە بە زووترین کات بە دوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە.

من لە بەشێکی نامەی دکتۆراکەمدا باسی تاوانی بازرگانیکردنم بە ماددەی هۆشبەر کردووە، ئەم تاوانە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە و یەکێکە لەو تاوانانەی کە پرەنسیپی پسپۆڕی جیهانی (مبدأ الاختصاص العالمي)ی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، بە پێی ماددەی (١٣)ی یاسای سزادانی عێراقی، ئەمەش بەو مانایەی هەر کەسێك بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر بکات و بیگوازێتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و لە هەر شوێنێك دەستگیر بکرێت، ئەوا بە یاسای ئەو وڵاتە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا یاسای ژمارە ٦٨ی ساڵی ١٩٦٥ یاسایەکی زۆر باش بوو، لەبەر ئەوەی (بازرگانیکردن، چاندن، دروستکردن، مامەڵەپێکردن) بە ماددەی هۆشبەر، بە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە قەڵەم دەدرێت و سزاکەی لەسێدارەدانە، بەڵام لە یاسای ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠١٧ی حکومەتی عێراق و یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ی حکومەتی هەرێم، ئەم ماددەیە کراوە «بە سزادان بە لەسێدارەدان، یان زیندانی هەتا هەتایی»، من پێموایە نەدەبوو ئەم ماددەیە بگۆڕدرایە و دەبوو لە سێدارەدان بۆ بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بمابایە و جێبەجێش بکرایە.

خاڵی کەموکورتی لە یاسا کۆنەکەی عێراقدا ئەوە بوو کە تەنیا ئەو ماددانە بە ماددەی هۆشبەر لە قەڵەم دەدران، کە لە چوارخشتەی یاساکە پۆلێن کرابوون، بەڵام هەندێك ماددەی دیکە هەبوون وەك بەرێزانیش ئاماژەیان پێ کرد، وەك (ئارتین، سۆمادرین، ترامادۆڵ، ئەلەرمین، توسیرام، کەپتاگۆن، سیکۆتین و...هتد)، ئەمانە پێشتر بە ماددەی (سەرخۆشبوون) سزا دەدران، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئەمەی چارەسەر کرد و بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و حەوت جۆری دیکەی بە ماددەی هۆشبەر لە قەڵەم دا.

لە ساڵی ٢٠١٨ پێش ئەوەی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٢٠ دەر بچێت، من لە یەکێك لە چاکسازییەکان سیمینارێکم لەسەر یاسای ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق بۆ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر پێشکەش کرد، لەم سیمینارەدا باسی بڕگە و ماددەکانی یاسا ژمارە ٥٠ی عێراقم دەکرد، کە بە چ شێوەیەك بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر سزا دەدرێن، یەکێك لە ئالوودەبووانی ناو سیمینارەکە پێی گوتم: «ئێمە تاوانبار نین، ئێمە نەخۆشین و پێویستە چارەسەر بکرێین»، لە ناو ئالوودەبوواندا هەبوو دەیگوت: «من ئەمە سێیەمین جارە زیندانی دەکرێم»، ئەم واقیعە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ئەوانە دەگیرێن و ئازاد دەکرێن، بەڵام هەر نەخۆش و ئالوودەبوون و چارەسەر نەکراون، ئەوەمان پێ دەڵێت «ماددەی هۆشبەر دەبرێنە ناو چاکسازییەکان»، ئەمەش زۆر زۆر مەترسیدارە و، لەم حاڵەتەدا چاکسازییەکان خۆیان دەبن بە شوێنێك بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

ئەم حاڵەتە لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ هەرێمی کوردستان چارەسەر کراوە، ماددەیەکی باس لە دامەزراندنی سەنتەرێکی تەندروستی بۆ چارەسەر و شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر دەکات، ئێستا خەریکن ئەو سەنتەرە دادەمەزرێنن، بەڵام دەبوایە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، ئەو سەنتەرە ئامادە بکرایە، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەرچوونی یاساکە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرایە.

ئاستی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر جیاوازە، ئەوەی گەیشتە ئاستی ئالوودەبوونی تەواو، ئەوە بە نەخۆش لە قەڵەم دەرێت و دەبێت چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنێت و نەگەیشتووەتە حاڵەتی ئالوودەبوونی تەواو (معتاد) ئەوە دەکرێت لە چاکسازییەکاندا لە ڕێگەی ئەو بنکە تەندروستییەی هەیەتی و، هەروەها بە ڕێگەی چاودێرییەکی دەروونی دەتوانرێت وایان لێ بکرێت کە واز لە ماددەی هۆشبەر بهێنن.

لە یاسای ژمارەی ١ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، بەڕێز

**دەوڵەتی عێراق کە ئێمەش بەشێکین لەو دەوڵەتە، هەتا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە خاوێنترین دەوڵەت لە ماددەی هۆشبەر دادەنرا**

**خەریکە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێتە دیاردەیەکی ترسناک، بۆیە دەبێت ئێمە بە زووترین کات بە دوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە**

**ئێستا لە هەوڵی دامەزراندنی سەنتەری چارەسەر و شیاندنەوەی تووشبووانی ماددەی هۆشبەرن، ئەم سەنتەرەش جیا لە چارەسەری تەندروستی، شیاندنەوەشی لەگەڵدایە، کە لەلایەن کۆمەڵناس و دەروونزانەکانەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ ئەوەی دووبارە تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێنەوە**

**حاڵەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە پەتایەک بۆ ئیفلیجکردنی توانای گەنجەکانمان و کاولکردنی کۆمەڵگەکەمان**



**دەبێت ئەو خەڵکانەی بێویژدانانە کۆمەڵگەی خۆیان وێران دەکەن، بە لەسێدارەدان سزا بدرێن و سزاکەش جێبەجێ بکرێت**

**لەوانەیە لە خاڵە سنوورییەکانەوە بەرپرس هەبێت ئاسانکاری بۆ ئەو قاچاخچییانە بکات کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن**

**بردنە ژوورەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو چاکسازییەکان، ئەم حاڵەتە هەیە و زۆر ترسناکە و ناکرێت بە گەندەڵی لە قەڵەمی بدەین، دەبێت وەک تاوان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**کارێکی باشە ئەگەر بڕیارێک، یان ڕێنماییەک دەربچێت، بۆ ئەوەی پشکنینی خوێن بۆ قوتابیانی قۆناغەکانی ئامادەیی و زانکۆکان بکرێت**

وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوە کرد، لیژنەی باڵا پێك دێت لە کۆمەڵێك لایەن، هەروەها سەرۆکی لیژنەی باڵا دەتوانێت هەر پسپۆڕێك لە بواری نەهێشتنی بازرگانی نامەشرووع بە ماددەی هۆشبەر بانگهێشت بکات، بە بۆچوونی من پێویستە ئەو ماددەیە هەموار بکرێت و بنووسرێت «پێویستە ئەو پسپۆڕە لە لیژنەی باڵا ئامادە بێت».

هەر لەم یاسایەدا لە ماددەکانی ٢٥ تاکو ٢٩ باسی بازرگانیکردنی بە ماددەی هۆشبەر و سزاکانی کردووە، هەروەها لە ماددەی ٣٠و ٣١یش باسی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەری کردووە و سزاکەی بە یەك تاکو سێ ساڵ داناوە، لە هەمان کاتدا دەشڵێت: «ئەگەر باری کەسەکە پێویستی بە چارەسەر بوو، ئەوا دادگا بۆی هەیە بڕیار بدات، چارەسەر بکرێت لە بری ئەوەی سزا بدرێت»، بەڵام لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین و بزانین شێوازی چارەسەرەکە چۆن دەبێت، دیارە ئێستا لە هەوڵی دامەزراندنی سەنتەری چارەسەر و شیاندنەوەی تووشبووانی ماددەی هۆشبەرن، ئەم سەنتەرەش جیا لە چارەسەری تەندروستی، شیاندنەوەشی لەگەڵدایە، کە لەلایەن کۆمەڵناس و دەروونزانەکانەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ ئەوەی دووبارە تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێنەوە.

لە دوماهیدا بە خێرایی ئاماژە بە چەند پێشنیارێك دەکەم بۆ ڕێگرتن لە بازرگانی و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر:

١- یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر زۆر بە توندی جێبەجێ بکرێت، ئەو ماددەیەی یاساکە هەموار بکرێتەوە کە دەڵێت:» بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بە سزادان بە لەسێدارەدان، یان زیندانی هەتا هەتایی سزا دەدرێن»، پێویستە بگۆڕدرێت بەوەی کە ئەوانەی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەکەن بە «بە لەسێدارەدان سزا دەدرێن»، لەوانەیە گلەیی ئەوەشم لێ بکرێت، چۆن مامۆستایەکی زانکۆ هانی سزای لە سێدارەدان دەدات، بەڵام من بۆ حاڵەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر کە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە پەتایەك بۆ ئیفلیجکردنی توانای گەنجەکانمان و کاولکردنی کۆمەڵگەکەمان، ئەوا هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە و دەبێت ئەو خەڵکانەی بێویژدانانە کۆمەڵگەی خۆیان وێران دەکەن، بە لەسێدارەدان سزا بدرێن و دەبێت سزاکەش جێبەجێ بکرێت.

٢- کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و ڕێگرتن لە قاچاخچێتیی دەروازە نافەرمییەکان، ئاشکرایە ئەم هەموو ماددە هۆشبەرانە لە سنوورەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و عێراقەوە دێنە هەرێمی کوردستان، بەڕێزان لەم گفتوگۆیەدا دەستیان خستە سەر ئەم خاڵە و ئاماژەیان بەوە کرد، کە لەوانەیە لە خاڵە سنوورییەکانەوە بەرپرس هەبێت ئاسانکاری بۆ ئەو قاچاخچییانە بکات کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن و دەیهێننە ناو کوردستانەوە، ئەمە حاڵەتێکی زۆر ترسناکە و دەبێت زۆر بە جددی وەربگیرێت و ڕێوشوێنی پێویستی لە بەرانبەر بگیرێتەبەر.

٣- وەرگرتنی ڕێوشوێنی توند و پێویست بۆ ڕێگرتن لە بردنە ژوورەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو چاکسازییەکان، ئەم حاڵەتە کە هەیە زۆر ترسناکە و ناکرێت بە گەندەڵی لە قەڵەمی بدەین، دەبێت وەك تاوان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەر کەسێك ئەم کارە بکات، دەبێت وەك تاوانباری گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە توندترین شێوە بە یاسا سزا بدرێت.

٤- خاڵێکی گرنگ لە یاسای بەرەنگابوونەوەی ماددەی هۆشبەری هەرێمدا نەهاتووە کە زۆر گرنگە باس لە «چاودێریی دوای دەرچوون لە زیندان» واتە (الرعایة اللاحقة) بکات، ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە چاودێریی ئەو کەسانە بکرێت کە لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەگیرێن و دوای ئەوەی لە چاکسازییەکان ئازاد دەکرێن، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا وازیان لە ماددەی هۆشبەر هێناوە، یان دووبارە گەڕاونەتەوە و بەکاری دەهێننەوە، ئەم چاودێرییەی دوای ئازادبوونی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە یاسای چاودێریی نەوجەوانانـدا هەیە و لەسەر نەوجەوانان جێبەجێ دەکرێت، بەڵام گرنگە



لەسەر چاکسازیی گەورانیش جێبەجێ بکرێت، دوای ئەوەی لە چاکسازییەکان ئازاد دەکرێن.

٥- کارێکی باشە ئەگەر بڕیارێك، یان ڕێنماییەك دەربچێت، بۆ ئەوەی پشکنینی خوێن بۆ قوتابیانی قۆناغەکانی ئامادەیی و زانکۆکان بکرێت، ئەم بڕیارە لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە پێچەوانەی ئازادیی کەسی بێت، بەڵام کە ناچار بووین، ئەوا دەبێت بڕیاریش بدەین، بەو پشکنینی خوێنە دەردەکەوێت ئایا بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرە، یان ئاستی ئالوودەبوونەکەی بە ماددەی هۆشبەر چەندە.

٦- هەڵمەتێکی هۆشیاریی نیشتمانی لەسەر ماددەی هۆشبەر لەسەرتاسەری کۆمەڵگەدا ئەنجام بدرێت، پیلانی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر گەیشتووەتە ئەو ئاستەی تێکەڵی شەکرۆکانیش دەکرێت کە لە قوتابخانە سەرەتایی و بنەڕەتییەکاندا دەدرێتە منداڵانی ئێمە، بۆیە ئەم هەڵمەتە دەبێت هەموو ئاستەکان بگرێتەوە و هەموو لایەکیشمان بەشداریی تێدا بکەین.

٧- پێویستە لە دادگاکاندا (سیستمی پسپۆڕیەتیی دادوەری تاوانەکان) پیادە بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو دادوەرەی کە دادگایی بەکارهێنەر و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر دەکات، دەبێت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر پسپۆڕ بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسە هەستیارەدا بکات.

**پیلانی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر گەیشتووەتە ئەو ئاستەی تێکەڵی شەکرۆکانیش دەکرێت کە لە قوتابخانە سەرەتایی و بنەڕەتییەکاندا دەدرێتە منداڵانی ئێمە**

# زۆربەی ئەو کافتریایانەی کوردستان کە خاوەنەکانیان خەڵکی شارەکانی باشووری عێراقن و ئەوانەشی کوردن و لە باشووری عێراق کاریان کردووە، بوونەتە سەنتەری بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر


**دڵشاد ئەنوەر**

**توێژەر و ڕۆژنامەنووس :**




**دڵشاد ئەنوەر، ڕۆژنامەنووسە لە بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا و، ڕۆژانە جیا لەوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئامادە دەکات، لە هەمان کاتدا توێژەرێکی مەیدانیی جددییە و، ماوەی چەندین ساڵە بە شێوەیەکی مەیدانی توێژینەوە لەسەر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و بازرگانیی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق ئەنجام دەدات، لە گفتوگۆی «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» کۆمەڵێك داتا و ئاماری ورد و چەند پێشنیارێکی گرنگی خستە ڕوو.**

بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و ناکرێت هەڵوەستەی جددی لەسەر نەکرێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئێمە ئێستا لە کوێی ئەم مەترسییەداین؟ لەم گفتوگۆیەدا ئاماژە بەوە کرا، مەترسییەکە لە چاو وڵاتانی دەوروبەر و کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە هەرێمی کوردستان بەو جۆرە نییە و باشترە، بەڵام من بە داتا و ئامار دەیسەلمێنم ئێمەش گەیشتووینەتە قۆناغێکی زۆر مەترسیدار و، هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بووەتە ترانزێتی ماددەی هۆشبەر لە وڵاتانی دیکەوە بۆ ئەوروپا و کەتووینەتە سەر ڕێگە سەرەکییەکە.

هەر لەم گفتوگۆیەدا بەڕێزان زۆر جەختیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر کردەوە، بەڵام من بەدواداچوونم کردووە، مەترسییە سەرەکییەکە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر نییە، بەڵکو لە عێراقەوە دێت بۆ کوردستان، ڕۆژانەش لە هەواڵەکان گوێبیست دەبین، ئەو بڕە زۆرەی ماددەی هۆشبەر کە دەهێنرێتە کوردستان و لە ڕێگەی ئاسایشەکانی هەرێمەوە دەستگیر دەکرێن، هەمووی لە ڕێگەی عێراقەوە هێناویانە. بۆیە لە ئێستادا مەترسیی سەرەکیی هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ کوردستان بە پلەی یەکەم عێراقە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کراوەیە و تەنیا بازگە لە نێوان پارێزگاکاندا هەیە.

ئەگەر ڕاشکاوانە لەسەر پرسی هێنان و بارزگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر قسە بکەین، هەموومان دەزانین و بەڕێزانیش لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەیان پێ کرد، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر قازانجێکی لە خەیاڵ بەدەری هەیە، بەرپرس هەیە، ئاسانکاری بۆ قاچاخچییەکان دەکات، یان هاوبەشە لەگەڵیاندا، بۆیە ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی گەورە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر نەبێت، ئەوا ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك

بەرەنگاری ئەم دیاردە ببینەوە. هەربۆیە لە وڵاتان کاتێك ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، شەخسی سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتیی ئەو ئەنجومەنە دەکات، چونکە دەزانن خەڵکانێك لە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر تێوەگلاون کە لەوانەیە دەسەڵاتی لە وەزیرێك زیاتر بێت، یان زۆر جار دەوڵەتان بەرتیل دەدەنە وڵاتانی دراوسێیان بۆ ئەوەی لە پەتای بڵاوبوونەوە ماددەی هۆشبەر بیانپارێزێت.

بۆ ئەوەی باشتر لە مەترسیی ئەم پەتا کوشندەیە تێبگەین، ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەم:

١- لە خورماتوو ماددەی هۆشبەر چووەتە ناو ناوەندەکانی خوێندنی کچان، بازرگانی ژن پەیدا بوون کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن، گرووپ دروست بووە بە قەبارەی گەورە، ماددەی هۆشبەر دێننە کوردستان .

٢- لە هەفتەی ڕابردوو وەك ڕۆژنامەنووسێك لە دادگا بووم و بەکارهێنەرێکی ماددەی هۆشبەر دادگایی دەکرا، لە قسەکانیدا ڕاستی لەسەر هەموو دەوروبەرەکەی خۆی گوت کە هەموویان بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن.

٣- بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمدا، بێجگە لە چاودێریکردنی کەسانی باڵادەست کە لەم پرسە تێوەگلاون، دەبێت چاودێریی ئەو ئەفسەرانەی ئاسایش بکەن کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبارانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر دەکەن، کە لەوانەیە هەندێك لەو ئەفسەرانە بوار بە هەندێك کەس بدەن بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە بکەن.

٤- وەك لەو ڤیدیۆیە بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادەتان کردبوو، بینیمان، بە ئاسانی ماددەی هۆشبەر دەگاتە زیندانەکانی چاکسازی، ئەمە مانای ئەوەیە زیندانەکانی چاکسازی خۆیان بوونەتە ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

٥- ئەوانەی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن، یان ئەوانەی ئالوودە بوون بە ماددەی هۆشبەر، خۆیان باش دەزانن ئەم کارە لە ڕووی ئایینەوە حەرامە، دەزانن بەپێی یاسا قەدەغەیە و دەشزانن سزاکەی چۆنە، بۆیە دەبێ لە دادگاکاندا بە شێوازی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و دادوەرەکان پسپۆڕ بن لەسەر ماددەی هۆشبەر.

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و کاریگەر بەرەنگاریی ماددەی هۆشبەر بکەین، ئەم پێشنیارانە دەخەمە ڕوو:

• دەبێت ئیرادەیەکی سیاسیی جددی لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو لیژنە باڵایەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دامەزراوە، دەستکراوە بێت و توانای ئەوەی هەبێت ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەر هەر کەسێك بگرێتە بەر، کە لە پرسی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر تێوە گلاوە.

• ماددەی هۆشبەر دوو بەشە، بەشێکیان ڕووەکین، وەك مەریوانا و کۆمەڵێك جۆری دیکە، ئەمەیان شتی سادەن، هەندێك لە بەرپرسانیش دەیکێشن، بەڵام جێگەی مەترسی، ئەو ماددانەن کە دروست دەکرێن وەك (هیرۆین و کریستاڵ ) ئەمانە گەنجە ڕەش و ڕووتەکە بەکاری دەهێنن، کە لە ڕووی تەندروستییەوە شەکەتی دەکات و بەرەو مەرگی دەبات، بۆیە زۆر گرنگە هەڵمەتێکی هۆشیاریی نیشتمانی سەبارەت بە ماددە هۆشبەرکان دەستی پێ بکرێت و بەردەوامیش بێت.

• دەبێت لیکۆڵینەوەیەکی ورد و جددی لەگەڵ چاکسازییەکان بکرێت، دەبێت بزانرێت چۆن و بە چ ڕێگەیەك ماددەی هۆشبەر دەبرێتە ناو چاکسازییەکان و چاکسازییەکانی کردووە بە سەنتەری بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

• پرسی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بە تەنیا ڕاسپێردراوە بە دامودەزگاکانی ئاسایش و تەنانەت کاتێك بە دامودەزگای پۆلیس دەڵێت، ئەوان وەڵام دەدەنەوە کە پرسی ماددەی هۆشبەر پەیوەندیی بەوانەوە نییە، تایبەتە بە ئاسایش. بە ڕاشکاوی دەڵێم، بۆ ئەم شەڕەی ئێستای ئێمە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر کە سنوورەکانمان لەگەڵ عێراق کراوەیە و عێراق خۆیشی لە کۆنترۆڵ دەرچووە، هێزەکانی ئاسایش بە تەنیا دەرەقەتی ئەم شەڕە نایەن و دەبێت ژوورێکی عەمەلیات لە نێوان هەموو هێزەکانی کوردستان (پێشمەرگە، زێرەڤانی، پۆلیس، ئاسایش، پاسەوانی سنوور) دابمەزرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنرێت و بە تەنیا بە ئاسایش ناکرێت.

• کافتریاکانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنەکانیان خەڵکی شارەکانی باشووری عێراقن، یان تەنانەت ئەوانەشی کوردن و لە باشووری عێراق کاریان کردووە، هەموو ئەو کافتریایانە بوونەتە سەنتەری بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، لەم ڕۆژانەدا خاوەن کافتریایەك گیراوە، ڕاستیی لەسەر دوو خاوەن کافتریای دیکە گوتووە، کە ئەو کافتریایانەش ماددەی هۆشبەر بڵاو دەکەنەوە، بۆیە گرنگە بەرانبەر کافتریاکانیش ڕێوشوێنی زۆر توند بگیرێتە بەر.

**هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بووەتە ترانزێتی ماددەی هۆشبەر لە وڵاتانی دیکەوە بۆ ئەورووپا و کەتووینەتە سەر ڕێگە سەرەکییەکە**

**ئەو برە زۆرەی ماددەی هۆشبەر کە دەهێنرێتە کوردستان و لە ڕێگەی ئاسایشەکانی هەرێمەوە دەستگیر دەکرێن، هەمووی لە ڕێگەی عێراقەوە هێناویانە**

**لە خورماتوو ماددەی هۆشبەر چووەتە ناو ناوەندەکانی خوێندنی کچان، بازرگانی ژن پەیدا بوون کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن**

**بە ئاسانی ماددەی هۆشبەر دەگاتە زیندانەکانی چاکسازی، ئەمە مانای ئەوەیە زیندانەکانی چاکسازی خۆیان بوونەتە ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر**



د.محێدین حەسەن

مامۆستای یاسا لە زانكۆی سەڵاحەدین:

# دەتوانین بە دەستەجەمعی مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر تێپەڕێنین، ئەم پرسە پێویستی بە كردار و یەكدەستیی هەموو لایەكمان هەیە

د.محێدین حەسەن، جیا لەوەی مامۆستای یاسایە لە زانكۆی سەڵاحەدین، یەكێكە لە تێكۆشەرە دیارەكانی كوردستان و ئەندامی حزبی شیوعی كوردستانە و ئەندامی پەرلەمانی كوردستانیش بووە و، لەگەڵ ئەوەی وەك چەپێك لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندا بووە، بەڵام لەسەر هەموو پرسە نیشتمانییەكان هەڵوێستی نیشمانیی خۆی دەربڕیوە و لە پەنجەرەیەكی گەورەوە سەیری ئایندەی وڵاتی خۆی كردووە، لە گفتوگۆی «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەكانی» بەم جۆرە داتا و ئامار و پێشنیارەكانی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە خستەڕوو:

پرسی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی كوردستان و عێراقیشدا گەیشتووەتە ئاستێكی مەترسیدار و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بازرگانیكردن و بەكارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەڵكشانێكی مەترسیداردان، ئەمە لەكاتێكدا هەتا ساڵی ١٩٩٠ لە هەموو عێراق و كوردستاندا تەنیا دوو كەیسی ماددەی هۆشبەر نەبووە، بەڵام ئێستا هەرێمی كوردستان جیا لەوەی بووەتە ڕێڕەوێك بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر، لە هەمان كاتدا بووەتە بەكارهێنەری ماددەی هۆشبەریش، هەر بۆیە لێرەدا هەندێك داتا و ئامار دەخەمە ڕوو كە ڕەنگە ئاماژە بن بۆ واقیعە مەترسیدارەی كە ئەمڕۆ لە كوردستاندا بەدەست بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرەوە دەیبینین:

- لە ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی ئەو كەسانەی لە عێراق لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر كراون ٦٠٧٤ كەس بووە.
- ئەم ڕێژەیە هەر لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرز بووەتەوە بۆ ٧٥١٤ كەس كە لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی كراون.
- لە ساڵی ٢٠٢١ گەیشتووەتە ١٢٠٠٠ زیندانی و لە ساڵی ٢٠٢٢ گەیشتووەتە ١٦٠٨٥ كەس، كە لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی كراون.
- تەنیا لە شەش مانگی یەكەمی ساڵی ٢٠٢٣ش ١٠٠٠ كەس لەسەر ماددەی هۆشبەر لە عێراق گیراون.
- لەم ژمارانە ٦٠٪ بازرگان بوون، تەمەنیان لە نێوان ١٨-٣٠ ساڵ بووە، ٥٠٠ كەسیشیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵی بووە و ٢٠یشیان ئافرەت بوون.

لە هەرێمی کوردستانیشدا داتاکان بەم جۆرەن:
- لە ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا ٣٠ کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر لە زیندانەکانی چاکسازیی هەرێمی کوردستاندا بوون.
- ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠١١ بووەتە ٨٨ کەس، لەساڵی ٢٠١٦ بووەتە ٥٠٨ کەس، لە ساڵی ٢٠٢١ بۆتە ١٩٤٣ کەس، لە ساڵی ٢٠٢٢ گەیشتووەتە ٢٩٠٨ کە لەسەر بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون. تەنیا لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا (٢٠٢٣)، ژمارەی گیراوانی ماددەی هۆشبەر گەیشتووەتە ٦٠٠ کەس.
- بە گوێرەی داتایەك کە نەیویستووە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، ئەو ژمارانە تەنیا ئەو کەسانەن کە دەستگیر کراون، بەڵام ئەوانەی کە ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن، لە هەرێمی کوردستان، ژمارەیان لە سەرووی ٧٥ هەزار کەسە.
- لە چاکسازییەکانی هەولێر ژمارەی زیندانیانی ماددەی هۆشبەر ١٠٢٧ کەسە کە حوکم دراون، لەوانە ٤٣١ کەسیان بازرگانن، ٢٧ یان ئافرەتن، ئەوانی دیکە لە ڕەگەزی نێرن.
سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هەن، لەسەر ئاستی عێراق یاسای ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠١٧ و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠مان هەیە، ئەم یاسایانە هەموویان باشن، بەڵام گرنگی و بایەخ بەندە بە جێبەجێکردنیانەوە.
هەموو بەرپرسان زۆر بە وردی باسیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ماددەی هۆشبەر لە ڕووەکانی (تەندروستی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، ئینتمای نیشتمانی) کرد، هەروەها ئاماژەشیان بەوە کرد کە دەوڵەتانی هەرێمایەتی بە پلان کار لەسەر کوشتنی توانای گەنجەکانمان دەکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئێمە دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی گەنجەکانی خۆمان بپارێزین؟ ئەمە لە کاتێکدا ئێمە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم ساڵانە ٢٨-٣٢ هەزار گەنجمان دەردەچن، کە هەموویان تەمەنیان لە سەرووی ٢٠ ساڵە، نە دادەمەزرێن، نە کاریشیان دەست کەوتووە، بۆیە دەبێت لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی جددی بکرێت، بەم جۆرە:

- دەبێت هەلی کاری یەکسان بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بڕەخسێندرێت.
- دەبێت میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو حزبەکان و ئەوانەشی بە خۆیان دەڵێن کەناڵی سەربەخۆ، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەر لە هەڵمەتی نیشتمانی بۆ هۆشیارکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بگێڕن.
- گرنگە دایك و باوکان بایەخێکی زۆر زۆر بە پەروەردەی خێزانی بدەن و چاودێریی ووردی منداڵەکانیان بکەن و لە مەترسیی ماددەی هۆشبەر ئاگاداریان بکەنەوە.
- گرنگە ناوەندەکانی خوێندن هەر لە بنەڕەتییەوە هەتا زانکۆ و پەیمانگاکان و سەرجەم مامۆستایانیش، هەموو پێکەوە هەماهەنگ و هاوکار بن، بۆ ئەوەی هۆشیارکردنەوەیەکی دروست لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەستی پێ بکرێت.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین شوێنی وەك پارك و گۆڕەپانی سەوزی دروست کردووە، بەڵام زۆر گرنگیشە بایەخ بە کردنەوەی سەنتەرەکانی (ڕۆشنبیری، هونەری، کۆمەڵایەتی و...هتد) بدرێت بۆ گەنجان، بۆ ئەوەی بەو ژمارە زۆرە گەنجەکان ڕوو نەکەنە ئەو کافتریانە و تووشی ماددەی هۆشبەر نەبن.
- پێویستە متمانەی نێوان دەزگاکانی ئاسایش و هاووڵاتیان ڕێك بخرێتەوە، لە ئێستادا لە کوردستان گوتارێکی پۆپۆلیستی گوزەر دەکات و ئەم گوتارە جۆرێك لە نامتمانەیی لە نێوان هاووڵاتیان و ئەو دەزگایانە دروست کردووە، بۆیە دەبێت زۆر شەفافانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و پرسی ئاسایشی وڵات تەنیا پەیوەست نییە بە دەزگاکانی ئاسایشەوە، دەبێت هەموو لایەك پێکەوە بەشداری بین.
لەگەڵ ئەوەی ئامارەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر جۆرێك لە ڕەشبینی دروست دەکەن، بەڵام دەتوانین بە دەستەجەمعی ئەو مەترسییە تێپەڕێنین، ئەم پرسە چۆن پێویستی بە یاسا و وتاری جوانە، لە هەمان کاتدا پێویستی بە کردار و کردەوەی یەك دەستی هەموو لایەکیشمانە.

**لە ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی ئەو کەسانەی لە عێراق لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون ٦٠٧٤ کەس بووە، ساڵی٢٠٢١ گەیشتووەتە ١٢٠٠٠ زیندانی و لە ساڵی ٢٠٢٢ گەیشتووەتە ١٦٠٨٥ کەس، کە لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی کراون**

**لە ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا ٣٠ کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر لە زیندانەکانی چاکسازیی هەرێمی کوردستاندا بوون، لە ساڵی ٢٠٢١ بۆتە ١٩٤٣ کەس، لە ساڵی ٢٠٢٢ گەیشتووەتە ٢٩٠٨**

**دەبێت میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو حزبەکان و ئەوانەشی بە خۆیان دەڵێن کەناڵی سەربەخۆ، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەر لە هەڵمەتی نیشتمانی بۆ هۆشیارکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بگێڕن**

**گرنگە ناوەندەکانی خوێندن هەر لە بنەڕەتییەوە هەتا زانکۆ و پەیمانگاکان و سەرجەم مامۆستایانیش، هەموو پێکەوە هەماهەنگ و هاوکار بن، بۆ ئەوەی هۆشیارکردنەوەیەکی دروست لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەستی پێ بکرێت**





## ئاشنا قادر

**توێژەر لە سەنتەری توێژینەوەی فەرەنسی لەسەر عێراق:**

# گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە پەلە کار لەسەر ئاسایشی کەلتووری بکات، وەک پاکێجێک کە زۆر شت لەخۆی بگرێت، لە ناویشیاندا سیاسەتی گەنج لە ناو ئاسایشی کەلتووریدا

**ئاشنا قادر کۆمەڵناسە و قوتابی قۆناغی ماستەرە لە کۆمەڵناسیی زانکۆی سۆران و توێژەرە لە سەنتەری توێژینەوەی فەرەنسی لەسەر عێراق، چالاکێکی دیاری کۆمەڵگەی مەدەنییە و لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی کێشەکانی گەنج و پاراستنی کەلتوور هەڵوێستی جددی هەیە و ڕەخنەی واقیعییانەی لێ دەگرێت، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» زۆر بە ڕاشکاوی هەڵوەستەی لەسەر ئەو پلان و بەرنامانە کرد، کە نەك هەر لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەرەوە هەوڵی لاوازکردنی توانا و ئەقڵی گەنجەکانمان دەدەن، بەڵکو ئاماژەی بە چەندین بەرنامە و پیلانی دیکە کرد، کە خراونەتەگەڕ بۆ ئەوەی گەنجی ئێمە بێ توانا و بێ ئینتیما بێت و نەتوانێت بەرگری لە نیشتمانی خۆی بکات.**

لەم گفتوگۆیەدا بەشداربووانی بەڕێز زۆر بە وردی باسیان لە هۆکار و ڕێکارەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر کرد، بۆیە من دەمەوێت جەخت لەسەر دوو خاڵ بکەمەوە، بەڵام بەر لەوە دەمەوێت، ئاماژە بەوە بکەم کە دەوڵەتانی دەوروبەرمان بە پیلان و بەرنامە کار لەسەر بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان دەکەن و، ئێستا کوردستان کەوتووەتە ناو زۆنی بەرکارهێنەر و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، ئەم زۆنەش وڵاتانی (پاکستان، ئەفغانستان، ئێران، عێراق، سووریا و لوبنان) دەگرێتەوە، لەم زۆنەدا عێراق و هەرێمی کوردستان وەك ترانزیت بۆ هەناردەکردنی ماددەی هۆشبەر بۆ ئەورووپا بەکار دەهێنرێن.

بۆ کارکردن لەسەر سڕکردنی گەنجەکانی ئێمە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، شێوازی دیکەش بەکار دەهێنن، وەك بەرهەمهێنانی زنجیرە دراما و فیلم، کە دەیانەوێت ئەقڵی گەنجی ئێمە لەم ڕێگەیەشەوە داگیر بکەن و، تەنانەت هەندێك زنجیرە دراما لە وڵاتانی دراوسێمانەوە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن،

دەینێرین بۆ هەرێمی کوردستان و لێرە دۆبلاژ دەکرێن و لە تەلەفزیۆنەکانی خۆشمان پەخش دەکرێن، بەمەش کاریگەریی زۆر لەسەر بیرکردنەوەی گەنجەکانمان دروست دەکەن و وا دەکەن ئینتیمایان نەمێنێت و نەتوانن بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆیان بکەن، ئەم جۆرە زنجیر و درامایانە دەرهاویشتەی زۆر خراپ لەسەر ئاستی مەودای دوور بەجێ دەهێڵێت، کە پاشان پەشیمانی دادمان نادات و بارودۆخ لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. لە ئێستادا گەنجەکان (لە هەر دوو ڕەگەز) خەریکی لاساییکردنەوەی کاراکتەرەکانی ناو ئەو فیلم و درامایانەن و، کاتی پەخشکردنی ئەم فیلم و درامایانەش بەو جۆرە دانراون، کە کاتی کۆبوونەوەی خێزانە و خێزان هەمووی لە ماڵەوە کۆبووەتەوە، ئەمەش کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر خێزان دروست دەکات و ئاسایشی کەلتوریمان دەخاتە مەترسییەوە، کە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە خاوەن ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کەلتووری خۆمان بین، کە زۆر گرنگە و دەبێت بە جددی بیری لێ بکرێتەوە.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، ئێمە لە کوردستان ڕاگەیاندنێکمان هەیە کە پاپەندی هیچ سانسۆر و پرەنسیپ و ئیتیك و ئەتەکێتێك نییە، کامەی پێی دەڵێین زۆر باشە، بەراورد بە میدیاکانی جیهان زۆر خراپە، هەر شتێك لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە ڕوو دەدات، ڕاگەیاندن مامەڵەیەکی پیشەییانەی لەگەڵ ناکات، بەڵکو وەك خۆی لە شاشەکان بڵاوی دەکاتەوە، لە کاتێکدا لە زۆربەی میدیاکانی جیهان، نەك تەنیا زانیاریی خراپ، بەڵکو دیمەنێکیش کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر کۆمەڵگە هەبێت، سانسۆری دەکەن، بەڵام لە کوردستان نەك هەر سانسۆری ناکەن و نەك هەر دابونەریت و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لەبەرچاو ناگرن، بەڵکو زۆر جار لێدوانی هەندێك تاوانبار بڵاو دەکەنەوە، کە زانیاریی ئەوتۆ باس دەکەن، هیچ دوور نییە گەنجەکانمان هەوڵ بدەن لەو ڕێگەیەوە فێری ئەنجامدانی ئەو تاوانە ببن.

خاڵێکی دیکە کە ئەویش هەر کاریگەریی لەسەر گەنجەکانمان هەیە، هەستکردنە بە بۆشاییەك لە نێوان نەوەکاندا، گەنجەکانی ئێستا وەك دایك و باوکیان بیر ناکەنەوە، بە هۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت، پەروەردەی نەوەی ئێستا لە نەوەی پێش خۆی جیاوازە، شێوازی پەیوەندیی نەوەی ئێستا زۆر بەرفراوانترە لە نەوەی پێشوو، نەوەی ئێستا پەیوەندییەکانی شار و دەوڵەتی تێپەڕاندووە و ئێستا لەسەر ئاستی گلۆباڵی هاوڕێی هەیە و خەڵك دەناسێت.

هەروەها لەلایەن حکومەت و هاووڵاتیانیش بۆشاییەکی گەورە هەیە، هاووڵاتی بە ئاسانی دەنگی ناگاتە ئەو کەسانەی کە پۆستی باڵایان هەیە، یان بۆ نموونە وەزیرن، تەنانەت لە شێوازی بیرکردنەوەی گەنجەکانی ئێستا و دەستەبژێری دەسەڵات جۆرێك لە جیاوازیی بیرکردنەوە هەیە، گەنجی ئێستا وەك دەستەبژێری دەسەڵات بیر ناکاتەوە، هەر ئەمە وای کردووە، جۆرێك لێکتێنەگەیشتن لە نێوان گەنجی ئێستا و دەستەبژێری دەسەڵاتدا هەبێت.

هەر بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە پەلە کار لەسەر ئاسایشی کەلتووری بکات، وەك پاکێجێك کە زۆر شت لەخۆ بگرێت لە ناویشیاندا سیاسەتی گەنج لە ناو ئاسایشی کەلتووریدا.

گرنگە ڕیفۆرمی تۆکمە لە سیستمی پەروەردەدا بکرێت، چونکە ئەو سیستمەی ئێستای پەروەردە کە لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، سیستمێکە لە وڵاتێکی دەرەوە هێناویانە و لێرە کۆپی کراوەتەوە، هەر بۆ نموونە دەڵێین: ئایا سیستمی سویدی، باشە ئەو قوتابخانانەی قوتابیانی ئێمە وانەی تێدا دەخوێنن، لە ئاستی قوتابخانەکانی سویدن؟ ئەو مامۆستایانەی کە لەو قۆتابخانانە وانە دەڵێنەوە، لە ئاستی مامۆستاکانی سویدن؟ ئەمە پێمان دەڵێت، ناکرێت سیستمی پەروەردەی هیچ وڵاتێك کۆپی بکەینەوە و دەبێت خۆمان سیستمێکی پەروەردەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دروست بکەین.

**دەوڵەتانی دەوروبەرمان بە پیلان و بەرنامە کار لەسەر بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان دەکەن و، ئێستا کوردستان کەوتووەتە ناو زۆنی بەرکارهێنەر و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر**

**بۆ کارکردن لەسەر سڕکردنی گەنجەکانی ئێمە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، شێوازی دیکەش بەکار دەهێنن، وەک بەرهەمهێنانی زنجیرە دراما و فیلم، کە دەیانەوێت ئەقڵی گەنجی ئێمە لەم ڕێگەیەشەوە داگیر بکەن**

**میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، ئێمە لە کوردستان ڕاگەیاندنێکمان هەیە کە پاپەندی هیچ سانسۆر و پرەنسیپ و ئیتک و ئەتەکێتێک نییە، کامەی پێی دەڵێین زۆر باشە، بەراورد بە میدیاکانی جیهان زۆر خراپە**

**گرنگە ڕیفۆرمی تۆکمە لە سیستمی پەروەردەدا بکرێت، چونکە ئەو سیستمەی ئێستای پەروەردە کە لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، سیستمێکە لە وڵاتێکی دەرەوە هێناویانە و لێرە کۆپی کراوەتەوە**





## پەیام فەتحوڵا ڕەسوڵ

بەڕێوەبەری پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی:

# لە ئایندەیەکی نزیکدا سەنتەری چارەسەر و شیاندنەوەی تووشبووانی ماددەی هۆشبەر دەست بە کارەکانی خۆی دەکات

**پەیام فەتحوڵا ڕەسوول بەڕێوەبەری پلاندانانە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی و کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ماوەی ١٤ ساڵە لە چاکسازییەکاندا کار دەکات و خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە لەگەڵ کۆی تاوانباران و سزادراوان بەگشتی و بەکارهێنەران و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر، لەم گفتوگۆیەدا «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» زۆر بە گشتگیری باسی بارودۆخی ئێستای چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان و سزادراوانی بەکارهێنەر و بازرگانی ماددەی هۆشبەری کرد.**

سازدانی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەسەر پرسێکی هەستیاری وەك «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە هەست بە مەترسییەکی جددی دەکرێت، بۆیە هیوادارم ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بەردەوام بن و، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەنگاوی پراکتیکی بەدوادا بێت.

ماوەی ١٤ ساڵە لە چاکسازییەکاندا کار دەکەم، بۆیە من زیاتر باسی بارودۆخی ناوەوەی چاکسازییەکان بە هەردوو جۆری (چاکسازیی گەوران و چاکسازیی ئافرەت و منداڵان) دەکەم.

- لە ئێستادا لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ٥٠٥٣ سزادراو هەن، ئەم سزادراوانە هەموو تاوانبارەکان دەگرێتەوە، نەك تەنیا ماددەی هۆشبەر.

- سەبارەت بە ماددەی هۆشبەر ١٠٣٨ سزادراوی ماددەی هۆشبەرمان هەیە، بە هەردوو جۆری (بەکارهێنەر و بازرگانی) لەمانە ٤٤٩ کەس بە تاوانی بازرگانیکردنی ماددەی هۆشبەر سزا دراون، ٥٨٩ کەسیشیان بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، لە ناو سزادراوەکانیشدا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و منداڵی خوار هەژدەساڵیش هەیە.

بێگومان ئێمە لە چاکسازییەکاندا هەردوو سزادراوی بەکارهێنەر و بازرگانیشمان لایە، زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە بازرگان و بەکارهێنەر وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام دیارە ئەو کەسانە لە بێئاگاییەوە قسە دەکەن، ئەگەرنا سزای بازرگانی ماددەی هۆشبەر زۆر زیاترە لە سزای بەکارهێنەر.

لەگەڵ ڕێکخراوی (وچان) کە ڕێکخراوێکی

زۆر شارەزایە لە بواری چارەسەرکردنی تووشبووانی ماددەی هۆشبەر، چەندین خول و وۆرك شۆپ و ڕاهێنانمان بۆ ئەو کارمەندانە کردووەتەوە کە لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەر و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر دەکەن.

ئێمە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) دوو چاکسازیمان هەیە، کە بریتین لە (چاکسازیی گەوران و چاکسازیی ئافرەت و منداڵان)، لەگەڵ بینایەی چاکسازیی گەوران کە لە هی ئافرەتان و منداڵان باشترە، بەڵام دیسان ئەو چاکسازییە تەنیا بۆ ٩٠٠ سزادراو دروست کراوە، ئێستا لە هەر چاکسازییەکدا ١٤٠٠-١٥٠٠ سزادراوی لێیە، ئەمەش واتە ئەو هۆڵەی وەك ستاندەر بۆ شوێنی ١٠ زیندانی دروست کراوە ئێستا ٢٠-٢٥ زیندانیی تێدایە، ئەمەش گوشارێکی گەورەی بۆ دروست کردووین.

- چاکسازیی ئافرەتان و منداڵان، بیناکانیان زۆر خراپە و حکومەتیش خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە بۆ هەر سێ چاکسازیی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) زەوی تەرخان کراوە و دەرخستەی بودجەشی بۆ ئامادە کراوە و ڕەزامەندییش هەیە، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٤ـەوە بە هۆی بڕینی بودجە لەلایەن عێراقەوە و دروستبوونی شەڕی داعش، کارەکانی ئەوانیش ڕاوەستا.

- سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، ئێمە وەك چاکسازی هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین کە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لەگەڵ بازرگانی ماددەی هۆشبەر، یان منداڵی خوار هەژدە ساڵ لە چاکسازییەکاندا پێکەوە بن، ئێمە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر وەك نەخۆش سەیر دەکەین و پێمان باش نییە لە چاکسازیدا زیندانی بکرێن.

- سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی لە چاکسازییەکاندا پێشکەشی زیندانییەکانی دەکەین، هەموو خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش دەکەین، وەك (خواردن، چارەسەری پزیشکی، ئاوی پاك، خوێندن).

- لە هەر شەش چاکسازییەکەی هەرێمی کوردستاندا بنکەی تەندروستیمان هەیە و چارەسەری سزادراوان دەکات، هەفتانە دکتۆری پسپۆڕی دەروونی سەردانی سزادراوەکان دەکات و چارەسەریان دەداتێ.

- ئێمە ٤٢٠ قوتابیمان لە چاکسازییەکان هەیە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا ئامادەیی و زانکۆ.

- ژووانی خێزانیمان بۆ سزادراوان هەیە، کاتێك خێزانەکانیان سەردانیان دەکەن.

- ڕێگەیان پێ دەدەین بە ڕێگەی تەلەفۆن بەپێی خشتە دیاریکراوەکان پەیوەندی بە دەرەوە و بە کەسوکاریانەوە بکەن.

- ئێمە لە ناو چاکسازییەکاندا کۆمەڵێك کێشە و گرفتمان هەیە، لەوانە:

١- لە سەرجەم چاکسازییەکاندا تەنیا ١٦٠٠ کارمەندمان هەیە و لە ساڵی ٢٠٠٩ـەوە هەتا ئێستا هیچ کارمەندێکمان بۆ دانەمەزراوە، مەگەر کارمەندێکمان لە شوێنێکی دیکەوە و بۆ گوازرابێتەوە.

٢- چاکسازیی شاری سلێمانی ١٤٠٠ سزادراوی تێدایە، تەنیا شەش توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، لە چاکسازیی دهۆك ١٤٠٠ سزادراومان هەیە، تەنیا چوار توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت هەر ٢٥ سزادراو توێژەرێکی کۆمەڵایەتییان هەبێت.

سەبارەت بە سەنتەری شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقڵییەکان، ئەمە یەکێکە لە گرنگترینی ئەو پێداویستییانەی وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی کارمان لەسەر کردووە، ئێمە تووشبوانی ماددەی هۆشبەر بە نەخۆش دەزانین و پێویستە چارەسەر بکرێن و دووبارە شیاندنەوەیان لەگەڵ بکرێت و تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێنەوە، ئەم سەنتەرەش بەپێی ماددەی ٧ی یاسای ژمارەیەکی ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە و، ئێستا خەریکی دابینکردنی کارمەندین و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستبەکار دەبێت.

خاڵی کۆتایی سەبارەت بە بردنە ژوورەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو چاکسازییەکان، ڕێژەکە بەو جۆرە نییە کە باس دەکرێت، گوایە چاکسازییەکان مەڵبەندی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوە بن، بەڵکو پێشتر چەند حاڵەتێك هەبووە و کەسەکان گیراون و دراونەتە دادگا، بەڵام ئێستا هیچ هەوڵێکی لەو جۆرە نەماوە، سەرەڕای ئەوەی لە چاکسازییەکان زۆرجار دایك ماددەی هۆشبەری بۆ کوڕی هێناوە، ئافرەت بۆ هاوسەرەکەی هێناوە، بەڵام هەموویان دەستیان بەسەردا گیراوە.

**لە ئێستادا لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ٥٠٥٣ سزادراو هەن، ئەم سزادراوانە هەموو تاوانبارەکان دەگرێتەوە، لەو ژمارەیە ١٠٣٨ سزادراوی ماددەی هۆشبەرمان هەیە**

**ئەو هۆڵەی وەک ستاندەر بۆ شوێنی ١٠ زیندانی دروست کراوە ئێستا ٢٠-٢٥ زیندانیی تێدایە، ئەمەش گوشارێکی گەورەی بۆ دروست کردووین**

**ئێمە ٤٢٠ قوتابیمان لە چاکسازییەکان هەیە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا ئامادەیی و زانکۆ**

**چاکسازیی شاری سلێمانی ١٤٠٠ سزادراوی تێدایە، تەنیا شەش توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، لە چاکسازیی دهۆک ١٤٠٠ سزادراومان هەیە، تەنیا چوار توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت هەر ٢٥ سزادراو توێژەرێکی کۆمەڵایەتییان هەبێت**



## شڤان حەمدی

### ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# مەترسیی ماددەی هۆشبەر لە مەترسیی تیرۆر و تیرۆریستان زیاترە، بۆیە پێویستی بە هەماهەنگی و هاریکاریی هەموو کۆمەڵگە هەیە

**شڤان حەمدی جیا لەوەی ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسیشە و، دەرچووی بەشی یاسای زانکۆی جیهانە، پێشتریش ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە و، یەکێك بووە لە چالاکە دیارەکانی قوتابیان و لاوان و بەشداریی لە چەندین کۆڕ و سیمینار و وۆرك شۆپی تایبەت بە توێژی گەنجان کردووە، لە گفتوگۆی «ماددە هۆشبەر و مەترسییەکانی» زۆر ڕاشکاوانە کاریگەرییە نەرێنییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەری لەسەر توێژی گەنجان و ئاسایشی کۆمەڵگە خستەڕوو.**

بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە زۆر بە وردی و داتا و زانیاری و پێشنیار و میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی پەتای بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەریان خستەڕوو، بەڵام ئەوەی لەو داتا و زانیارییانەدا بوونە جێگەی هەڵوەستەی من، ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی لەسەر ماددەی هۆشبەر لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) دەستگیر کراون، تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٠)ساڵیدایە، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە نەوجەوانانی تەمەن خوار ١٨ ساڵیان تێدایە، کە ئێستا لە چاکسازییەکانی کوردستان زیندانی کراون.

بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی ڕاستەقینەی ئەم مەترسییە کە توێژی لاوان لە بەریەك هەڵدەوەشێنێت، دەگەڕێمەوە بۆ وتەیەکی جەنابی مستەفا بارزانی کە دەڵێت: «قوتابیان و لاوان سەری ڕمن لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا»، لەم گفتوگۆیەشدا دیسان لاوان وەك لووتکەی هێزی کۆمەڵگە پێناسە کرا و، جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئەگەر ئەم هێزە ئیفلیج کرا، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە هیچ ئایندەیەکی نابێت. کەواتە ئێمە هەستمان بە مەترسییەکی جددی کردووە و دەبێت هەنگاوی کردەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بگرینە بەر.

لێرەوە ئاماژە بە چەند هۆکارێك دەکەم کە زەمینەخۆشکەرن و دەبنە ئاسانکاری بۆ ئەوەی گەنجەکانمان تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ببن و ئالوودە بن لەسەری:

- بێکاری، یان نەبوونی کاری شایستە بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە زیاتر لە ٣٠ هەزار دەرچوومان

هەیە و، گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دەرچووی پەیمانگە و زانکۆکان کارێکی دەوێت، کە لەگەڵ کەسایەتی و بڕوانامەکەی بگونجێت، ئامارەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییش ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئەوانەی ناوی خۆیان وەك بێکار دەنووسن، بە هەموو کارێك ڕازی نەبوون.

- مۆڵەتدان بە کردنەوەی دەیان کافتریا کە هەموویان بە ئاشکرا نێرگەلەیان تێدا دەکێشرێت و گەنجی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) دەچنە ئەو کافتریایانە و لەوێ نێرگەلە دەکێشن، چەندین کەسیش لە خاوەنی ئەو کافتریایانە بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون.

- نەبوونی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی نیشتمانی لە ڕاگەیاندنەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە مەترسییە (تەندروستی، جەستەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، بەهاکان) و خراپییەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر کەسایەتیی بەکارهێنەر و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمەکەمان.

- نەبوونی هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کوردستان (پێشمەرگە، زێرەڤانی، پۆلیس، ئاسایش) بۆ ڕێگرتن لەم پەتا خراپە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو مەترسییەی ئێستا لەسەر بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەستی پێ دەکەین، لەوە گەورەترە تەنیا بە هێزەکانی ئاسایشی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێت.

کەواتە لێرەوە دەبێت بەدوای ئەو ڕێوشوێنانەدا بگەڕێین کە دەبنە هەنگاوی جددی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، کە زۆر لە پەتای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان گرنگتر و سەختترە، بۆ ئەمە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەم:

١- مەترسیی گەورەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر تەنیا ئەو چەند هەزار کەسە نییە کە ئێستا لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا لەسەر بەکارهێنان و بازرگانیی ماددەی هۆشبەر زیندانی کراون، بەڵکو مەترسیی گەورە ئەو کەسانەن کە لە دەرەوەی چاکسازییەکانن و ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن و ئالوودە بوون و دەستگیر نەکراون، هەروەها ئەو بازرگانەن کە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ئاسانکارییان بۆ دەکرێت و قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر دەکەن، ئەم حاڵەتە کە هەستی پێ دەکەین، ڕاستییە و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، مانای ئەوەیە چوارچێوەی هەموو ماڵێك لە کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە و دەبێت لە ماڵەکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین و هەموومان بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە یەك هەڵوێست و یەکگرتوو بین، هەروەك لە شەڕی دژی داعش بەو یەکبوونە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ کرایەوە، دەبێت بە هەمان شێوە ئەفسانەی پەتای بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەریش بەتاڵ بکرێتەوە، کە زۆر لە تیرۆریستانی داعش ترسناکترە.

٢- ئەوەی دەکرێت بە گەشبینییەوە سەیری بکەین، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی هەستی بە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر کردووە، هەر بۆیە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ دەرچووە و، هەر بەپێی ئەم یاسایە ئەنجومەنێکی باڵا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دامەزراوە، کە وەك بەڕێز وەزیری تەندروستی ئاماژەی پێ کرد، ١٦ دامەزراوە و سەندیکای هەرێمی کوردستان لەخۆی دەگرێت، بەڵام گرنگە ئەم یاسایە زۆر بە توندی بەسەر ئەو تاوانبارانە جێبەجێ بکرێت کە قاچاخچێتی و بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن.

٣- خاڵێکی دیکەی گرنگ کە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، دروستکردنی ئەو سەنتەرەیە بۆ چارەسەرکردن و شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر، ئەمەش جێگەی دەستخۆشییە.

٤- گرنگە هەڵمەتێکی هۆشیاریی نیشتمانی بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر زۆر بە چڕی و بە بەردەوامی دەست پێ بکات، لەم هەڵمەتە زۆر گرنگە بێجگە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەك (تەندروستی، پەروەردە، ئەوقاف، ڕۆشنبیری و...هتد) حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش بەشدار بن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هی حزبەکانن، هەروەها گرنگە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هاوشێوەی سەندیکای پزیشکان ئەندامی ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بێت، هەروەها گرنگە ئەنجومەنی باڵای هەماهەنگی و هاریکارییەکی زۆر باش لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکات.

**ئەو کەسانەی لەسەر ماددەی هۆشبەر لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) دەستگیر کراون، تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٠) ساڵیدایە، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە نەوجەوانانی تەمەن خوار ١٨ ساڵیان تێدایە، کە ئێستا لە چاکسازییەکانی کوردستان زیندانی کراون**

**ئەو مەترسییەی ئێستا لەسەر بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەستی پێ دەکەین، لەوە گەورەترە تەنیا بە هێزەکانی ئاسایشی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێت**

**چوارچێوەی هەموو ماڵێك لە کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە و دەبێت لە ماڵەکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین و هەموومان بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە یەك هەڵوێست و یەکگرتوو بین**



## پ.د.نەزاکەت حسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە زیان و مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر ڕاگەیاندن کاریگەریی گەورەی دەبێت

پ.د.نەزاکەت حسێن، جیا لەوەی ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسانیشە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، یەکێکە لە پسپۆڕ و ئەکادیمیستە دیارەکانی بواری میدیا لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان و، تا ئێستا سەرپەرشتیی چەندین توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرای کردووە و، دەیان کتێبیشی لە بواری میدیا و کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر میدیا و مرۆڤایەتی نووسیوە. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «پرسی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

بەڕێز د.سالار عوسمان بەرپرسی بەش لەو پەیڤەی لە دەستپێکی ئەم گفتوگۆیەدا پێشکەشی ئامادەبووانی کرد، زۆر بە وردی ئامانجی بازنەی گفتوگۆی خستە ڕوو و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گفتوگۆ بۆ کۆکردنەوەی بیربۆچوونە جیاوازەکانە لە دەوری کێشەکانی خەڵك و هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیار و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی کۆمەڵگەکەی خۆمان، لەم گفتوگۆیەشدا «پرسی ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» کە پرسێکی لە ڕاددەبەدەر مەترسیدارە و کارەسات بۆ کۆمەڵگە دروست دەکات، گوێبیستی زۆر داتا و زانیاری و بۆچوونی ئەم بەڕێزانە بووین، بۆیە سەرەتا دەستخۆشی لە هەموو بەشداربووان دەکەم و جەخت لەسەر ئەوەش دەکەمەوە، کە پرسی ماددەی هۆشبەر پرسێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، جگە لەوەی پرسێکی جیهانی و گرفتی زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەکانی جیهانە، واتە تەنیا پرسێکی لۆکاڵیی تایبەت بە چەند وڵات، یان شوێنێك نییە، لە هەمان کاتدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئابووری، یاسایی، سیاسی، جوگرافی، پەروەردەیی و سیاسیشی هەیە، ڕەنگە لە کۆی هەموو وڵاتان ئەم ڕەهەندانە بەشدار بن لەگەڵ پرسی ماددەی هۆشبەر، بەڵام لەگەڵ تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگە و وڵاتێك هەر یەکە لەم ڕەهەندانە سرووشتی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتێکدا کە جوگرافیاکەی بە شێوەیەکە کە سنوورەکانی ئاسان کۆنترۆڵ ناکرێن، یان نزیکە لەو وڵاتانەی ئەم ماددانە بەرهەم دەهێنن، یان بازرگانی پێوە دەکەن، یان زۆر بەکارهێنەرین، جیاوازە لە وڵاتێك کە هەڵکەوتە و سنوورەکەی بەم شێوە نییە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە دابڕانی کۆمەڵایەتییان هەیە، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکە

جیاوازە لە کۆمەڵگەیەك کە نادادیی کۆمەڵایەتی هەیە، بە هەمان شێوە ڕەهەندەکانی دیکەش لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن، بەڵام لە کۆی گشتیدا بۆ هەموو کۆمەڵگەکان ماددەی هۆشبەر مەترسییەکی گەورەیە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەشی چەندین میکانیزیمی جۆراوجۆر پیادە دەکرێت. با بێینە سەر باسەکەی خۆمان، ئایا ئەم بابەتە بووەتە مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان؟ لە وەڵامدا ئەگەرچی من باسی داتا و ئاستی بەکارهێنان و کەیسەکانی قوربانی ناکەم، چونکە هەڤاڵانم زۆر جوان ئەو شتانەیان خستە ڕوو، بەڵام بەڕای من ئاستی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەم ماددەیە کەم بێت، یان زۆر، مەترسییەکی گەورە و مۆتەکەیەکی دیکەیە کە بەرۆکی ئەم نیشتمانەی گرتووە، چونکە هەرێمەکەی ئێمە هەرێمێکی بچووکە، کۆمەڵگە بچووکەکانیش زۆتر دادەڕمێن و کەمتر بەرگەی دیاردە دزێو و مەترسیدارەکان دەگرن، لە هەمان کاتدا هەڵکەوتەی جوگرافیمان و سنوورەکانمان کە کراوەن لە بەردەوم وڵاتانێك کە دۆستمان نین و، هەندێکیان سەرچاوەن بۆ هاوردە و هەناردەی ئەم مادانە، ئەوەش وای کردووە هەرێمی کوردستان بووەتە گوزەر بۆ بازرگانیکردن بەم ماددانە. ئێمە نە لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەر و نە لەگەڵ ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە ئێستا داتاکان دەریان خستووە ڕێژەی بەرزی ئەم مادانە لەوێوە دێن، سنوورەکانمان تۆکەمە نین و کراوەن، سەرباری ئەوەش تا ئێستا سەقامگیرییەکی ئابووریمان نییە، تاکو بتوانین بودجەی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی تووشبووان تەرخان بکەین. ئێمە ئامادەکارییەکی یاسایی تەواو پێویستمان نییە، ئامادەکارییەکی پەروەردەیی و هۆشیاریمان نییە بۆ تاکەکان بۆ خۆپارێزی، سەقامگیریی سیاسیشمان نییە، هەر ڕۆژەو بەربەستێك بۆ سەقامگیریی هەرێمەکەمان دروست دەکرێت، سەقامگیریی سیاسی و ئابووری دوو خاڵی بەهێزن، تا وڵات ڕووبەڕووی دیاردەکان ببێتەوە و بودجەی بۆ تەرخان بکات. لە ڕووی فریاکەوتن و ڕێکاری ئاسایشەوە ناتوانین وەك وڵاتانی پێشکەوتوو بە ئامێری پێشکەوتوو و هێزی پۆلیسی تایبەت چاودێریی ئەو بارودۆخە بکرێت و ڕێگری لە بەکارهێنان و بازرگانی پێوەکردنی بکرێت، بۆیە مەترسییەکان بۆ سەر کۆمەڵگەکانی دیکە چەند بن، بۆ هەرێمەکەی ئێمە چەند جارەیە، خوانەخواستە وا بڕوات، بەرگەی چەند ساڵێك ناگرین و لە ئایندەیەکی نزیکدا هەرێمێکی گیرۆدە بە دانیشتووانێکی نەخۆش و تووشبوومان دەبێت و کاریگەریی قورس دەکاتە سەر ژێرخانی ئابووری و توانا مرۆییەکان، بەتایبەتی گەنجانمان. من کۆمەڵێك پێشنیارم هەیە لە ئێستادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، تاکو نەگەیشتووینەتە قۆناغێکی وا کە کارەکە لەدەست بڕوات. ئەوانیش، یەکەم: پێویستمان بە پلانێکی نیشتمانی و هەماهەنگیی نێوان هەموو ئەو وەزارەت و دامودەزگایانە هەیە، کە وابەستەن بەم پرسەوە.

دووەم: هۆشیاری و پەروەردە کە بە قوتابخانە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و شوێنە ئایینییەکانی وەك مزگەوت و کەنیسە و زانایانی ئایینی دەکرێت، چونکە مرۆڤ دەبێت وا پەروەردە بکرێت، خۆی تاوان نەکات، نەك لە خەڵك و پۆلیس بترسێت.

سێیەم: ئەنجامدانی توێژینەوەی قووڵ لەسەر دەستنیشانکردنی سنوورەکانی هاتنە ناوەوە و ئاستی بەکارهێنان و شێوازی بازرگانی پێوەکردن و هەموو سەرچاوەکانی زیادبوونی بەکارهێنان و تووشبوون بەم مادانە، تاکو بتوانرێت داتاکانی ئەو توێژینەوانە لە هەڵمەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەدا بەکار بهێنرێت.

چوارەم: ڕاگەیاندن وەك ئامرازێکی هۆشیارکردنەوە بەکار بهێنرێت بە بەرهەمی جۆراوجۆر لە مەترسییەکانی تووشبوون بەم مادانە، بۆ نموونە دەکرێت درامایەك بەرهەم بهێنرێت، کە چارەنووسی تاڵی ئەو کەسانەی تیادا بێت، کە تووشبوون و خێزان و ژیان و ئایندەیان لەدەست داوە، یان دۆکیومێنتاری، یان ڕاپۆرت لەسەر کەیسەکانی قوربانی بکرێت، یاسای پێویست و توند بۆ بازرگانیکردن و بەکارهێنان دابنرێت و بەرکار بکرێت و سازش و چاوپۆشی بۆ کەس نەبێت، ڕێکاری چارەسەر وەك نەخۆش بۆ کەسانی تووشبوو بگیرێتە بەر کە لە زۆر وڵاتان کلینیکی تایبەتی دانراوە لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە بۆ چارەسەری پزیشکیی قۆناغبەندی تووشبووەکان. ڕۆڵی دامەزراوە ئایینی و پەروەردەیی و هۆشیارییەکان چالاك بکرێت و هاوکاری و پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی هەبێت بۆیان، تاکو بە ڕۆڵی خۆیان هەستن و تاکەکان هۆشیار و بەئاگا بکەنەوە، دەکرێت پشتیوانیی دارایی ئەو ڕێکخراوانە بکرێت کە پرۆژەیان هەیە بۆ چاکسازی لەم پرسەدا و، گەنجان دوور دەخەنەوە و بەئاگایان دەهێننەوە، نەك گەنجان بە تەنیا، بەڵکو دایك و باوکان هۆشیار بکرێنەوە تاکو بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵە تووشبووەکەیان دەکەن، یان نەهێڵن تووش ببێت. چونکە بە بێ هاوکاری و ڕۆڵی خێزان ئەستەمە تاك بپارێزرێت لە نزیکبوونەوە لەم ماددانە.

**ئاستی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەم ماددەیە کەم بێت، یان زۆر، مەترسییەکی گەورە و مۆتەکەیەکی دیکەیە کە بەرۆکی ئەم نیشتمانەی گرتووە**

**هەرێمەکەی ئێمە هەرێمێکی بچووکە، کۆمەڵگە بچووکەکانیش زۆتر دادەڕمێن و کەمتر بەرگەی دیاردە دزێو و مەترسیدارەکان دەگرن**

**مرۆڤ دەبێت وا پەروەردە بکرێت، خۆی تاوان نەکات، نەک لە خەڵک و پۆلیس بترسێت**

**دەکرێت درامایەک بەرهەم بهێنرێت، کە چارەنووسی تاڵی ئەو کەسانەی تیادا بێت، کە تووشبوون و خێزان و ژیان و ئایندەیان لەدەست داوە**





**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، لە ڕیشەوە هەڵتەکاندنی کۆمەڵگە و نەمانی ئاسایشی تاک و سەرەنجامیش ئاسایشی نەتەوەییمانە

**فەرهاد محەمەد، جیا لەوەی ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەمجارە «ماددەی هۆشبەر و مەترسییەکانی» بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:**

لەو ڕاپۆرتە مەیدانییەی لە ناو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کرابوو، ئێمە هەموومان لێرە بینیمان و گوێمان لە قسەی ئەو کەسانە گرت کە بەکارهێنەر و ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر بوون، نەجەوانێکی خوار تەمەن ١٨ساڵ کە بە پێنج ساڵ زیندانیکردن سزا درابوو، پێی گوتین: «ماوەی چوار ساڵ ماددەی هۆشبەرم بەکار هێناوە و ئالوودە بووم، هەتا دەستگیر کرام، دەرهاویشتە خراپەکانی لەسەرم بریتی بوون لە کەم خەوتن، نەمانی ئارەزووی خواردن، لاوازی، گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە خێزان و کەسوکار، هەستکردن بە پەستی و بێزاری و تەنانەت بایەخ نەدان بە پاکوخاوێنی جەستەیی، تێکچوونی شیرازەی خێزان و پەرتەوازەبوونی خێزان، دابڕان لە خوێندن، زۆر کەسیش بۆ پەیداکردنی ماددەی هۆشبەر پەنای بۆ کاری خراپ و دزی بردووە»، ئافرەتێکی گەنجیش پێی گوتین: «خۆم و هاوسەرم لەسەر ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشەر لە زیندانی چاکسازییەکانین، لێك جیابووینەتەوە و منداڵەکەشمان سەرگەردان بووە و ئێستا کەسێکی دیکە بەخێوی دەکات»، هەروەها ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندیش کە هاوسەری هەیە و دایکی سێ منداڵە پێی گوتین: «من دکتۆرێکی هاوڕێم لە ڕێگەی نێرگەلەکێشانەوە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری کردم، کە ئەو نێرگەلەیەم دەکێشا، ئارەزووی ئەوەم هەبوو لای دکتۆرەکەی برادەرم بمێنمەوە و نەچمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم کە هاوسەرم هەیە و خاوەنی سێ منداڵیشم»، گوتیشی: « لەناو چاکسازییەکان بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر یەکتری دەناسن و لە ئایندە دەبنە گرووپی گەورە».

ئەم سێ پەیڤە کە واقیعی تووشبووان و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەرەکانمان پیشان دەدات، دەیان ڕەهەندی مەترسیداری لێ دەخوێندرێتەوە، لەوانە کوشتنی ئەقڵی گەنج، دابڕان لە خێزان و خزم و کەسوکار، دابڕان لە خوێندن و پیشە،

دروستبوونی زەمینە بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ، وەك دزی و کوشتن، جیابوونەوەی هاوسەرەکان و لەبەریەکهەڵوەشانی خێزانەکان و سەرگەردان بوونی منداڵەکانیان، زەمینە خۆشکردن بۆ خیانەتی خێزانی و.. هتد.

ئەم دەرەنجامە ترسناکە کە تەنیا لە چەند پەیڤێکی چەند خولەکی گوێمان لێی بوو، زەنگی زۆر مەترسیدار بوون بۆ لە ریشە هەڵتەکاندنی کۆمەڵگە و نەمانی ئاسایشی تاك و کۆمەڵگە و سەرەنجامیش ئاسایشی نەتەوەیی.

ئەم ئالوودەبووانەی ماددەی هۆشبەر وەك وەزیری تەندروستیش ئاماژەی پێ کرد، دەبێت وەك نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و حکومەتیش بڕیاری داوە کە سەنتەری چارەسەر و شیاندنەوەیان لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ بکاتەوە و چارەسەریان بکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێنەوە، بەڵام لێرەدا کێشەکە ئەوەیە بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر تەنیا ئەو چەند هەزار کەسەی هەر دوو ڕەگەزی (نێر و مێ) نین کە ئێستا لە چاکسازییەکانی کوردستاندان، بەڵکو مەزندە دەکرێت، ئەمانە کەمینەیەك بن دەستگیر کرابن و، زۆرینەی لە دەرەوەی چاکسازییەکان و لەناو کۆمەڵگە بن، بۆیە دەبێت لەم ڕاستەوە زۆر بە گەورەتر سەیری کارەسات و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا بکەین.

لەم گفتوگۆیەدا زۆر ڕاشکاوانە تیشك خرایە سەر ئەو ستراتیژیەتە نیشتمانییە گشتگیرە کە لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر ئامادە کراوە و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە دەبێت بە پەلە ئەم ستراتیژیەتە جێبەجێ بکرێت و، لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژیەتەدا بێجگە لە دامەزراوەکانی حکومەت و سەندیکاکان، گرنگە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی وەك هەندێك لە بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد، بەشێك خەڵکانی دەستڕۆیشتووی ناو حزبە سیاسییەکان لە تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە تێوە گلاون.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەم ستراتیژە گشتگیرە بە پلەی یەکەم بۆ ڕێگرتنە لە تاوانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و توندکردنی ڕێوشوێنی پێویست، بۆ ئەوەشی هەموو جەستەی کوردستان لە ماددەی هۆشبەر پاك بکەینەوە، لێرەدا چەند خاڵێك ئاماژە پێ دەکەم:

١- پشتگیریی ئەو بۆچوونەی د. تاقگە دەکەم کە داوا دەکات، ئەو ماددەیەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی هەموار بکرێتەوە کە دەڵێت «تاوانبارانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بە سزای لە سێدارەدان، یان هەتا هەتایی سزا بدرێن»، بگۆڕێت تەنیا بە سزای لە سێدارەدان و بڕیارەکەش جێبەجێ بکرێت.

٢- یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بەسەر هەموو تاوانبارانی ماددەی هۆشبەردا جێبەجێ بکرێت و ناسنامەی ئەو تاوانبارانە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێت، ئەمەیان دەبێت لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت، کە ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانبارانی بارزگانیکردن بۆ ڕای گشتی ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی هاووڵاتیان و کۆتاییهێنان بە دڵەڕاوکێی دایك و باوکان لەسەر ئایندەی منداڵەکانیان.

٣- بڕیارێکی دەستەجەمعیی سیاسی بدرێت، کە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، پرسێکە پەیوەندی بە ئاسایشی هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە دەبێت هەڵمەتێکی نیشتمانی بکرێت بۆ هۆشیارکردنەوە لەسەر مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر بە بەردەوامی و لە هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردستانەوە، بە سوشیال میدیاشەوە.

٤- دانانی ستراتیژیەتێکی هاوبەش لە نێوان حکومەت و کۆی دامەزراوە و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە سەرانسەری کوردستاندا، ئەمڕۆ کەرتی تایبەت هەموو جومگەکانی ژیانی بە هاوشێوەی دامەزراوەکانی حکومەت گرتووەتەوە، بۆیە دەبێت پلانێك هەبێت کە ساڵانە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کەرتی تایبەت کاری شایستەیان بە پێی بڕوانامەکانیان بۆ بدۆزرێتەوە و، ناکرێت بزنێسمانەکانی کەرتی تایبەت مەرجی مەحاڵ و نابەجێ بۆ دامەزراندنی گەنجەکانمان دابنێن، دەبێت حکومەت لەسەریان فەرز بکات، گەنجەکانی خۆمان دابمەزرێنن.

٥- دەبێت ڕێوشوێنی زۆر توند بەرانبەر ئەو شوێنانەی وەك کافتریاکان کە گەنجان ڕووی تێ دەکەن و نێرگەلەی تێدا دەکێشن، دابنرێت و سزای توند بۆ خاوەنی ئەو کافتریایانە بە هاوشێوەی تاوانبارانی ماددەی هۆشبەر دابنرێت، کە ماددەی هۆشبەر دەکەنە ناو نێرگەلە، نابێت تەنیا بە داخستنی کافتریاکە سزا بدرێن.

**ئەم ئالوودەبووانەی ماددەی هۆشبەر وەک وەزیری تەندروستیش ئاماژەی پێ کرد، دەبێت وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و حکومەتیش بڕیاری داوە کە سەنتەری چارەسەر و شیاندنەوەیان لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ بکاتەوە و چارەسەریان بکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێنەوە**

**کێشەکە ئەوەیە بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر تەنیا ئەو چەند هەزار کەسەی هەر دوو ڕەگەزی (نێر و مێ) نین کە ئێستا لە چاکسازییەکانی کوردستاندان، بەڵکو مەزندە دەکرێت، ئەمانە کەمینەیەک بن دەستگیر کرابن و، زۆرینەی لە دەرەوەی چاکسازییەکان و لەناو کۆمەڵگە بن**

**ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانبارانی بارزگانیکردن بۆ ڕای گشتی ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی هاووڵاتیان و کۆتاییهێنان بە دڵەڕاوکێی دایک و باوکان لەسەر ئایندەی منداڵەکانیان**

# فاکتەر و ئالنگارییەکانی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان

بێگومان ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی دراوسێ هەنگاوی باشیان ناوە، لە بەشێکی گرنگی سێکتەرە هەستیارەکاندا ڕۆڵ و پێگەیان دیارە، تەنانەت لە زۆربەی حزبە سیاسییەکان و جومگەکانی حوکمڕانی و دەستەڵاتی یاسادانانداندا بە شێوەیەکی گونجاو سیستەمی کۆتا جێبەجێ کراوە، ئەوەی گرنگە هەنگاوی زۆر باش نراوە، بەڵام ڕەنگە ئەمە لە ئاست چاوەڕوانیی ئافرەتانی کوردستان نەبێت، چونکە ئافرەتانی کورد بەتوانان و شایەنی ئەوەن زۆر زیاتر ڕۆڵ و پێگەیان پێ بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا تا ڕاددەیەکی باش هەنگاو نراوە، چونکە نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی زۆر لەسەرخۆ هەنگاو دەنێن، بەشداریی ئافرەتانیش لە هەر کایەیەك لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام لێرەشدا پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین، بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو تا ڕاددەیەکی زۆر باش هەنگاوی گرنگ نراوە و توانراوە بە سەر کۆسپ و تەگەرە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بین .


فاکتەر و قۆناغەکان

لێرەدا کۆمەڵێك فاکتەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەن، کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی تواناکانی ئافرەتان و بەشدارییان لە پرۆسە جیاوازەکاندا، بەڵام سەرەتا پێویستە کار بۆ دامەزراندنی میکانیزمێك بکرێت کە یارمەتیی تەندروستی بدات لە کۆمەڵگەکاندا بۆ بەشداریکردنێکی یەکسان و دادپەروەرانە لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتیدا، بەتایبەتی بواری سیاسی، سەرەتاش پێویستە ئەم خاڵانە پەیڕەو بکرێن:

- لایەنی پەروەردەیی و کەلتووری: پێویستە گرنگی بە بابەتی پەروەردە و هۆشیاریی تەندروستی بدرێت بۆ خوێندن و فێربوون تا ئەو کاتەی بەرزترین بڕوانامەی ئەکادیمی بەدەست دەهێنن و نەك تەنیا دەخوێننەوە، دەنووسن، یان بەس نین بە کەمترین پلەی خوێندن و دواتر دەست بکەن بە کاریگەری کردنیان لە ڕێگەی گرنگیدان بە توانایی ئافرەتان، چونکە بواری پەروەردەکردن سەرەکیترین هەنگاوی دروستکردنی توانایی ئافرەتانە، چونکە نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست هۆکارێکی سەرەکییە لە کەمیی بەشداریی ئافرەت لە سێکتەری سیاسیدا، واتە لایەنی پەروەردەیی هۆکارێکی سەرەکی و گرنگە لە بەهێزکردنی توانا و بواری پەرەپێدانی سیاسیی ئافرەتاندا.
- بەهێزکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی: ئەمەش پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە، لە ڕێگەی کۆنفرانس و سیمینارەکان دەتوانرێت کار لەسەر توانا و هێزی ئافرەتان بکرێت و، وەبەرهێنانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە هزری ئافرەتاندا دروست بکرێت بۆ بەشداری لەکایەی سیاسی، گواستنەوەی توانا هزرییەکانی ئافرەتان و پەرەپێدانی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی تواناکانیان لە ڕێگەی پلانی کرداری و واقیعی و لەسەر زەوی.
- لایەنی یاسادانان: ئەو شوێنەی کە پێویستە

**نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست هۆکارێکی سەرەکییە لە کەمیی بەشداریی ئافرەت لە سێکتەری سیاسیدا**

**لە ڕێگەی کۆنفرانس و سیمینارەکان دەتوانرێت کار لەسەر توانا و هێزی ئافرەتان بکرێت و، وەبەرهێنانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە هزری ئافرەتاندا دروست بکرێت بۆ بەشداری لەکایەی سیاسی**



د. مەیادە نەجار

بۆ گوڵانی نووسیوە

یاسادانان ئامادە بکرێت و پەسەند بکرێت، کە پەیوەندی بە کێشەکانی جیاکاریی ئەرێنی هەیە، تا ڕاددەیەك لە هەرێمی کوردستان یاسای نایاب دانراوە، نموونەش دیاریکردنی کۆتایە کە لە ئێستادا ڕۆڵێکی کاریگەری بۆ بەشداریی ئافرەتان هەیە .

• مەرجە لایەنی جێبەجێکاری تایبەتمەند بە ئافرەتان کە خۆی لە چەند دامەزراوەیەك دەبینێتەوە، هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان بکات و هەنگاوی هاوبەشیان بۆ پێشکەوتنی تواناکانی ئافرەتان هەبێت، بۆ نموونە وەزارەتە تایبەتمەندەکانی ئافرەتان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لەم بوارەدا بگێڕن.

• ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم چوارچێوەیەدا دەبێت ڕۆڵێکی ڕاستەقینە و بەرچاویان هەبێت، چونکە ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانە بەرچاو و کرداری نابێت، تەنیا لە ڕێگەی هەڵمەتی هۆشیاریی بەردەوامەوە نەبێت، بگرە دەبێت بەردەوام هەوڵەکانیان بۆ چالاکیی جۆراوجۆر لە هەموو ناوچەکان تەرخان بکەن.

ئافرەتان و گۆنگرەی چواردە

بێگومان بە درێژایی خەباتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرجەم کایەکاندا ئافرەتان ڕۆڵ و پێگەیان دیار بووە، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان وەك یەکەم پارت لەسەر ئاستی ناوچەکە ئافرەتی گەیاندە ئاستی سەرکردایەتی، لە هەموو کۆنگرەکاندا ئافرەتان ڕۆڵ و پێگەیان دیار بووە، هەمیشە بە درێژایی مێژوو لە ئاستی سەرکردایەتیی پارتی ئافرەت ڕۆڵیان هەبووە، ناهیدە شێخ سەلام دیارترین ئافرەتە کە توانیویەتی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بگاتە ئاستی سەرکردایەتیی پارتی . کۆنگرەی چواردەی پارتی، جارێکی دی ئەوەی سەلماندەوە کە ئافرەتان خاوەنی ڕۆڵ و پێگەی خۆیانن و ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لەم کۆنگرەیە ٢٥٪ بوو، هەروەها لە سەرکردایەتیش ڕێژەکە بۆ ١٥٪ زیاد کرا، ئەمەش هەنگاوێکی مێژوویی مەزنە لە وێستگەی خەباتی ئافرەتان لە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها لە ڕوانگەی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە، بە شێوەیەکی بەرچاو ئافرەتان بەرپرسیارێتی ئۆرگانە جیاوازەکانی پارتی دەگرنە ئەستۆ، ئەمەش جارێکی دی نیشانەی دڵخۆشییە..

ئەوەی من دەرکم پێ کردبێت، بە لای زۆربەی ئافرەتانی کوردستان و بەتایبەتیش ئافرەتە چالاکەکانی نێو پارتی، هیوایەکی گەورەمان هەڵچنیوە بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە مێژووییە کە سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی و ئەندام و لایەنگرانمان ڕەخساندوویانە بۆ بەشداریکردنی ئافرەت، ببێتە مایەی هەنگاوی مەزنتر و بەگەڕخستنی توانای زیاتر و چنینەوەی بەرهەمی ئەم هەنگاو و دەستکەوتە لە نێو کایەی حزبی و بەتایبەتی لە ئۆرگانەکانی پارتیماندا ڕەنگ بداتەوە و، هەلی زیاتر بڕەخسێندرێت بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەتان و، بایەخ بەو هەنگاوە بدرێت کە سەرۆك بارزانی بە بوێرییەوە دەرگای بە ڕووی بەشداریکردنی ئافرەتان لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە.

**بە درێژایی خەباتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرجەم کایەکاندا ئافرەتان ڕۆڵ و پێگەیان دیار بووە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەم پارت لەسەر ئاستی ناوچەکە ئافرەتی گەیاندە ئاستی سەرکردایەتی**

## ئەژین ئیسماعیل:

# سوپاس بۆ خوا تا ڕاددەیەک توانیومە بە داهاتی کارەکەم بژێوی خۆم و خێزانەکەشم دەستەبەر بکەم

**وردبینی و بەسەلیقەیی و دەستڕەنگینیی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تاوەکو ئەمڕۆش ئافرەت وماڵداری دووانەیەکی دانەبڕاون، لەم نێوەندەشدا ئافرەتی کورد لە هەموو بارودۆخێکدا پاڵەوانی سەردەمی خۆی بووە، وێڕای ئەرکی هاوسەرداری و دایکایەتی کۆمەڵێك ئەرکی دیکەشی بە بوێرییەوە ئەنجام داوە. ئەژین ئیسماعیل خانمە گەنجێکی بە سەلیقەی شارە جوانەکەی ڕانییە، دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ بە هۆی نەڕەخسانی دەرفەتی کارکردن لە کەرتی گشتی، بێ ئەوەی چاوەڕوانی دەستی کەس بکات، دەست دەداتە کاری دەستی و برەو بە توانا و بەهرەکانی دەدات، لەم دیمانەیەشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ژیانی تایبەتیی خۆی و کارەکەی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئەژین ئیسماعیل، لە شاری ڕانیە لەدایك بووە و هەر لەوێش ژیان دەکات، دەرچووی کۆلیژی زانستە پراکتیکییەکانی زانکۆی هەڵەبجەیە، ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و نزیکەی نۆ ساڵە لە ڕێگەی کارە دەستییەکانەوە داهاتی خۆی دەستەبەر دەکات، لە هەمان کاتیشدا بە داهاتەکەی هاوکاریی خێزانەکەی دەکات. وەك خۆی باسی کرد، لە ئێستادا لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە کارە دەستییەکانی بە کڕیارە دڵخوازەکانی دەفرۆشێت، بەم شێوەیەش باس لە خەون و خولیاکانی دەکات: «وەك دەبینن، تاوەکو ئێستا دانەمەزراوم، ئەگەرچی دەرچووی کۆلێژی زانستە پراکتیکییەکانی زانکۆی هەڵەبجەم، هەر بۆیەش پشتم بە خۆم و خولیاکانم بەستووە، لە دوای ئەوەی کە خوێندنم تەواو کرد، زیاتر هاتمە ناو ئەو دونیا ڕەنگاڵەی کاری دەستییەوە. هەتا ئێستاش لە کارەکەم بەردەوامم، جۆری ئەو کەلوپەلانەی دروستی دەکەین، بریتین لە کاری چنین و تەواوی کارە دەستییەکان لە هەموو بابەتەکان جگە لە کاری هەڵکۆڵین لەسەر دار و زێڕ و زیو». گوتیشی: «نزیکەی نۆ ساڵە خەریکی ئەم کارە دەستییانەم، زۆر حەزم لە کاری چنینە و هەر لە منداڵییەوە ئەو خولیایە لە مندا چرۆی کردبوو، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم بە خوێندنەوە نەمدەتوانی وەك براندێك کارەکانم بخەمە بازاڕ، یانیش ببێتە کارێکی بەرداوامم، کە خوێندنم تەواو کرد، لەگەڵ چەند خانمی هاوڕێم بە گرووپ دەستمان پێ کرد، سەرەتای کارکردنم ئەوە بوو لە ڕێگەی پێشانگە و فیستیڤاڵی زانکۆ و پەیمانگەکانی دەڤەرەکەم بەرهەمی کارەکانمان بە بازاڕ دەکرد. دواتر کارەکانم لە ڕێگەی فەیسبووك و ئینستاگرامەوە بە دڵخوازانی ناساند».

ئەژین ئیسماعیل، باسی ئەوە دەکات کە لە ڕێگەی دانانی دووکانەوە سەرکەوتوو نەبووە و ئەو بوارەشی تاقی کردووەتەوە. هەر لەو بارەیەوە



گوتـی: «سـێ سـاڵ پێـش ئێسـتا دووكانێكـی پـڕ لـە ئومێـدم دامەزرانـد، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی نەمدەتوانـی بـەردەوام لـەوێ جێگیـر بـم، بـەردەوام نەبـووم، بۆیـە بـە ناچـاری بڕیـارم دا، لـە ڕێگـەی ئۆنلاینـەوە كارەكانـم بـە دڵخـوازان بناسـێنم و داواكارییەكانیـان وەربگـرم. سـوپاس بـۆ خـوا تـا ڕاددەیـەك توانیومـە بـە داهاتـی كارەكـەم بژێـوی ژیـان بـۆ خـۆم و خێزانەكەشـم دەسـتەبەر بكـەم».
ئـەو خاتوونـە دەسـتڕەنگینە، جەختـی لـەوە كـردەوە، كـە خوازیـاری ئەوەیـە هونـەر و بەهـرەی خـۆی بـە كەسـانی دیكـەش فێـر بـكات، هـەر لـەو بارەیـەوە گوتـی: «هـەر لـە سـەرەتاوە خولیـام ئـەوە بـووە، بتوانـم ئـەو بەهـرە و هونـەرەی كـە پێمـە، بیگەیێنمـە زۆرتریـن كـەس، تاوەكـو ئەوانیـش بتوانـن لـە منـەوە فێـر بـن. لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوو چەندیـن خولـی فێركاریـم لـە فێرگـە جیاجیاكانـی ناوچەكـەم كردووتـەوە و بـە دەیـان كـەس لێـی سـوودمەند بـوون. زۆریـش دڵخۆشـم كـە دەبینـم چەندیـن كـەس لەسـەر دەسـتی مـن ئێسـتا بوونەتـە خـاوەن بزنێسـی خۆیـان و بگـرە لـە كارەكەیـان لـە منیـش پێشـكەوتووترن».
لـە وەڵامـی ئـەو پرسیارەشـدا كـە لـە سـەرەتای كاركردنـت كـێ هـاوكارت بـوو، گوتـی: «تەنیـا خێزانەكـەم هـاوكار و یارمەتیـدەرم بـوون. پاڵپشـتیی خێـزان هۆكارێكـی سـەرەكییە بـۆ سـەركەوتنی كچەكەیـان لـە هـەر بوارێكـدا بێـت، چونكـە كچانـی پشـت ئەسـتوور بـە خانەوادەكانیـان دەتوانـن هەمـوو بەربەسـتەكان تێـك بشـكێنن و ئـەو ئەنجامـەی كـە دەیانەوێت بەدەستی بهێنـن. سـوپاس بۆخوا لـە ئێسـتادا ئاسـتی تێگەیشـتنی خەڵـك لـە بەرانبـەر كاركردنـی ئافرتـان بـەراورد بـە ڕابـردوو زۆر باشـە، وردە وردە خەریكـە ئـەو تێگەیشـتنە بەرانبـەر ئافـرەت دەگاتـە ئاسـتێكی باشـتر».
بەمجـۆرەش باسـی ئاسـتی ئـازادی و كاركردنـی ئافرەتـی لـە ڕانیـە كـرد: «لـەو قوناغـەی ئێمـە دەسـتمان پـێ كـرد، هەندێـك قـورس بـوو، بـەڵام سـوپاس بـۆ خـوا ئێسـتا وردە وردە خەریكـە كچـەكان لەو چواردیـوارە دێنـەدەر و دەبنـە خاوەنكاری خۆیـان، چونكـە سـەرەتا كـە ئێمـە دەسـتمان پـێ كـرد، قـورس بـوو، بـە هـۆكاری ئـەوەی لـەو سـەردەمەدا كچـان كـەم دەهاتنـە دەرەوە بـۆ كاركـردن، بۆیـە سـەرەتا تووشـی توانـج و قسـەی ناخۆشـی دەوروبـەر دەبوویـن، بـەڵام بـە بەردەوامیـدان بـە كاركردنمـان و هاوكاریـی خێزانـەكان توانیمـان سـەركەوتوو بیـن، تەنەنـات ئـەو كەسـانەی كـە قسـەیان دژی كاركردنـی ئافـرەت دەكـرد، توانیمـان وایـان لـێ بكەیـن، كچەكانـی خۆیـان بنێرێنـە لای ئێمـە».

# پسپۆڕانی بواری پەروەردە خوێندنەوەی جیاواز بۆ خولی هاوینەی قوتابییان دەکەن



**ساڵانە لەگەڵ کۆتاییهاتنی وەرزی خوێندن و دەستپێکردنی پشووی هاوینە، خولەکانی بەهێزکـردن و خوێندنی مەنهەجی قوتابخانە و فێر بوونی زمان بە ڕووی قوتابییان دەکرێنەوە، ژمارەیەك لە پەروەردەکاران لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گولان، لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی ئەو جۆرە خولانە بۆ بەخێوکاران دەخەنەڕوو.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**



«گومانی تێدا نییە، خول و ڕاهێنانی هاوینە کە لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی ڕاهێنان و ناوەندەکان دەکرێنەوە، سوود و قازانجی زۆر گەورە و نایابی جۆراوجۆری هەیە، چ لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کار و پسپۆڕی و چ لە وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و چ لە بەدەستهێنانی شارەزایی زیاتر و گەشەپێدانی تواناکانی خودی کەسانی بەشداربووی خولەکان، دەرئەنجام نەوەیەکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و پڕ چەك لە زانست و وشیار و بەهێز و بەتوانا لەو خولانە دەردەچن، کە ئەویش لە ئەنجامی سوودوەرگرتن لەوانە و بابەتەکانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرین کە خۆی لە خۆیدا تەکانێکی چۆنی و پێویست لە توانای بەشداربووان بەدی دەکرێت، دوای تەواوکردنی خولەکە، بە مەرجێ چاودێریی بابەتی لەسەر کۆی گشتی خول و ڕاهێنانەکان هەبێت، هەڵسەنگاندن بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی داهێنان و تواناکان بکرێت».

**پێویستە بەردەوام لێپرسینەوە و بەدواداچوون هەبێت لە چۆنیەتی دانانی پلان بۆ ئەو جۆرە خولانە**

ئەوە بەشێك لە وتەکانی بەکر کەریم حەسەن بوو، کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێڕی پەروەردەیی. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «سەرکەوتنی ئەو جۆرە خولانە خۆی لە خۆیدا بە دەستهێنان و جێبەجێکردنی ئامانجە گشتییەکەیە، ئەویش لە ئەنجامی بەدواداچوون و چاودێریکردنی بەردەوام دەبێت، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان، کە پێویستە بەردەوام لێپرسینەوە و بەدواداچوون هەبێت لە چۆنیەتی دانانی پلان بۆ ئەو جۆرە خولانە و دواتریش میکانیزمی جێبەجێکردن لە ڕووی مامۆستای وانەبێژی بابەتەکان و پرۆگرامی ئامادەکراو، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خوێندنی بابەت و وانەکان و ئیدارەدانی خولەکان لە ڕووی شوێن و کات و کادیرانی پەروەردە و فێرکردن و قوتابیانی بەشداربوو، هەروەها چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەرهەم و ئامانجی داواکراو و مەبەستدار لە کردنەوەی ئەو جۆرە خولانە، چونکە مافی سرووشتیی هەموو قوتابییەکە لە هاوین بەشداری لەو جۆرە خولانە بکات، بۆ ناساندنی خودی خۆی و چەسپاندنی ناسنامەی نیشتمانی و پەرەپێدانی بەردەوام و بنیادنانی کەسایەتیی بەهێز و هاوسەنگ و هاوکێش بۆ قوتابیان

**ئەو خولانە دەبنە هۆی پاراستنی قوتابی لە شوێنەوار و ئاسەوار و بۆشایی نەرێنی**

بەگشتی، گەشەپێدانی گیانی هاووڵاتی بوون بۆ خاك و نیشتمان و قایمكردن و مكومكردنی چەمكی پارێزگاریكردن لە شكۆ و سەروەریی نیشتمان و وڵات و سەقامگیریی نیشتمان و پەرەپێدانی كارامەییەكانی ژیان و چەسپاندنی بەها كۆمەڵایەتی و پەروەردەییەكان، جیا لە هەموو ئەوانەش، ئەو خولانە دەبنە هۆی پاراستنی قوتابی لە شوێنەوار و ئاسەوار و بۆشایی نەرێنی».

گوتیشی: «لە بیرمان نەچێت، هەموو باوك و دایكێك ئاواتەخوازن و هەوڵی بەردەوام دەدەن، تا منداڵەكانیان خۆشترین ژیان بە سەربەرزانە بەرێ بكەن، بۆیە گەورەترین سوودگەیاندن كە بتەوێ پێشكەشی منداڵەكان بكرێن، ئەوەیە فێركردن و فێربوونیان بەردەوام بێت، تا بتوانن لە پاشەڕۆژ كەسێكی ژیر و زیندوو و بەئاگا بن بۆ كۆمەڵگە و بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن و بە جوانترین شێوە پەروەردە كرابن، هەرگیز سازش و مساوەمە لەسەر مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەكان نەكەن و خاوەنی بەرزترین كارامەیی و توانا و بەها بەرزەكانی ڕەوشت بن».

د. بەهزاد تاهیر سەلیم مامۆستای زانكۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر سەیری مێژووی وڵاتە هەرە پێشكەوتووەكان بكەین، ئەو وڵاتانەی كە سەدان ساڵە شارستانیەت و كەلتوور و فەرهەنگێكی بەرزیان هەیە و، لە هەموو ڕوویەك پێشكەوتوون، بگرە لە هونەر و مۆسیقا و زانست و وەرزش و كایەكانی دیكەی پێویستی ژیان. ئەو پێشكەوتووییە هەروا بە بێ هەوڵ و ماندووبوون و بەرنامە و پلان دەست نەكەوتووە، بەڵكو زادەی ساڵانێكی درێژە لە بەرنامەڕێژی و بوونی ئیمان و ئیرادە بۆ ڕۆشنبیریی خۆیان و كۆمەڵگەكەیان، ئەوەش بە بێ بوونی سەنتەر و پەیمانگا و شوێنی تایبەتی و پرۆفێشنال لە بازاڕدا دروست نابێت».

د. بەهزاد ڕای وایە: «خوێندنی زانكۆیی شێوە و هەیكەلیەتی بە شێوەیەكە كە هیچ تاكێك بە تایبەتی لەسەر پیشە، یان هونەرێكی دیاریكراو ڕاناهێنن و، قوتابیان كۆمەڵێك زانیاری و زانستی پێویست وەردەگرن، بەڵام وای لێ ناهێت كە بتوانن ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی خوێندن بكەن بە پیشەیەك و بە كرداری سوودی لێ ببینن. بۆیە كاری پەیمانگا و سەنتەرەكان بە تایبەت بۆ وەرزی هاوین بریتییە لە ڕاهێنانی قوتابیان و كەسەكان بۆ فێربوونی پیشە، یان بوارێكی تایبەت بە پێی حەز و خواست و توانای خۆیان، تاكو بتوانن بیكەن بە پیشەی داهاتوویان و ببێت بە سەرچاوەی دابینكردنی داهات بۆیان».

گوتیشی: «لەم سەردەمەی زیرەكی دەستكرد و ئەنتەرنێتدا بە بێ پارەدان و بە شێوازی ئۆنلاین و بە بەكارهێنانی چەندین تەكنیك و پلاتفۆرمی جیاواز لە ئەنتەرنێت دەتوانی هەر پیشەیەك، یان ڕاهێنانێك لە هەر بوارێك كە دەتەوێت، بە خۆڕایی بە دەست بێنی. بەڵام بەگشتی كۆرسەكانی هاوێنە سوودی زۆریان هەیە وەك بەرەوپێشبردنی زانست و زانیاری و لێهاتوویی، یارمەتیدەریشە بۆ ناسین و دۆزینەوەی هەلی كار لە بازاڕدا، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ لادانی خاڵە لاوازەكان و پەرەپێدانیان بۆ خاڵی بەهێزی و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە تەمەنێكی گەنج توانا و بەهرەی خۆت بدۆزییەوە».

محەمەد عوسمان كەریم مامۆستای وانەبێژە و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی خولی هاوینە بەمجۆرە دەستنیشان دەكات:

**لایەنە نەرێنیەکانی خولی هاوینە :**

١- دابیننەكردنی كاتی پێویست لەلایەن خێزان بۆ منداڵەكانیان لەكاتی خوێندنی قوتابخانە، وادەكات فێرخواز تووشی بێهێزیی عەقڵی و لاوازیی بیركردنەوە ببێت.

٢- ڕێكلامی بێ سنووری ڕاگەیاندنەكان بۆ ئەم خولانە وادەكات، فێرخواز وەك پێویست ئەركەكانی لە قوتابخانە جێبەجێ نەكات و ئاستی لاواز بێت، لە دواییدا بۆ گەڕاندنەوەی ئاستی بەشداری لەم خولانە بكات.

٣- ئاستی جیاوازیی چینایەتی لەنێو كۆمەڵگە وادەكات برەوی زیاتر بەم خولانە بدرێت.

٤- بوونی بەرژەوەندیی تایبەت لەلایەن كەسانێكی پەروەردەیی و پیشەیی، كە ئەمە وادەكات لە بەرژەوەندیی گشتی دوور بكەونەوە.

٥- دروستبوونی كێشەی كۆمەڵایەتی لەنێو خێزانەكان بەهۆی بوونی نرخی بەرز لەم جۆرە خولانە، بە بیانووی مامۆستای پسپۆڕی زیرەك

**لەم سەردەمەی زیرەکی دەستکرد و ئەنتەرنێتدا بە بێ پارەدان و بە شێوازی ئۆنلاین لە ئەنتەرنێت دەتوانی هەر پیشەیەک، یان ڕاهێنانێک لە هەر بوارێک کە دەتەوێت، بە خۆڕایی بە دەست بێنی**

**ڕێکلامی بێ سنووری ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەم خولانە وادەکات، فێرخواز وەک پێویست ئەرکەکانی لە قوتابخانە جێبەجێ نەکات و ئاستی لاواز بێت**

**ئەم خولانە زیاتر بوون بە خولی تیجاری و پارەپەیداکردن و زۆر کەم خولێک ماوە کە منداڵ و قوتابی بە باشی پەروەردە بکرێن**

و ناوبانـگ و شـوێنی دامـەزراوەکان.

**لایەنە ئەرێنییەکانی خولی هاوینە:**

١- هەندێـك جـار بـە هـۆی هـۆکاری لەنـاکاوی نەخۆشـی، یـان جەنـگ لـە وڵات، کـە لـە قوتابخانـەکان ناتوانـرێ وەك پێویسـت وانـەی تێـدا بخوێندرێ، ئـەوا ئـەم خولانـە پێویستە بۆ تاکەکان بـۆ ئـەوەی ئاسـتیان دانەبەزێـت.

٢-بوونی بونیـەی هەنـدێ کـەس کـەوا لـە وانەیـەك لاوازیـی هەیـە و ناتوانـێ وەکـوو پێویسـت بێـت لـە قۆناغەکانـی خوێنـدن، بۆیـە لـە ڕێگـەی ئـەم دەمەزراوانـە بەرەوپێـش دەچێـت.

٣- بوونـی ئـەو پەیمانگایانـەی کـەوا خولـی پیشـەیی دەکەنـەوە، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی تاکەکانـی کۆمەڵگـە بتوانـن ببنـە خاوەن پیشـەك لـە ڕێگـەی ڕاهێنـان وهەوڵـدان و دەبنـە هـۆی سـەرچاوەی بەدەسـتهێنانی داهاتێـك بـۆ تاکـەکان.

٤- فێربوونـی زمانـی دیکـە لـەم دامەزراوانـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی تاکـەکان زیاتـر لـە زمانێـك شـارەزا بـن و قسـەی پـێ بکـەن بـۆ پێویسـتیەکانی خۆیـان، بـە مەرجێك نەبێتـە هـۆی لاوازبـوون، یـان لەبیرچونـەوەی زمانـی دایـك».

هێمـن سـاڵح، کۆمەڵنـاس و ڕۆژنامەنووسـە و جەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە «ئـەم خولانـە زیاتر بـوون بـە خولـی تیجـاری و پارەپەیداکـردن و زۆر کـەم خولێك مـاوە کـە منداڵ و قوتابی بـە باشـی پـەروەردە بکرێـن»، گوتیشـی: «دەفەکـە بووەتـە پـارە لای زۆربـەی سـەنتەرەکان، ئـەوەش کاریگەریـی خراپـی دەبێت، چونکـە هـەر ئامانجێك پـەرەوەردە و فێرکـردن نەبێـت، ئیتـر بـەرەو لایەنـی نەرێنـی دەڕوات. مـن پێشـتر دەمبینـی ئـەو خولانـەی سـەرەتا کـە دەکرانـەوە لەبـەر ئـەوەی کـەم بـوون و سـەرەتا بـوون، شـتی بـاش هەبـوون، بـەڵام دواتـر وردە وردە کوالیێتییەکانیـان زۆر دابەزیـوە».


ئـەو کۆمەڵناسـە پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە «ئەگـەر منداڵێـك خـۆی بـە توانـاو بەهـرەدار و زیـرەك بـوو، پێویسـت بـەو خولانـە نـاکات، بـا لـێ گەڕێـن بـەو هاوینـە پشـوو بـدات و لـە ماڵـەوە جەدوەلێکـی بـۆ دابنێـن بـۆ یـاری و سـەیرکردنی تەلەفزیـۆن، هەروەهـا هـەوڵ بـدەن منداڵەکـە ژینگەیەکـی بـۆ دروسـت بکـەن لـەو وەرزەدا کـە سـوود لـە ناوماڵەکـەی وەربگرێـت. لـە ئێسـتادا بـە دەیـان کەناڵـی فێرکاریـی بـاش هـەن، بـۆ نموونـە بـۆ فێربوونـی زمـان و بـۆ پەروەردەکـردن، دەتوانرێـت لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە، ئەگـەر کاتیـان بـۆ دیـاری بکرێـت و هەڕەمەکیانـە نەبێـت، منـداڵ زۆر زیاتـر سـوود وەربگرێـت. ئـەم خولانـە دەبێتـە هـۆی بێزاریـی منـداڵ لـە خوێنـدن و چوونـە دەوام، بۆیـە گرنگـە دراسـە بکرێـت، ئەگـەر منداڵەکـە لـە ئینگلیـزی خراپـە ببرێتـە ئـەو خولـە، یـان خولێکـی تەرفیهـی بـۆ مەلەوانـی، یانـی هـەر بوارێکـی وەرزشـی، ئەمانـە ڕەنگـە شـتی باشـتر بـن لـەوەی بـە زۆر بـۆ خولـی جۆراوجۆریـان بنێـرن».

**هەوڵ بدەن منداڵەکە ژینگەیەکی بۆ دروست بکەن لەو وەرزەدا کە سوود لە ناوماڵەکەی وەربگرێت**



حەمە ساڵح فەرهادی:

# شاعیر و نووسەری بواری منداڵانمان بەپێی ژمارە منداڵانمان نییە



**نووسەری دیاری کوردستان (حەمە ساڵح فەرهادی) ساڵانێکە لە بواری منداڵان دەنووسێت خاوەنی چەندین کتێبە لە چەندین گۆڤاری منداڵان،وەکو دەستەی نووسەران و سەرنووسەر کاری کردوە لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری منداڵانی کوردستانی کردوە،بۆیە وەکو ماڵپەری کوردستان تیڤی پێمان باش بوو لە نزیکەوە بە چەند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.**

هەڤپەیڤین– کامەران حاجی ئەلیاس

١–٢

*** هەرچەندە بەرێزتان نوسەرێکی دیاری کوردستانن، بەڵام پێمان باشە بەکورتی باس لە ژیانی ئەدەبی خۆت بۆ خوێنەرەمان بکەیت.**

- ناوم (حەمە ساڵح مەلاسادق فەرهادی)یە بەڵام بە (حەمە ساڵح فەرهادی) ناسراوم لە ساڵی ١٩٤٩ لە دایك بوو، سەبارەت بە ژیانی ئەدەبیم یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەم لە گۆڤاری (تیشك) بوو لە ساڵی ١٩٦٩ دا بووە، وەکو رۆژنامەنووس لە چەندین دەزگا کارکردووە وەکو:رادیۆی دەنگی هەولێرو رادیۆی گوڵان لە ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٤، گۆڤاری (هەنگ) ی منداڵان لە ١٩٩٣- ٢٠١١) ئەندامی دەستەی نووسەران و پاشانیش بۆماوەی (١٣) ساڵ سەرنووسەری گۆڤارەکە بووم،وەکو ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەندین گۆڤار و بڵاوکراوە کارم کردووە وەکو گۆڤاری (گوڵزار) گۆڤاری (چرۆ)، گۆڤاری (نووسەری نوێ) وەکو دەستەی نووسەران پاشانیش سکرتێری نووسین،بڵاوکراوەی (لانە) ی منداڵان، بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندن و کۆنگرەی دووەمی رۆژنامە نووسانی کوردستان کردوە لە هەولێر.

هەروەها،بەشداریم لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نووسەرانی کورد کردووە کە لە ساڵی ٢٠١٠دا لە سلێمانی بەستراو بە ئەندامی مەڵبەندی گشتی پاشانیش بە سکرتێری کارگێری یەکێتیەکە هەڵبژێردرام،ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠٦) بەربەردەوامی بەرنامەیەکی هەفتانەی منداڵانم بۆ رادیۆی (هەرێم) ئامادەکردووە لەوماوەیەدا (٤٤٥) ئەڵقەی بڵاوکراییەوە،تائێستا (٢٠) کتێبم بەچاپ گەیاندووە،چەند کتێبێکی تریشم ئامادەن،چاوەڕێی دەرفەتی چاپکردنن، بەشداریم لە وەرگێرانی و ئامادەکردنی (٨ کتێبی بەرنامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی کشتوکاڵیداکردووە، پێداچوونەوەی زمانەوانیم بۆ (٨ کتێبی دیکەش کردووە، بەربەردەوامی لە زۆربەی لەرۆژنامە و گۆڤارەکان دا بابەت بڵاو دەکەمەوە .

*** چۆن بوو، بواری ئەدەبی منداڵان هەڵبژارد؟**

- من هەر لە منداڵییەوە سەودای خوێندنەوەم هەبوو، پاشانیش کە دەستم بە نووسین کرد،بابەتی لێکۆڵینەوە لەبارەی رۆژنامە نووسی کوردییەوەو پێش ئەوەی هیچ بابەتێکی تایبەت بە منداڵان بڵاوبکەمەوە، دوو کتێبیشم لە بارەی رۆژنامەنووسی کوردییەوە بە چاپ گەیاندبوو.پێش ئەوەی گۆڤاری (هەنگ)یش دەربچێت لەسەر داوی هاورێی دێرینم کاك (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) و بە هاندانی ئەو،چەند بابەتێکی کورتم لە هەفتەنامەی(پەریستان)ی منداڵانم بڵاوکردەوە.ئەو هەفتەنامە یە پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵان بوو،کە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دەریدەچواند.

کەگۆڤاری (هەنگ)یش لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری دەردەچوو و دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن بوو بە سکرتێری گۆڤارەکەو لەسەر داوای ئەو لەیەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا بابەتێکم بە ناونیشانی (هەنگ)ەوە نووسی وئەو بابەت لە دوای سەروتاری گۆڤارەکە بڵاوکرایەوە،یەکەم بابەتی گۆڤارەکە بوو تێیدا چەند زانیارییەکەم لە بارەی هەنگەوە بۆ منداڵان بڵاوکردەوە.

لە ژمارە(٢)ی گۆڤارەکەشەوە بەفەرمی کرام بە ئەندامی دەستەی نووسین، ئیتر تا دوا ژمارەی گۆڤارەکە کەلە ساڵی (٢٠١١ دا تێدا بەردەوام بووم پێنج ساڵ وەکو ئەندامی دەستەی نووسین و سێزدەساڵیش وەکو سەرنووسەر .

*** ئەو بنەماییە سەرەکییانە چین،کە پێویستە لە نووسینی ئەدەبی منالان دەبێ رەچاو بکرێت؟**

- هەندێك بنەمای سەرەکی هەن، پێویستە لە نووسینی ئەدەبی منداڵاندارەچاو بکرێت لە مانە:
١- بابەتەکە بە زمانێکی پاراو و منداڵانە بنووسرێت و رێنووسەکەی لەگەڵ رێنووسەکەی کتێبەکانی میتۆدی خوێندنی قوتابخانەکان بگونجێت،وشەکان لە فەرهەنگی منداڵەوە هەڵقوڵابێ،کورت بێت درێژداری تێدا نەبێت،بابەتەکان لە هەرجۆرێك بن، دەبێ بەشێوەیەکی پەروەردییانە بخرێتە بەرچاو.



# جۆنی دیپ و ئەمبر هێرد لە نێتفلێکس یەک دەگرنەوە




جارێکی دیکە دۆسیەی دادگاییکردنی نێوان ئەستێرەی جیهانی جۆنی دیپ و ئەمبر هیردی هاوسەری پێشووی گەڕایەوە سەر سۆشیال میدیا، دوای ئەوەی پلاتفۆرمی نێتفلێکس ڕایگەیاند کە فیلمێکی دیکۆمێنتاریی سێ بەشی پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی تەواوی دۆسیەکە بە بێلایەنانە لە نێوان هەردوو لایەنەکەدا پێشکەش بکات، چونکە دۆسیەکە ئێستاش جێی سەرنجی جەماوەر وهەوادارانی ئەو دوو ئەستێرەیە لە سەرتاسەری جیهاندا.

پلاتفۆرمی نێتفلێکس بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکۆمێنتاریی سێ بەشیی ڕاگەیاند، بە ناوی (Depp Vs Heard) کە لە ١٦ی ئاب نمایش دەکرێت، دوای راگەیاندنی کە بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمە بابەتەکە سۆشیال میدیای گرتەوە. ئەم فیلمە دیکۆمێنتارییە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن لە کۆتاییدا سۆشیال میدیا توانیی کاریگەری لەسەر دادگاییکردنەکە و دەرئەنجامی دەسەڵاتی دادوەری هەبێت.

فیلمە دیکۆمێنتارییەکە سەرەتای ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٨ کاتێك هیرد بابەتێکی لە واشنتۆن پۆستدا بڵاو کردەوە، تێیدا باسی لە ئەزموونی خۆی کردووە لەگەڵ دەستدرێژی سێکسی، بەبێ ئەوەی بەتایبەتی ناوی جۆنی دیپی هاوسەری پێشووی بهێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو بابەتە زیانێکی زۆری بە ژیانی پیشەیی دیپ گەیاند، ئەمەش وای کردووە کە تیمە یاساییەکەی سکاڵایەکی یاسایی تۆمار بکەن بەهۆی ناوزڕاندنەوە و داوای قەرەبووکردنەوە بکات، لە بەرامبەردا هیرد داواکارییەکی پێچەوانەی تۆمار کرد و داوای قەرەبووی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری کرد.

بەناوبانگترین دادگاییکردن لە مێژووی هۆلیووددا بۆ ماوەی شەش هەفتە لە ویلایەتی ڤێرجینیا بەردەوام بوو، و ڕووداوێکی گەورەی میدیایی بوو، بەتایبەتی کە ڕێگە بە کامێراکان دەدرا بچنە ناو هۆڵی دادگا، ئەمەش وای کرد جەماوەر لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکان بێت، هەروەها گفتوگۆی نێوان هەوادارانی هەردوو لای لەسەر بێتاوانییانی لێکەوتەوە.

# هۆڵی کولتوری جیهان ڕەنگ و سیرامیک ئاوێزانی یەکتر کرد



بەشی رۆشنبیری و هونەری زانکۆکانی جیهان، لە چوارچێوەی چالاکییە فرە رەنگیەکاندا، جەژنە رۆژی رەنگ و سیرامیکی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە پەیکەرتاشانی کورد و عەرەب ساز کرد.

لە پێشانگاکەدا، پەیکەرە بچووک و رەنگاورەنگەکان، بە زمانی هونەرەوە تێکەڵ بە روحی مرۆڤایەتی دەبوون و هەریەک لەو پەیکەرانەش گوزارشت بوون لە سەلیقە جوان و داهێنانی پەیکەرتاشان خرایە روو، بەشێکیش لە پەیکەرەکان بە واتای نوقم بوون بوو لە سەختی و ئازارەکانی ژیان و گەڕانەوەیەک بوو بۆ مێژووی هاوچەرخ و سەرهەڵدانی هونەر و کلتوربوو لە نێو کورد و نەتەوە جیا جیاکاندا لە چوارچێوەی خوارووی عێراقدا.



ئەندازیار بورهان، خاوەن بیرۆکەی ڕێکخستنی ئەو چالاکییە هونەرییە راگەیاند: هەفتانە ناوەندە کولتوری و هونەرییەکەمان لە ئەنجامدانی چالاکی گۆرانی و موزیک و رۆشنبیری بەردەوامە، جگە لە بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵی کولتوری، لەم چالاکییەشدا ئامانجمان گرێدانی پێوەندییەک بوو لە نێوان پەیکەرتاشانی کورد و نەتەوە جیاکاندا، کە بتوانین هونەری هەردوولا ئاوێتەی یەکتر بکەین و سوود لە ئەزموونی هونەرمەندانی خۆمان وەرگرین و پشتیوانی لە کار و بەرهەمەکانیان بکەین، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خزمەت بە هونەری رەنگ و شێوەکاری بکەن لە هەرێمی کوردستان و فەرهەنگی کوردی بە گەلانی دنیا ئاشنا بکەن.لە هەوڵی ئەوەشین لە داهاتووتییەکی چەندین چالاکی جۆراوجۆرمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین هەماهەنگی زیاتر لە نێوان شارەکانی کوردستان وعێراق دروست بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە.









## لەمیا جەمال بۆ گوڵان:

# هونەر هۆکارێکە بۆ نزیکبوونەوەی نەتەوەکان

*** هاتنت بۆ کوردستان چۆن بوو؟**

- لە ڕاستیدا بە ڕێکەوت بوو، ساڵی ٢٠١٢ دوای دوو هەفتە لە بەرنامەی (زە ڤۆیس) بانگهێشتنامەیەکم پێگەیشت بۆ ئەوەی ئاهەنگێك لە شاری هەولێر سازبکەم، لەو کاتەوە ناو بە ناو سەردانی ئەم شارە دەکەم، لە ڕاستیدا من گەلی کوردم خۆش دەوێ، چونکە میواندۆستن، گەلێکن کە سەلیقەی هونەریان هەیە و هونەری ڕەسەنیان خۆش دەوێت، وەك هونەرمەندێك سوودم لە ئەزموونی هاتنم بۆ کوردستان وەرگرت، پێشتر گۆرانیم دەگوت، بەڵام وەك ئێستا ناوبانگ و ناسراو نەبووم.

*** لە بەرنامەی زە ڤۆیس کێ زیاتر هاوکاریی کردیت؟**

- گەلی تونس هەموویان پشتگیریان کردم، بەڵام پاڵپشتی ڕاستەقینە دایکم و باوکم و خێزانەکەم بوون، تا ئێستا نزیکەی ٤٠ گۆرانیم هەیە و ئەلبوومێکم تۆمار کردووە، گۆرانییەکانی دیکەش بە شێوەی سینگڵەوە تۆمارم کردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێستا خاوەنی نزیکەی سێ ئەلبوومم.

*** بە چەند زمان گۆرانیت گوتووە؟**

- تا ئێستا بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵییش گۆرانیم وتووە، گۆرانییەکانم بە زمانەکانی دیکە زیاتر گۆرانی کۆن بوون.

*** ئەی چەند گۆرانی کوردیت هەیە؟**

- حەوت گۆرانیی کوردیم گوتووە تا ئێستا پێشوازیی گەلی کورد بۆ گۆرانییەکان زۆر باش بوو، من وا هەست دەکەم لە وڵاتی خۆمم، بۆ من هیچ جیاوازییەك لە نێوان تونس و کوردستاندا نییە، هەموو خەڵك من دەناسن و لە ڕێگەی گۆرانییەکانم ئەمەش مایەی دڵخۆشییە بۆ من.

*** ئەی سەبارەت بە زمانی کوردی چی دەزانیت؟**

- من زمانی کوردی تێ دەگەم، بەڵام ناتوانم بە تەواوی قسە پێبکەم، بۆیە کاتێك دەچمە بازاڕ ناچار بە عەرەبی قسە دە کەم نەوەك هەڵە بکەم، سە بارت بە تێستی گۆرانییەکانم کەسانێك یارمەتیم دەدەن بۆ ئەوەی بە



**لەمیا جەمال هونەرمەندێکی بەناوبانگی تونسییە، لە ١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧١ لەدایك بووە، چەندین گۆرانی پێشکەش کردووە کە لە ڕێگەیەوە ناوبانگێکی جیهانی بەدەست هێناوە، لە سەرەتای ژیانیدا ژیانێکی لە نەهامەتی و هەژاری ژیاوە، یەکێك لە کارە هونەرییە بەناوبانگەکانی گۆرانی «پێشمەرگە» بوو، کە لەلایەن تونسییکانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

باشترین شێوە بیلێمەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی گۆانییەکانم لای جەماوەر ئاشنا بێت و تێی بگەن.

*** ئەو گۆرانییە کوردیانەی پێشکەشت کردوون فۆلکلۆر بوون؟**

- تا ئێستا شەش گۆرانیی کوردی تایبەتی خۆمم گوتووە، گۆرانییەکی فۆلکلۆریشم گوتووە ئەویش گۆرانی (ئەز کەڤوکم)، من پێش ئەساڵە گۆرانی (ئەز کەڤوکم)م گوتەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەساڵە نەسریش گوتی گۆرانییەکەی من زیاتر ناوبانگی دەرکرد و لە سۆشیال میدیا و کەناڵەکان ژمارەی گوێگر و بینەرانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

*** تا چەند گرنگی بە سۆشیال میدیا دەدەی؟**

- پێشتر زۆر گرنگیم بە سۆشیال میدیا نەدەدا، بەڵام ئێستا بە تەواوی گرنگیی پێدەدەم، بۆیە ڕۆژانە بەپێی ئەو کاتەی هەمە چەند کاتژمێرێکم تەرخان کردووە بۆ ئەوەی لە سۆشیال میدیا لەگەڵ هاوادارانم لە پەیوەندی بەردەوامدا بم، و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە کە گونجاو بن و بواری وەڵام دانەوەیان هەبێت، هەروەها بەشێکی بەرهەمەکانیشم لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بڵاو دەکەمەوە.

*** کەسوکارت هەستیان چی بوو کە بە کوردی گۆرانیت گوت؟**

- دەمێك بوو لە توونس بە منیان دەگوت گۆرانیبێژە کوردەکە، چونکە پێیان وابوو من کەسێکی کەللە ڕەقم و هەر شتێکم بوێ کۆڵ نادەم تا بە دەستی دەهێنم، سوپاس بۆ خودا لە زۆربەی ئەو کارانەی ئەنجامم داون سەرکەوتوو بووم لەوانەش گوتنی گۆرانی کوردی و ئاشنابوون بە کەلتوری گەلێکی دیکە و شارەزایی پەیداکردن دەربارەیان، لە نۆ ساڵییەوە پێیان دەگوتم لەمیای کوردی چونکە ئەو کات گوێم لە گۆرانیی کوردی دەگرت.

*** ئایا دەتوانین هونەری کوردی لە وڵاتانی عەرەبی پێش بخەین؟**

- بەڵێ دەتوانن، چونکە پێش دە ساڵ کاتێك لە فرۆکەخانەی تونس دەموت سەردانی کوردستان دەکەم پێیان سەیر بوو، دەیان پرسی کوردستان کوێیە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە کە دەمبینن ئەگەر نەشچم بۆ کورستانێ دەڵێن دیسان دەچی بۆ کوردستان دەچی؟، ئێستا ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی عەرەب گۆرانیی کوردی دەڵێنەوە ئەمەش بووەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هونەرەکەتان لە جیهانی عەرەبیدا بڵاو بکرێتە، لە کۆتاییدا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوریش بڵاوبێتەوە و خەڵکێکی زۆر هەوڵ بدەن شارەزای زمانی کورد بن و فێری ببن.


من پێموایە دەتوانین هونەر بکەینە هۆکاری زیاتر لێك نزیك بوونەوەی گەلان، بەتایبەتی هەردوو گەلی کورد و عەرەب، واتە دەتوانین وەك ئامرازێك بۆ ئاشتی و نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان میللەتانی ناوچەکە بەکاری بهێنین بۆ لەناوبردنی جەنگ و ململانێیەکان. من خۆم ئێستا هەست دەکەم کە خاوەن جەماوەری کوردیم و بچمە هەر شوێنێك خەڵك دەمناسن.

*** چی بە جەماوەرەکەت دەڵێیت؟**

- ڕێزم بۆ جەماوەری خۆم هەیە لە کوردستان بە ڕاستی ئەوان ژیانیان گۆڕیم ئەگەر لە دوا ڕۆژدا فیلمێك دەربارەی ژیانی من بەرهەم بهێنرێت بێگومان بەشی سەرەکی تایبەت دەبێت بە گەلی کوردستان.

ئاكۆ بەهادین
یاریزانی موای تای:

# داوام وایە بەجددی کار لەسەر هونەری جەنگیی موای تای بکرێت و ئاوڕ لە پاڵەوانە کوردەکان بدرێتەوە




یانەی پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام گرنگی بە یارییە جۆراوجۆرەکان دەدات لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و بگرە دەرەوەش، لە شارەکە چەندین هۆڵی یاریی موای تای هەیە کە خاوەنی چەندین یاریزانی ئاست بەرز و پاڵەوانن لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ئاسیاش، یانەکە گرنگیی زۆر بە یارییە تاکەکان دەدات بە شێوەیەکی گشتی، یاریزانانی ئەم دەڤەرەش خاوەنی چەندین مەدالیای جۆراوجۆرن لەسەر ئاستی دەرەوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە (ئاکۆ بەهادین)ە، کە وەکو یاریزان تەنیا یاریی بۆ یانەی پێنجوێن و هەڵبژاردەی موای تای عێراقی کردووە، ئاکۆ لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ قەزای پێنجوێنە و قوتابی پۆلی ١٢ی ئامادییە، لە دواین بەشداریکردنی نێودەوڵەتییش لە وڵاتی تایلەند پلەی دووەمی لەسەر ئاستی ئاسیا بەدەست هێنا، وەك گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی مـوای تـای چۆن دەبینی بـە شێوەیەکی گشـتی لـە شـارەکانی کوردسـتان؟**

- تـا ڕادەیـەك بـەرەو پێشـچوونی بەخۆیـەوە بینیـوە، بەتایبەتی پارێزگای سلێمانی.

*** ئەنجامدانـی پاڵەوانێتـی تـا چەنـد دەبێتـە هـۆکار بـۆ ئـەوەی ئاسـتی ئـەم یارییـە بەرەوپێـش نەچێـت؟**

- بەدڵنیاییـەوە ئەنجامدانـی پاڵەوانێتـی زۆر باشـە بـۆ بەرەوپێشـچوونی زیاتـر و یاریـزان چاو کراوەتـر و لێهاتووتـر دەکات بـۆ پاڵەوانێتـی دەرەوە، بـەڵام بەداخـەوە لـە سـاڵێکدا ڕەنگـە یـەك پاڵەوانێتـی بەڕێـوە بچێـت، لـە ئێسـتادا بـەم شـێوەیەیە.

*** پێـت باشـە چـی بکرێـت بـۆ ئـەوەی ئاسـتی یاریـی مـوای تـای بەرەوپێـش بچێـت لـە کوردسـتان؟**

- پشـتگیری زیاتـری یەکێتییـە وەرزشـییەکان بکرێـت تـا دەسـتکراوەتر بـن و کار و چالاکییـان زیاتـر بێـت، چونکـە دەیـان پاڵـەوان هەیـە بەهـۆی کەمیـی چالاکییـەوە زوو بێـزار دەبـن و واز دەهێنـن.

*** گرفتـی ئـەم یارییـە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونـی شـوێنێکی تایبـەت وەك سـەنتەرێك کـە لەلایەنـی ئیدارییـەوە حکومـەت پشـتگیری بێـت و سـەرچاوەی خزمـەت بێـت بـە گشـت وەرزشـکاران، بەبـێ جیـاوازی.

*** چ هەسـتێکت هەیـە دوو کار لـە یـەك کاتـدا ئەنجام دەدەیت، هونـەری شـەڕکردن و وەرزشیش؟**

- ئەتوانـم بڵێـم چـوار کار ئەنجـام دەدەم (قوتابیـم، کاسـبم، وەرزش دەکـەم، هونـەری شـەڕکردن) بـۆ ئـەوەی بەهەمـوو دنیـا بڵێـم کـوردم.

*** بەنیـازی چیـت بـۆ داهاتـووی خـۆت وەکـو یاریزانێـك؟**

- پـەرە پێـدان بەیارییەکـەم بۆئـەوەی بگەمـە ئاسـتێکی باشـتر و بەرزتر تاوەکـو شانازی بۆشـارو هـۆڵ و مامۆسـتاکەم بەدەسـت بێنـم .

*** بڕیارت نـەداوە قوتابخانەیەکی گـەورە بکەیـەوە بۆ ئـەم یارییـە لـە پێنجوێن؟**

- بەداخـەوە نەخێـر، چونکـە هیـچ کـەس ولایەنێك هەڵنەسـتاوە بـە یارمەتیدانمـان، ئـەو هۆڵـەی کـە ئێسـتا مەشـقی تێـدا دەکەیـن هەمـووی بـە هـەوڵ و ماندووبوونـی مامۆسـتا و هاوکارانیەتـی.

*** داواکاری و پێشـنیارت بـۆ لایەنـی بەرپرسـی وەرزشـی چییـە؟**

- داوام وایـە بەجـدی کار لەسـەر هونـەری جەنگـی مـوای تـای بکرێـت و ئـاوڕ لـە پاڵەوانـە کوردەکان بدرێتـەوە، ئەتوانـم بـە شـانازییەوە بڵێـم لـە هۆڵی(ئاسـۆ) بـۆ هونەرەبەرگرییـەکان سـەر بـە یانـەی وەرزشـی (پێنجوێـن) بەبـێ هیـچ ئیمکانیاتێکـی مـادی مـن دووەم یاریزانـی ڕیزەکانـی هەڵبـژاردەی مـوای تـای عێراقـم.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- پشـت بەخـوای گـەورە و بـە پشـتیوانیی مامۆسـتاو هاوکارانـم بتوانـم پـەرە بـە یارییەکـەم بـدەم و ئەنجامـی باشـتر بەدەسـت بێنـم.

*** هیـوای ئـەوەت نییـە هەڵبـژاردەی کوردسـتان ڕۆژێك لـە ڕۆژان دروست بکرێت و تـۆش یەکێك بیت لـە یاریزانەکانی؟**

- بێگومـان خەونـی هەمـوو کوردێکـە بتوانـێ بەنـاوی هەڵبـژاردەی کوردسـتانەوە یـاری بـکات و ئـاڵای نیشـتمان لەسـەر سـەری بشـەکێتەوە کاتێك لەسـەر سـەکۆی یەکەمییـە لـە پاڵەوانێتییەکانـدا.

*** لـە دواییـن بەشداریکردنت لـە تایلەنـد چ هەسـتێکت هەبـوو وەکـو یاریزانێکـی کـورد بەشـداربووی؟**

- سوپاسـی خـوای گـەورە دەکـەم کەتوانیومـە وەکـو تاکەکوردێك پلـەی دووەم بەدەسـت بێنـم .

*** بـە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت ؟**

- سانجای، واکاو

*** گرێبەسـتت پێشـکەش کراوە لـە یانەکانی تر؟**

- بەڵـێ بـەڵام لـە ئاینـدە ڕوون دەبێتـەوە ئایە دەتوانم لـە یانـەی پێنجوێـن بـەردەوام بـم یـان بـۆ یانەیەکـی دیکـە یـاری دەکـەم.

*** ئەگـەر شـتێکت مـاوە لە کۆتاییدا؟**

- دەسـت خۆشـی بـۆ گۆڤـاری گـوڵان بۆخزمەتی بەردەوامـی وەرزشـیی ناوەخۆ لـە تـەواوی شـارەکانی کوردسـتان.

**لە ئایندە ڕوون دەبێتەوە ئایە دەتوانم لە یانەی پێنجوێن بەردەوام بم یان بۆ یانەیەکی دیکە یاری دەکەم**



# ئوستراڵیا و نیوزیلەندا میوانداری سەرکەوتووترین مۆندیالی خانمانیان کردووە

جیانی ئینڤانتینۆ سەرۆکی فیفا سوپاسی هەردوو وڵاتی میوانداری مۆندیالی خانمان ئوستralیا و نیوزیلەندا دەکات بۆ ئەو میوانداریییە جوانەی کردوویانە، کە بە قسەی خۆی هەر لە ئێستاوە ئەو مۆندیالە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

مۆندیالی خانمان ئێستا یارییەکانی لە هەردوو وڵاتی ئوستralیا و نیوزیلەندا بەڕێوەدەچن، کە ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکە زۆر سەرنجڕاکێشە و هاندەرانێکی زۆر ئامادەی نێو یاریگەکان دەبن بۆ بینینی یارییەکانی مۆندیال.

ئینڤانتینۆ سەرۆکی فیفا لەبارەی ئەو مۆندیالەوە قسەی بۆ میدیاکان کرد و گوتی: بەڵێ، بەڕاستی حەز دەکەم سوپاسێکی زۆردەرببڕم بۆ نیوزیلەندا و ئوستralیا، کە لێرە میوانداریییان کردین، زۆرجار دەڵێین تۆپی پێی جیهان یەک دەخات نیوزیلەندا و ئوستralیا جیهان یەک دەخەن ، ئەوان پێشوازی لە هەموومان دەکەن هەموو تاکە کەسێک، خۆبەخشەکان، ئەفسەرانی پۆلیس، هەموو کارمەندەکان، هەموو کەسێک، کە بە جۆرێک پەیوەندی بە مۆندیالەوە هەیە لە لای منەوە پێشوازی لە هەموو ئەو هاندەرانەی، کە لە هەموو جیهانەوە دێنە ئێرە دەکەین، سوپاسێکی گەورە بۆ نیوزیلەندا و ئوستralیا.

ئەو زیاتر گوتی: باوەڕپێنەکراوە دوای یەکەم ڕۆژی یارییەکان دەتوانین لە ئێستاوە بڵێین، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە گەورەترین مۆندیالی ئافرەتانی فیفایە تا ئێستا.

سەرۆکی فیفا لە بەردەوامی قسەکانیدا، گوتی:ئێمە ڕۆژی یەکەمان هەبوو، کە سەرسوڕهێنەر بوو زیاتر لە ١١٥ هەزار بینەر لە نیوزیلەندا و ئوستralیا هەبوو و لە نیوزلەندا زۆرترین ئامادەبوونی هاندەر تاوەکو ئێستا بۆ یارییەکی تۆپی پێی ژن و پیاو تۆمارکرا، لە ئوستralیا زۆرترین ئامادەبوون لە یارییەکی مۆندیال لە ٢٤ ساڵدا تۆمارکرا ئێمە زیاتر لە ملیۆنێک و نیو بلیتمان فرۆشتووە ئامانجی زۆر گەورەمان بوو ئێمە ئەوەمان تێپەڕاند.

هەروەها گوتیشی: ئێمە ژمارەیەکی باوەڕپێنەکراو بینەرمان هەیە لە سەرانسەری جیهان، کە بە دڵنیاییەوە دەگاتە دوو ملیار بینەر ئەوە خەیاڵییە و فێستیڤاڵێکی هاندەرانمان هەیە لەگەڵ زیاتر لە ١٢٠,٠٠٠ کەس کە بەشدارییان کردووە، بەڵام نەک تەنیا لە یاریگە سەرەکییەکان و شارە سەرەکییەکان لە هەموو شارە میواندارەکاندا کەشێکی نایاب و خۆشیی هەیە،



سویسرا بەرامبەر فلیپین لە شاری دونێدین، کە لەوپەڕی باشوورە تا ئێستا یارییەکی مۆندیال تێیدا ئەنجامدراوە ١٤ هەزار بۆ ١٥ هەزار کەس لە کەشێکی وەکو جەژندا ئامادەی ئەو یارییە بوون. ئینڤانتینۆ لە کۆتایی قسەکانیدا، گوتی: من پیاوێکی دڵخۆشم و سەدان هەزار پیاو و ژن و کچ و کوڕی دڵخۆش هەن، کە دێنە یارییەکان و ملیۆنان لە ماڵەوە سەیری دەکەن کەواتە سەرکەوتنێکی گەورەیە.



# نەوزاد شێرزاد دەچێتە بەسرا

هەر چەندە ئەم وەرزە نەوزاد شێرزاد یاریزانی باڵەی یانەی هەولێر و یەکێك لە یاریزانە ئەستێرەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی غازی جنوبی شاری بەسرا مۆرکرد، نەوزاد دەیەوێت ئەم وەرزە لە سەرجەم خولەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق لەگەڵ ئەم یانەیەی شاری بەسرا بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ چەند ئەنجامێك لەگەڵ یانەکەی بەدەست بهێنێت، لە بارەی پەیوەندیکردنی بە یانەکەی شاری بەسرا نەوزاد شێرزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری ڕۆیشتنم لە یانەی هەولێر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە یانەی هەولێر گوتیان لە تواناماندا نییە تیپێکی باشی تۆپی باڵە دروست بکەین بۆ ئەم ساڵ، بۆیە منیش بە فەرمی لەگەڵ یانەی غازی جنوب گرێبەستم مۆر کرد، گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك ساڵە و بۆ هەریەك لە خولەکانی عێراقی و پاڵەوانێتی عەرەبی و ئاسیاوی یاری بۆ یانەکە دەکەم، ئێستاش لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقم لە یەکە مەشقییەکان بەشدارم، یانەی غازی جنوب ئەم ساڵ تیپێکی بەهێزی دروست کردووە، دەمەوێ لەگەڵ ئەم یانەی شاری بەسرا بتوانم ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی ئەنجامەکانمان دڵخۆشکەر بێت بۆ یانەکە، هیچ گرفێتکم نییە و دەمەوێ خزمەتی ئەو یانەیە بکەم».



## هەندرێن
## دەستەی ڕاهێنەرانی دیاری کرد

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەندرێن دەستەی ڕاهێنەرانی تیپی تۆپی پێی یانەکە دەستنیشان کرد بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکە دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو توانی پلەی سێیەم بەدەست بهێنێت لە سەر دەستی (دڵشاد مەعروف)ی ڕاهێنەری یانەکە، بۆیە کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەندرێن بڕیاری مانەوەی ئەم ڕاهێنەری دا و، هەریەك لە ڕێناس ئیسماعیل وەکو یاریدەدەر و فاخیر عەلیش وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز دەستبەکار بوون، لە بارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی لەگەڵ یانەی هەندرێن دلشاد مەعروف ڕاهێنەری یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ کارگێڕیی یانەی هەندرێن گەیشتویەنەتە ڕێککەوتن بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، سەبارەت بە بەرنامەی یانەکە بۆ وەرزی نوێ، تاکو ئێستا لەگەڵ ئیدارەی یانە کۆ نەبووینەتەوە بۆ ئەوەی بزانین چ گۆڕانکارییەك بکەین، تەنیا لە سەر نوێیکردنەوەی گرێبەستەکانمان دانیشتووین، وەکو ڕاهێنەریش هیوا و ئاواتی ئەوەم هەیە لەگەڵ یانەی هەندرێن بتوانم ببمە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان، کە ئەوەش ئاواتی هەموو ڕاهێنەرێکە، خولی کوردستانیش ساڵ بە ساڵ بەهێز دەبێت، ئێمەش دەمانەوێ بۆ وەرزی تازە تیپێکی بەهێز دروست بکەین و کێبڕکێ بکەین لەگەڵ سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی خولەکە، یانەی هەندرێنیش هەموو ساڵێك یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە بووە».



## کاوە ئیبراهیم
## چاوەڕوانە

هەر چەندە ئەم وەرزە کاوەئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی یانەی وەرزشیی دهۆك لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی گرێبەستەکەی بۆ یەك ساڵ تەواو کرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی ڕاهێنەران خاوەنی بڕیار و بەڵێنی خۆیان بوون کە سەرەتای خولەکە بەڵێنی مانەوەی تیپەکەیان دابوو لە خولەکە و، توانیان بەڵێنەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکەن، بەڵام لە ئێستادا کارگێڕیی یانەی دهۆك هیچ قسەیەکی لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەرانی پێشوو نەکردوە بۆ مانەوە لە یانەکە لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا من وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز گرێبەستەکەم تەواو بووە لەگەڵ یانەی دهۆك، کارگێڕیی یانەکەش بە هیچ شێوەیەك قسەیان لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەران نەکردووە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستمان، لە ئێستادا لە شاری هەولێرم و هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە لە هیچ یانەیەك، چونکە تازە خولەکان کۆتاییان هاتووە، گوتیشی: «لە ئێستادا من چاوەڕوانی هاتنی گرێبەستێکم لە هەر یانەیەك بێت، مەرج نییە منیش هەر چاوەڕوانی شوێنێك بم، هەر گرێبەستێك پێشکەشم بکرێ و کامە یانە زووتر پێم بڵێت و گرێبەستەکەم بەدڵ بێت، لەگەڵ ئەوان گرێبەست مۆر دەکەم، وەکو ڕاهێنەریش من چەند ڕۆژێکە لە پشوودام ئێستاش وا چاوەڕوانم و دەمەوێ لەگەڵ هەر یانەیەك کار بکەم کە پێویستیان بەمن بێت و لەگەڵ من بگونجێ، بۆیە دەمەوێ زۆر ترین خزمەت بکەم لە هەر شوێنێك کاربکەم».



# مەترسییەکانی گەرما لەسەر تەندروستی

لە توێژینەوەکانی سەنتەری ئەمریکیی کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC هاتووە کە ساڵانە گەلێك کەس لە سەرتاسەری جیهاندا بە هۆی گەرمای لەرادەبەدەر گیان لە دەست دەدەن و، پێدەچێت ژمارەی ئەو کەسانە بەرە بەرە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوای گۆی زەوی لە زیادبووندا بێت. لەشی مرۆڤ لە کەشوهەوایەکی گەرمدا پەرەی سەندووە، بۆیە توانای بەرگەگرتنی گەرمای هەیە، بەتایبەتی کە لە ڕێگەی پێستەوە لە توندییەکەی کەم دەکاتەوە، بەڵام کە کەش زۆر گەرم دەبێت واتە بەرزتر لە پلەی گەرمیی پێست کە لە نێوام ۳٦,۱-۳۷,۲ ی سێلسیەس دایە، یان لەوکاتەی کە ئارەقە بەهەڵم نابێت، ئەوا گەرمی لە لەشدا قەتیس دەبێت و پلەی گەرمیی قووڵایی لەش بەرزدەبێتەوە، جا ئەگەر ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام بێت، ئەوا گرفتی تەندروستی پەیدا دەکات، وەکو: خۆربردن یان لێدانی گەرمی Heatstroke کە باوترین گرفتی پەیوەست بە گەرمایە، لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە پلەی گەرمیی بنەڕەتی یان قوڵایی لەش دەگاتە ٤٠ پلەی سێلسیەس یان زیاتر و دەبێتە ئەگەری پەککەوتنی ئەندامەکان و تێکدانی مێشك، لەوانەشە ببێتە ئەگەری مردن، نیشانەکان: گۆڕان لە فرمانەکانی مێشکدا، گۆڕان لە سرووشتیی ئارەقەکردن، هێڵنج و ڕشانەوە، سووربوونەوەی پێست، خێرابوونی هەناسە و لیدانەکانی دڵ، سەرئێشە، لە کۆتاییدا لەهۆشچوون. گەرمای زۆر لەوانەیە ببێتە ئەگەری گرفتی دیکەی وەکو: تێکدانی باری دەروونی بە شێوەیەك کە تووشبوو نازانی لە کوێیە و لە کام ڕۆژی هەفتەدایە، گرفتەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەتایبەتی لە نەخۆشانی شەکرەدا کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری نۆرەی دڵ، هەروەها کەمبوونەوەی شلەی لەش Dehydration کە هۆکارە بۆ گرفتی گەورە لە گورچیلەکاندا کە لەوانەیە کار بگاتە پەککەوتنی گورچیلە.



# ئەنفلوەنزای گەدە



ئەنفلوەنزای گەدە Stomach flu یان ڤایرۆسی گەدەStomach virus، بریتییە لە هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵە بە ڤایرۆس، بەتایبەتی نۆرۆڤایرۆس Norovirus کە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. نیشانەکان ١٢-٤٨ کاتژمێر پاش گەیشتنی ڤایرۆس بە گەدە بە شێوەیەکی کتوپڕ سەرهەڵدەدەن و بەگشتی بۆ ماوەی یەك هەفتە بەردەوام دەبن، ئینجا تووشبوو لەخۆیەوە چاك دەبێتەوە، بەڵام پێویستە کە ڕێگە بگیرێت لە ئەگەری کەمبوونەوەی شلەی لەش لە ئەنجامی ونکردنی شلە لە ڕێگەی کۆئەندامی هەرس. نیشانەکانی ئەنفلوەنزای گەدە: هێڵنج کە بە باوترین نیشانە دادەنرێت و لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ ئارەقەکردن، زیادبوونی لیك، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، لەگەڵ هەستکردن بە بێهێزیی گشتیی لەش، سکچوون ڕۆژانە سێ جار یان زیاتر، کە هەرگیز خوێنی لەگەڵدا نابێت، ڕشانەوە کە لەوانەیە پاش ١٢ کاتژمێر لە تووشبوون ڕوو بدات، ئازاری گەدە کە تیژە و لەوانەیە ٢٤-٤٨ کاتژمێر پاش تووشبوون سەرهەڵبدات، پاشان بەرە بەرە کەم دەبێتەوە، سەرئێشە و ئازاری گشتیی لەش، هەروەها نیشانەکانی کەمبوونەوەی شلەی لەش کە بریتین لە: وشکبوونی دەم، هەستکردن بە تێنووبوون، نارەحەتیی دەروونی، هەستکردن بە ماندووبوون، کەمبوونەوەی ئارەقە و میز، لەگەڵ سەرسووڕان.

# هۆکارەکانی دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین



ئەگەرچی ئەم وا باوە کە دەڵێت (برین بە تێپەڕبووین کات چاك دەبێتەوە)، بەڵام هەندێك جار مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەیە و هەندێك برین دەبنە درێژخایەن Chronic wound و کاتی زۆریان دەوێت بۆ چاکبوونەوە، کە لەوانەیە چەند هەفتەیەك یان هەتا چەند مانگێك درێژە بکێشێت، لەوانەشە بە بێ چارەسەری پزیشکی ببنە هۆی ئاڵۆزیی مەترسیدار. برین بە درێژخایەن هەژمار دەکرێت ئەگەر لە ماوەی چوار هەفتەدا بە باشی چاك نەبێتەوە یان ئەگەر پاش هەشت هەفتە بە تەواوی چاك نەبێتەوە. ئەو هۆکارانەی دەبنە ئەگەری دواکەوتن یان چاکنەبوونەوەی برین ئەمانەن: هەوکردن کە نیشانەکانی بریتین لە سووربوونەوە و ئاوسان و ئازار لە دەوری برین لەگەڵ دەردراوی زەرد (کێم)، لاوازیی سووڕی خوێن لەبەر نەخۆشیی شەکرە یان قەڵەوی، خۆراکی ناهاوسەنگ، بەتایبەتی کەمیی پرۆتین و کەم خواردنەوەی شلەمەنی، نەخۆشیی شەکرە چونکە ئاستی بەرزی شەکری خوێن سووڕی خوێن و سستمی بەرگریی لەش لاواز دەکات، زیاد ئاوسان لە ئەنجامی کۆبوونەوەی شلە لە پێستدا کە هۆکارە بۆ کەم گەیشتنی ئۆکسجین بە پێست، زەبری بەردەوام بۆ برین، بەساڵاچوون، سترێس، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان بەتایبەتی ستیرۆیدەکان Ste-roids و چارەسەری کیمیایی Chemotherapy، زەردوویی Jaundice، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، هەروەها جگەرەکێشان.

# کەمیی ڤیتامین D هۆکارە بۆ سەرئێشەی درێژخایەن




لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە کەمیی ڤیتامین D جگە لە چەندین گرفتی تەندروستی، لەوانەیە ببێتە ئەگەری شەقەسەر و جۆری تری سەرئێشە بەتایبەتی لە تەمەنی ناوەڕاست و بەساڵاچوواندا. لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەمەش کراوە کە کەمیی ڤیتامین D بە چەند میکانیزمێك ئەگەری شەقەسەر و جۆری دیکەی سەرئێشە زیاد دەکات، کە بریتین لە: زیادبوونی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، زیاد هەستیاربوونی چەند جۆرێکی دەمارەخانەکان، گۆڕینی هاوسەنگی یان ئاستی مادده کیمیاییەکانی مێشك، زیادبوونی دروستبوونی ئۆکسیدی نایتریك Nitic oxide کە ڕۆڵی لە گەیاندنی نێوان دەمارەکاندا هەیە، کەمبوونەوەی هەڵمژینی کانزای مەگنسیۆم، هەروەها کەمبوونەوەی میلاتۆنین Melatonin کە بە هۆرمۆنی خەو ناسراوە. نیشانەکانی دیکەی کەمیی ڤیتامین D لە لەشدا: ئازاری ئێسك، ناڕێکبوونی شێوەی ئێسکەکان، تەنکبوون و لاوازبوونی ئێسکەکان و زیادبوونی ئەگەری شکان هەتا بە زەبری سووك، لاوازبوون و ئازاری پەیکەرە ماسوولکەکان. بۆ چارەسەرکردنی سەر ئێشە و ڕێگرتن لە کەمیی ڤیتامین D، خۆدانە بەر تیشکی خۆر لەکاتی بەیانی زوو یان ئێواران پێویستە، لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین D کە بریتین لە: جگەر، هێلکە، پەنیر، ماسیی چەور وەکو سالمۆن و تونە، لەگەڵ کوارگ، هەروەها بەکارهێنانی ڤیتامین D بە شێوەی کەپسوول لەژێر چاودێریی دکتۆر.

# نەخۆشیی شەکرە چۆن چاوەکان تێک دەدات؟






نەخۆشیی شەکرە ئەگەر بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا گەلێك گرفت لە چاودا پەیدا دەکات لە کزبوونی بینینەوە تا کوێربوون. ئاستی بەرزی شەکری خوێن بە تێپەڕبوونی کات هۆکارە بۆ تێکدانی بۆڕییە وردەکانی خوێن لە تۆڕەی چاودا کە شلەیان لێ دەتکێت و دەبێتە هۆی ئاوسان، هەروەها دەبێتە ئەگەری خوێنبەربوون لە چینی نێوان تۆڕە و چینی سپێنەی چاودا کە بە چینی کۆرۆید Choroid ناسراوە، ئەمەش پەستانی ناو چاو بەرز دەکاتەوە. هەموو ئاڵۆزییەکانی نەخۆشیی شەکرە کە لە چاودا ڕوودەدەن، بە گرفت لە بۆڕییە خوێنەکانی چاو دەست پێدەکەن کە بریتین لە چوار گرفتی سەرەکی: گرفت لە تۆڕەی چاودا بە شێوەی تێکچوونی بۆڕییەکانی خوێن و دروستبوونی بۆڕیی خوێنی نوێ کە کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر بینین، ئاوسانی پنتی ناوەڕاستی تۆڕەی چاو Macular edema، ئاوی ڕەش Glaucoma کە کۆمەڵێك نەخۆشی چاو پێك دێنێت و هاندەرە بۆ تێکدانی دەماری بینین و کوێربوون ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت، هەروەها ئاوی سپی Cata-ract واتە لێڵبوونی هاوێنەی چاو کە تەنیا بە نەشتەرگەری چارەسەر دەکرێت. تووشبووان دەتوانن خۆیان لەم ئەگەرانە بپارێزن بە کۆنترۆلکردنی شەکرەیان بە شێوەی: کۆنترۆلکردنی شەکری خوێن، کۆنترۆلکردنی پەستانی خوێن و کۆلیستیرۆڵ، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان لەگەڵ پشکنینی چاو ساڵانە لە لایەن دکتۆر.

# ئایا پێویست دەکات ڕۆژانە قژت بشۆریت؟

ئایا پێویستە کە ڕۆژانە قژت بە شامپۆ یان سابوون بشۆریت؟
بێگومان لێرەدا مەبەست شووشتنی قژە بە شامپۆ یان سابوون نەك وەرگرتنی دوش تەنیا بە ئاو بۆ ڕامالّینی ئاسەواری ئارەقە، ئەمە سەلمێنراوە کە ڕۆژانە شووشتنی قژ بە شامپۆ هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی قژ، وەك: وشکبوون، لوولبوون Friz-zle، هەروەها شکان، یان پچڕان. کەڕەتەکانی شووشتن پەیوەستە بە جۆری قژ، جۆری پێستی سەر، لەگەڵ ستایلی ژیان. بەمانایەکی دیکە، هەر کەسێك خاوەن قژێکی زۆر تایبەتە، هەروەها خاوەن ڕۆتینێکی ژیانی ڕۆژانەی تایبەتە کە کاریگەریی دەکەنە سەر چەندێتی شووشتنی قژ. پێستی سەر ماددەی چەور دەردەدات کە قژ تا کۆتایی چەور دەکات واتە بە درێژایی قژ، شووتنی ڕۆژانە یان زیاد شووشتنی قژ بە شامپۆ ئەم چەورییە ڕادەماڵێت بەر لەوەی کە بگاتە کۆتایی تاڵە قژەکان، دەرەنجام قژ وشك دەبێت و زوو تووشی شکان و پچڕان و موخۆرکە دەبێتەوە. پسپۆران کەڕەتەکانی شووشتنی قژ بەم شێوەیە ڕێنمایی دەکەن: قژی لوول هەفتانە یەك جار، قژی لووس هەر دوو تا سێ ڕۆژ جارێك ئەگەر پێستی سەر ئاسایی یان وشك بێت و هەر دوو ڕۆژ جارێك ئەگەر پێستی سەر چەور بێت، لەکاتی بوونی توێشك Dandruff هەفتانەسێ جار شووشتن بە شامپۆی دژە توێشك و ئاوێکی فێنك پێویست دەکات.





# ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی Switchblade Flying

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکان، ڕەنگە ئۆتۆمبیل جۆری Switchblade Flying لە ڕیزی یەکەمدا بێت. ئۆتۆمبیلەکە بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکایە و لەلایەن کۆمپانیای (سامسۆن سکای) بەرهەم هاتووە. هەر لە ئێستاوە پێش فرۆش کراوە و زیاتر لە ٨٠٠ کەس بۆ کڕینی ئۆتۆمبیلی ناوبراو ناونووسیان کردووە.

ئۆتۆمبیلەکە وەك ماتۆرسکلیت دەچێت و سێ تایەی هەیە، خێراییەکەی دەگاتە ٢٣٢ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا لە ئاسمان و ٢٠٠ کیلۆمەتریش لە زەویدا. چوار پستنە و هێزەکەی ١٩٠ ئەسپی هەڵمییە.




# قەڵەمە سیحرییەکە بۆ هەموو شتێک

یەکێك لە نوێترین داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ قەڵەمێکی سیحرییە و هەر بەو ناوەش ناسراوە. (magic panel). قەڵەمێك تەنیا کاری نووسینی پێناکرێ، ئەگینا بۆ هەموو شتێك دەگونجێت. دیارە قەڵەم نییە و قەوارەکەی بە قەد ماجێکیك نەبێت. قەڵەمەکە سکاینەرە، نەك سکاینەری کاغەز بۆ گواستنەوەی داتاکان بۆ سەر کۆمپیوتەر، بەڵکو سکانی کەلوپەلە خۆراکییەکان دەکات، بۆ نموونە کاتێك بەسەر هێلکەیەکی دادینی بەهۆ تیشکێکی سەرووی وەنەوشی دەزانێت ئەو هێلکەیە ئیسکپایەر بووە یان نا؟ نەك هێلکە بەڵکو زیاتر لە پێنج سەد جۆری خواردنی تێدا تۆمار کراوە. میوەکان بەگشتی هەموویان و هەروەها هەموو سەوزەوات و دانەوێڵەکان. بەهۆیەوە دەزاندرێ میوەکە ڕێژەی کالۆری، ڕێژەی مادە کانزاییەکانی کە لەناو میوەکەدایە چەندە. قەڵەمەکە نە تەنیا بۆ مادە خۆراکییەکان بەڵکو بۆ جەستەش دەبێت. بۆ نموونە کاتێك وەرزشکارێك بە یەکێك لە ئەندامانی جەستەی دادێنێ، پێی دەڵێت چەندە لە جەستەی ئاوی تێدایە یا پرۆتینە یا چەورییە. ئەو زانیارییانە بەهۆی سیستەمی وای-فایەوە بۆ مۆبایل دەگوازرێنەوە.






## ئەو دوگمە ڕەنگاوڕەنگانە دەستپێکی تەکنەلۆژیای نوێن

که سەیری وێنەکە دەکەی، چەند دوگمەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ دەبینی، ڕەنگە بلێی دوگمەیەکی وا چ ڕۆڵێك لە تەکنەلۆژیای نوێدا دەگێڕێ؟ بەڵام وا نییە. ئەم دوگمانە بەشێکن لە جیهانی میتاڤۆرس، ئەو جیهانەی سنووری خەیاڵ و ڕاستی ناهێڵێت. دوگمەکان (Mocopi) ناسراون و بەرهەمی کۆمپانیای سۆنین.

ئەو دوگمانە تەکنەلۆژیەکی نوێیان تێدایە کە بە Motion capture ناسراوە. شۆڕشێکە لە تۆمارکردنی جوڵەدا.

تۆمارکردنی جوڵەکان زۆر سوریالیستییە. هەرکام لەو دوگمانە لە بەشێك لە جەستە دەدرێن، هەردووك جومگەی پێیەکان، ئانیشکی دەست، پشت و زگ. دوگمانە بە مۆبایل یا لاپتۆپەوە پەیوەند دەدرێن، پاشان لە مۆبایل یا لە کۆمپیوتەردا، پرۆگرامێك دادەبەزینی و ئاڤاتارێك بۆخۆت هەڵدەبژێری، (ئاڤاتار) واتە کاراکتەری کارتۆنی. دوای ئەوە بەکارهێنەر هەر جوڵەیەك بکات کاراکتەرەکەی لە ناو مۆبایل یا کۆمپیوتەردا هەمان جوڵە دووبارە دەکاتەوە. تەکنەلۆژیای mocopi لە هونەری سینەمادا دەتوانی ڕۆڵێکی بەرچاو ببینی و تێچوویەکی زۆری بەرهەمهێنانی فیلمە کارتۆنییەکان کەم بکاتەوە.



## ژیریی دەستکرد ڕکابەر یا هاوکاری ڕۆژنامەنووسان؟

ژیری دەستکرد ئەمڕۆ باسی ڕۆژە، هەموو شوێن و کون و کەلەبەرێکی تەنیوەتەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر داهاتووی ڕاگەیاندندا دێنێ! لە مەودایەکی نزیکدا، بێژەری دەستکرد! پەیامنێری دەستکرد، ڕۆژنامەنووسی دەستکرد...تاد، شوێنی خۆیان دەکەنەوە.

گوگڵ لە هەوڵێکی نوێیدا لە بواری ڕاگەیاندن، ژیری دەستکردی (Genesis)ی بەرهەم هێناوە، کە دەتوانێ هەواڵ دابڕێژێ، بەپێی ئەو داتانەی پێی دەدەی، وەك کێ؟ چی؟ لە کوێ و کەی؟ دەتوانی ڕاپۆرتێك بنووسێ.

ژیری دەستکردی گوگڵ دەبێتە هاوکار یا ڕکابەرێکی جیدی بۆ ڕۆژنامەنووسان؟

گوگڵ دەڵێت نیازمان نییە شوێنی ڕۆژنامەنووسان بگرینەوە، بەڵام دەمانهەوێ هاوکاریان بکەین و بۆ ئەوەی خێراتر پەیامەکانیان بگەیەنن. جیهانی ڕاگەیاندن لەو هەوڵانە لەبری دەستخۆشی نیگەرانە، ئەوان پێیان وایە سنووری بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسی نامێنێ و مەودای درۆ و ڕاستی کەم دەبێتەوە. CNET ڕادەگەیەنێ کە توانیویەتی بەهۆی ژیری دەستکردی گوگڵەوە، وتارە کۆنەکان سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە و زۆر باشیش دەرچووە.




## ژێریی دەستکرد گرنگیی ک

جاران دەیانگوت مرۆڤ چەندە زمانان بزانێ ئەوەندە مرۆڤەیە! بەڵام لە سایەی ژیری دەستکردەوە، ئەو پەندە بەتەواوی کەم ڕەنگ دەبێت. ئامێری Ambassador کە هێدسێتێکە و لەسەر دەکرێت، ئەرکی ڕاگەیاندنی زۆر ئاسان کردۆتەوە. ئێستا پێویست ناکات گوێ لە سیمینار و

## پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی فیلم

ڕەنگە زۆربەمان لە کۆمپیوتەردا یا لەسەر کاسێت فیلممان هەبێ، کە مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەپێی ئەو ئامرازانەی ئەوکات لەبەردەستدابوون، یا بەهۆی مانەوەیەکی زۆر، کوالیتیان لەدەستدابێ و یا پێشووتریش کوالیتییەکی ئەوتۆیان نەبووبێ. لەم سەردەمەدا دەکرێ ئەو فیلمانە جارێکی دیکە باش بکرێنەوە، ئاستی کوالیتیان بەرز بکرێتەوە. یەکێك لەو پرۆگرامانەی بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، پرۆگرامی AviDemux ە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی فیلمەکان نوێ بکەنەوە. فیلتەری لەسەردابنێی، ئەو بەشانەی پێتوایە لە فیلمەکەدا زیادن بیانسڕیەوە. یان فیلمەکە بەش بەش بکەی بۆ ئەوەی لە سەر ئینتەرنێت دایبنێی.




هەروەها دەکرێ فۆرماتی فیلمەکان بگۆڕی. هەرچەندە لە سەردەمی ژیری دەستکردا گەلێك پرۆگرامی دیکە هەن کە خۆکار دەتوانن فیلمەکان باش بکەن، بەڵام پرۆگرامی ناوبراویش یەکێك لە ریزی باشترین پرۆگرامەکانی ئیدیتی فیلم دێتە ژمار.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لەسەر کۆمپیوتەرەکەم پاسۆرد و ئەکاونتێکی زۆرم سەیڤ کردووە، چۆن بکەم گشت ئەوانە بکەم بە فایلێك و دواتر هەرکاتێك پێویستم بوو سوودی لێوەربگرم؟**

خوێنەری بەڕێز لە هەر وێبگەڕێك تۆ بەکاری بێنی شوێنێك هەیە بەناوی set-ting واتە ڕێکخستن، لەو بەشەدا بەشی پاسۆرد هەیە، لەوێدا پاسۆردەکان سەیڤ کراون و هەرکاتێك بچیە سەر پاسۆردەکان کە بە هێمای چاوێك داپۆشراون، کاتێك کرتە لەسەر کرد، دەکرێنەوە. بۆ ئەوەی پاسۆردەکان یەکجێ لە فایلێکدا سەیڤ بکەی، هەر لەو بەشەدا شوێنێك هەیە بەناوی export pass-word و لەوێدا دەتوانی هەموو پاسۆردەکان بکەی بە فایلێکی exile و تۆماریان بکەی. هەر کاتێکیش پێویستت بوو هەر لەو شوێنە داوای ئەو فایلە دەکەیەوە.

## ڕۆبۆتێکی شێوەکار دی

دەتەوێ دیواری سپی ماڵەوەت لەبری ئەوەی تابلۆیەکی لێبدەی، یا بە وێنەیەکی جوانی پێهەڵواسی، دەتوانی وێنەیەکی جوانی لەسەر بنەخشێنی و هەم زیاتر بمێنێتەوە و هەم دیمەنێکی جوانتر ببەخشێ. ڕۆبۆتی scribit کە بە پەتێك هەڵدەواسرێ، هەر تابلۆیەك پێبدەی دەینەخشێنێ. لەسەر هەموو شتێك، دیوار، تەختە سپی، شووشە، هەر شتێك. دەتوانێ بەو ئاسانییەی دەیکێشێتەوە هەر بەو ئاسانییشە بیسڕێتەوە. چوار ڕەنگە سەرەکییەکەی تێدەکرێت و جوانترین تابلۆت بۆ بەرهەم دێنێ. لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. کێشێکی کەمی هەیە. لە شوێنە گەشتیارییەکان،

## ـــــــاری وەرگێڕان ناهێڵێ

کۆڕێك بگری کە بە زمانێك بەڕێوە دەچێت کە تۆ تێناگەی، هێدسێتی Ambassador لە گوێ بکە و بە زمانی خۆت گوێ لە سیمینارەکە بگرە. یان کاتێك مامۆستایەك بە زمانێك وانە دەڵێتەوە کە تۆ تێناگەی، خەمی وەرگێڕت نەبێ و هێدسێتەکە بۆت وەردەگێڕێ. یان کاتێك چاو لە فیلمێکی تەلەڤزیۆن دەکەی و کە بە زمانێك بەرهەمهاتووە تۆ تێناگەی، ئەوکات هێدسێتی ناوبراو دەبێتە فریادەرس و کاری وەرگێڕانت بۆ دەکا. تا ئێستا دەتوانێ ٢٠ زمان و ٤٢ شێوەزار وەربگێڕێ. دەتوانێت وەرگێڕانی هەردوو لایەنی ئاخێوەر بکات. ئەگەر دوو مەتر و نیویش دوور بێت دیسان کێشەی بۆ نایەتە پێش.







## پاوەربانک و دەستگیرەی مۆبایل

کاتێك نیازت هەیە وێنەیەك بە مۆبایلەکەت بگری، هەتا مۆبایلەکەت دەکەیەوە و کامێراکەت دەدۆزیەوە ڕەنگە سۆژەی وێنەکەت لە کیس بچێت، بەڵام بەهۆی ئامێری ShiftCam SnapGrip کە وەك دەستگیرەیەك بە هێزی موگناتیسی بە مۆبایلەوە دەنووسێت، دەتوانێت مۆبایلەکەت وەك کامێرایەکی دیجیتالی لێبکەی. ئامێرەکە لەیەك کاتدا هەم وێنە دەگرێت و هەم پاوەربانکێکی بەهێزە بۆ مۆبایل. سیستەمی شەحنکردنەوەی وایەرلێسە. دەستگیرەکەی مۆبایل کە لەکاتی وێنەگرتندا دەستی پێوەدەگری بە هۆی وای فای بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ و ئەوەندە بچووکە لە بەرکدا جێگای دەبێتەوە. بە هەموو لایەکدا دەسووڕێت و دەبێتە پایەك بۆ مۆبایلەکە لەکاتێکدا بتهەوێ وێنەی سێلفی بگری.

## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ئیمێلی درۆینە

هەر ماڵپەڕێکی خزمەتگوزاری دەکەیەوە، داوای کردنەوەی هەژمارت لێدەکەن و بەتایبەتی لەسەردەمی تەکنەلۆژیای ژیری دەستکردا. پێویست دەکات هەموو جارێك ئیمێلی خۆت دانێیب بۆ کردنەوەی هەژمارێکی نوێ. بۆ ئەوەی ئیمێلەکەت جا Gmail بێت، یا yahoo یا هەر ئیمێلێکی ڕەسمی خۆت داخیل نەکەی، سوود لە ماڵپەڕی temp-mail.org وەربگرە. لەو ماڵپەڕەدا fake mail واتە ئیمێلی درۆینە دروست بکە. ئیمێلەکان کاتین و تەنیا بۆ کردنەوەی هەژمارەکانن. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە بێ داواکردن ئیمێلێکت بۆ دەکاتەوە، دەکرێ ئەو ئیمێلە لە هەژمارە تایبەتییەکان دابنێی و پاسۆردیش بە ویستی خۆت، پاشان کۆدێك بۆ ئیمێلە درۆینەکە دێتەوە و دایبنێ و تەواو دەکرێتەوە.

## ـــــــوارەکان دەنەخشێنێ

یان شوێنە گشتییەکانی وەك: هوتێل، هۆڵەکان، قوتابخانە و زانکۆکان بە تێچوویەکی کەم جوانترین تابلۆ دروست بکات. وەك تابلۆی دیکەش نییە هەرکاتێك حەزت لێنەبوو بەو ئاسانییەش بیسڕیەوە.



# جانتای تاک ڕەنگ



جانتای شێوە لاکێشە و چوارگۆشە و ڕەش، کە جاران مۆدێکی نایاب و سەرنجڕاکێش بوو، کەچی لە ئێستادا ئەو مۆدە سەری هەڵداوەتەوە و بووەتە یەکێك لە جوانترین شێوازەکانی جانتای ئافرەتان. مارکە تازەکانی وەك : لویس ڤیتۆن، گرنگیی بە ڕەنگی ڕەشی جانتاکان داوە، لە هەموو بەرهەمەکانیدا ڕەنگی ڕەشی بۆ کەرەستەکانی هەڵبژاردووە، لەلایەکی دیکەشەوە مارکەی (مۆلی گودارد)، کە تایبەتە بە دروستکردنی کەرەستە و ئێکسسواری ئافرەتان، شێوەی لاکێشە و چوارگۆشەی لە بەرهەمەکانیدا بۆ مۆدی جانتای گەڕاندەوە، جانتای ڕەش جگە لەوەی لەگەڵ هەموو جلوبەرگێك شیك دەکرێت، لە ئێستادا شێواز و مۆدە کلاسیکەکان بوونەتە مۆدەی سەردەم و خواستێکی زۆریشیان لەسەرە، پێویستە هەموو ئافرەتێك زیاتر لە دوو یان سێ جانتای ڕەنگ ڕەش و شێوەی چوارگۆشە و لاکێشەی هەبێت، تا لە کاتی شیککردنی مۆدەکانی جلوبەرگ و کەرەستەکانیدا بێ کەموکووڕی بێت.



# پانتۆڵی قوماشی ساتان نموونەی وەرزی گەرمایە

لە وەرزی هاویندا پانتۆڵە کراوەکان زیاتر باو دەبن، بەهۆی ئەوەی جلێکی ڕێکن و لەگەڵ زۆربەی بەشەکانی دیکەی جلەکانی بەشی سەرەوە شیك دەبن، هەروەها زۆربەی خانمانیش حەز بە پۆشینی پانتۆڵەکان دەکەن، لە کاتێکدا کە جینزەکان لە وەرزی هاویندا گەرمن و بێزارکەرن، بۆیە ئافرەتان دەتوانن ڕوو لەو پانتۆڵە قوماشانە بکەن کە جێگەی سەرنجن و ناسکییان پێوە دیارە، هەروەها ڕەنگی پانتۆڵ لە وەرزی گەرمادا گرنگە، چونکە هەندێك ڕەنگ تیشکی خۆر و گەرما ڕەت دەدەنەوە، بەهۆی ئەوەی ڕەنگەکەی دژە گەرمییە، مارکەکەکانی ئەندرۆ جی و گیامباتیستا ڤاڵی، هەردووانیان لە وەرزی ئەمساڵی هاویندا پانتۆڵە قوماشەکانیان کردووەتە مۆدێل، هەروەها ڕەنگەکانی سپی و ڕەساسی بۆ کاتی دەوام تەرخان کردووە و سوور و شین و سەوز بۆ دەرچوون، قاوەیی و نیللی بۆ سەردانی گونجاوە، هەروەها لە قوماشی ساتانە زۆربەی پانتۆڵەکان کورتن و بەشێکی خوارەوەی قاچ بە دەرەوە دەبن، لەگەڵ مۆدەکانی تازەدا شێوازی کلاسیکی فراوان فەرامۆش نەکراوە و جێگەی بووەتەوە.



# خشڵی شێوە و ڕەنگ ئەڵماس کەشخەت دەکات

ڕەنگە خشڵە ئەڵماسەکان نرخێکی گران و خەیاڵییان هەبێت، بەڵام خۆ دەکرێت سوود لەو خشڵ و ئێکسسوارانە وەربگرین کە لە هاوشێوەی ڕەنگ و شێوەی ئەڵماس دروست کراون، مارکەکانی دیۆر و دانتیلا ساتین، زیاتر گرنگی بە ڕەنگ و شێوازەکانی ئەڵماس لە خشڵ و ئێکسسوارەکانیاندا دەدات، ئەو جۆرە ڕەنگە کە هەمیشە بریقەدارە لەگەڵ زۆربەی جلەکاندا شیك و ناوازە دەبێت، بە تایبەت بۆ خشڵەکانی وەك: ملوانکە، بازن و گوارە، بەهۆی ئەوەی ئەو خشڵانە لەگەڵ پێست دەردەکەون، بەمەش مۆدێکی نایاب و ناوازەیان دەبێت. شانێل زیاتر گرنگی بە گوارەی شێوە و ڕەنگ ئەڵماس داوە، ڕەنگی ئەڵماس جگە لەوەی سەرنجڕاکێشە، هەروەها ناوێکی بۆ خۆی تۆمار کردووە و کاتێك بەرچاو دەکەوێت دەبێتە یەکێك لە مۆدە سەرنجڕاکێشەکان، بۆیە تۆش وەك خانمێك هەوڵ بدە ئەو خشڵ و ئێکسسوارانەت هەبێت کە لە ڕەنگ و شێوەی ئەڵماس دروست کراون، چونکە مۆدێکی شیك و ناوازەیان هەیە.





# ماراسۆن چۆن سەری هەڵدا

لە ساڵی ٤٩٠ پێش زایین شەڕی ماراسۆن لە نێوان یۆنانییەکان و فارسەکان لە ناوچەی ماراسۆن لە یۆنان هەڵگیرسا و، دوای ناکۆکییەکی زۆر یۆنانیەکان فارسەکانیان شکست پێهێنا و دوای سەرکەوتنەکەش شەڕڤانێکی یۆنانی بە ناوی فیدیپیدس هاتە دەرەوە، بە مەودای ٤٠ کم لە ماراسۆنەوە تا ئەسینای پایتەخت ڕای کرد، بۆ ئەوەی بە گەلەکەی بڵێت کە فارسەکانیان شکست پێهێناوە، دوای ئەوەی مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوە، بەهۆی ماندوێتیەوە گیانی لەدەستدا، پێشبڕکێی ماراسۆنەکە بە ناوی ئەم سەربازەوە ناو نرا، کە ئەم هەموو مەودایەی بڕیوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێت کە فارسەکانمان شکست پێهێناوە. یەکەم یاریی ئۆڵۆمپیاد لە ساڵی ١٨٩٦ لە وڵاتی یۆنان بەڕێوە چوو و وەرزشی ماراسۆن یەکێك بوو لە یارییە سەرەتاییەکانی ئۆڵۆمپیاد، پێشبڕکێکە لە پردی گوندی ماراسۆنەوە دەستی پێکرد بۆ ئەسینای پایتەخت، هەمان ئەو مەودایەی کە فیدیپیدس بڕیبووی. میدالیای زێڕ لە لایەن ڕاکەری یۆنانی، سپایریدۆن لویس (١٨٧٣ - ١٩٤٠) بەدەست هێنرا، کە بە ناوی ئەوەوە یاریگای ئۆڵۆمپی ئەسینا ناونرا (یاریگای سپایردۆن لویس) و ئەو مەودای بە دوو کاتژمێر و ٥٨ خولەك و ٥٠ چرکە بڕی.

# فیلی سپی و بۆر

فیل بە سرووشتی خۆی ڕەنگێکی ڕەساسی و تێکەڵ بە ڕەنگی شین و بۆری هەیە، بەڵام هەندێ جار فیلی سپی و لە ڕەنگی خاکیی خانوو دەردەکەون، کە ئەوەش ڕەنگی دروستکراوی خۆیانە و بە ڕێگەی قوڕاوکردنەوە بە دەستی دەهێنن، کاتێك پلەکانی گەرما لە ساڤانا بەرز دەبنەوە، فیلەکان حەمامێکی قوڕاوی دەکەن (خۆیان لە قوڕدا دەگەوزێنن)، بەمەش ڕەنگی پێستیان دەگۆڕێت بۆ سپی هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵمژینی تیشکی خۆر، یان چینێکی قوڕی عەزلییان بۆ دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هێشتنەوەی پلەی گەرمیی جەستەیان کە ٤٠ پلەیە، بەم چەشنە شێوەیان سپی و بۆر دەردەکەون، کە زۆربەی خەڵك وادەزانێت ڕەنگی سرووشتیی خۆیانە.








# کەشتیی نوێی تایتانیک لە ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێ دەکەوێت

کەشتیی (ئایکۆنی دەریاکان) کە گەورەترین کەشتییە لە جیهاندا و پێنج هێندەی تایتانیک گەورەترە. کێشی ٢٥٠ هەزار و ٨٠٠ تۆنە و درێژییەکەی ١٢٠٠ پێیە، نزیکەی ٥٦١٠ سەرنشین و ٢٣٥٠ ئەندامی تیمی دەریاوانی لەخۆدەگرێت. زیاتر لە ٤٠ بار و چێشتخانەی تێدایە، جگە لە یاریگەی بۆولینگ و حەوت مەلەوانگە و نۆ جاکوزی و سەنتەری بازرگانی و چەندین خزمەتگوزاری. لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەنجام دەدات و لە ساڵی ٢٠٢٤ بە فەرمی بە گەشتێك دەڕوات.



# یەکەمین گەنجی نمایشی فریستایڵی کورد

ڕێباز محمد، یاریزانی پیشەگەری وەرزشیی فریستایلی تۆپی پێ، ماوەیەك لەمەوبەر لە نێو شەقام و شوێنە گشتییەکانی کوردستان و شاری هەولێر بەتایبەت، چەندین نمایشی فریستایلی ئامادە کرد، ڕێباز خاوەنی چوار تۆماری جیهانیی گینس و دوو جاریش جێگری پاڵەوانی بەریتانیای بە پلەی دووەم لە پاڵەوانێتی بەریتانیا بە دەست هێناوە، لە ساڵی ٢٠١٢ و لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، ماوەی سێ ساڵ یاریزانی تۆپی پێ بووە و وەك یاریزانێکی نیو پروفیشناڵ ناسراوە! لە ساڵی ٢٠١٤ دە ستی کردووە بە فریستایل و ساڵی ٢٠١٥ وازی لە تۆپی پێ هێناوە بۆ ئەوەی ببێتە یەکە م پروفیشناڵ لە فریستایڵ و، لە ساڵی ٢٠١٨ و بە پیشەگەرانە ئەو کارە دەکات! چەندین نمایشی بۆ هەموو براندە گە ورەکان کردووە و بژێوی ژیانیشی لە نمایش و فێرکاری (workshop) و ڕێکلامە وە بە دەست دەهێنێت، هەروەها ڕێباز بەشداری لە چەندین پاڵەوانێتی جیهان و ئەوروپا و بەریتانیاش کردووە و ئێستاش ئەکادیمیای خۆی هەیە و ئامانجیشی ئەوەیە ئەم وەرزشەی کە ژیانی خۆی بۆ داناوە تاوەکو کوردستان بە جیهاندا بناسێنێت.






# ماسیی جۆری jaw fish



شێوازی زاوزێ و هێلکەدانانی ماسیی جاو بە جۆرێکە کە جێگەی سەرسامییە، دوای ئەوەی مێیەکە ٤٠٠ هێلکە دەخاتە ناو دەمی نێرەکەوە، بۆ ماوەی دوو هەفتە لە دیاریکردنی خواردن دەوەستێت کە ماوەی دایەنگەی هێلکەیە، لەم ماوەیەدا نێرەکە دەبێت دەمی کراوە بێت بەو شێوەیە بۆ ئەوەی ماسییە بێچووەکان نەمرن بەهۆی کەمیی ئۆکسجینەوە، مێیەکەشی لە دۆخی ئاسودەیی تەواودا دەبێت هەتا هێلکەکان تەواو دەبن.




## كاریكاتێر

كاریكاتێرەكە باس لە سەرمایە و گرنگیی فیلمسازیی هۆلیوود دەكات كە لە ئێستادا هیچ نرخێكی بۆ دانانرێت.

## یاسا



**ئەگەر کوڕ پێش باوکی بمرێت میراتی لەباوکی دەبات؟**

بەڵێ، بەپێی مادده " ٧٤ / ١ " لە یاسای باری کەسێتی کاتێك منداڵ پێش باوك و دایکی دەمرێت کوڕ بێت یان کچ، ئەوا لە کاتی مردنی دایك و باوکیدا کە دوای ئەو دەمرن حیسابی کەسێکی زیندووی بۆ دەکرێت و بەشەمیراتییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە لەدوای بەجێماون، کوڕ بن یان کچ، بە إعتباری «وصیة واجبة» بەمەرجێك بەشەکەی زیاتر نەبێت لە «یەك لەسەرسێی» کۆی میراتییەکە، وەبەپێی بڕگەی «/ ٢» لەهەمان مادده «وصیة واجبة» ئەوەی باسمان کرد پێش هەموو جۆرەکانی دیکە لە «وصیة» دەکەوێت، بۆ بردنی یەك لەسەر سێی میراتی بەجێماو، واتە تا منداڵانی کوڕە مردووەکە وەستابن میراتی باپیریان هیچ وەصیەتێکی دیکەی لێ دەرناکرێت، بەکورتی هەر باوکێك مرد و پێش خۆی کوڕ یان کچی مردبوو و منداڵیان هەبوو ئەوە ئەو منداڵانە بەشی باوك و دایکی خۆیان دەبەن لەمیراتی ئەم باوکە، کەدەکاتە باپیری ئەوان، تا هیچ کەس نەتوانێت بەبیانوی ئەوەی پێش باوکی مردووە مافی کوڕ یان کچ و منداڵەکانیان بخۆن بەو ڕێژەیەی دیاری کراوە.



## دیمەنە سەیرەکان

ئەوکتێبەی کە ناچاریت لە ماوەی دوومانگدا بیخوێنیتەوە، چونکە بە جۆرێك دروست کراوە حیبرەکەی لە دوای دوومانگ لە کردنەوەی دەڕوات و سپی دەبێتەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەموو هەوڵێك بدە بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بەدی بهێنیت و پلانی نوێ دابنێیت، تا بەشێوەیەکی ڕێکخراو کارەکانت بە ئەنجام بگەیەنە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەیت، ئەو شتەی بۆماوەیەکی زۆرە لە پێناوی دەجەنگیت ئێستا کاتی ئەوەیە بە دەستی بهێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

زۆریی کێشەکانی کار و پیشەکەت ڕووبەڕووی ماندوبون و خەمۆکیت دەکات، متمانەت بە پەیوەندیی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت هەبێت کە پێویستی بە پشتیوانی تۆ هەیە، ئەم ماوەیە خەرجییەکانت زیاد لە پێویستبوە پێویستە ئاگاداری لایەنی داراییت بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕووبەڕووی هەندێك کێشە دەبیتەوە، پێویستە زۆر بە ئاگابیت و بە وریاییەوە کاربکەیت، رەنگە پەیوەندیی سۆزداریی نوێ دروست بکەیت ئەگەر کەس لە ژیانی سۆزدایتدا نەبێت، هەندێك کات بۆ خۆت تەرخان بکە، ئەگەر هەستت بە ناجێگیریی تەندروستیت کرد، پێویستە سەردانی پزیشك بکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەیت کە کێشە تایبەتییەکانت لە کار و پیشەکەت بەدوور بگریت و ڕێگە نەدەیت کاریگەریی نەرێنیی هەبێت، لەلایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت جێگیر دەبێت و داهاتویەکی باش چاوەڕێت دەکات، کەسانێك هەوڵ دەدەن دەست وەربدەنە ژیانی تایبەتیتەوە، بۆیە وریابە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


پێویستە کارەکانت بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام بدەیت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووداوی لەناکاو توشی گرفت نەبیت، لێبوردنی خۆشەویستەکەت باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێن، ئەگەر کەسانێك گاڵتەیان بە بیرۆکەکانت کرد، هەوڵبدە بەهێزبیت و ڕێگەمەدە قسەکانیان بتروخێنێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کار و ئەرکی گرنگ پێ دەسپێردرێت و پشوودان کەمدەبێتەوە، هەندێك ناکۆکی لە نێوانی تۆ و خۆشەویستەکەتدا ڕوو دەدات، پێویستە چارەسەری بکەیت، ئەمڕۆ بیرکردنەوەت لەگەڵ کەسانێك ناگونجێت، هەوڵبدە نەبێتە هۆی ململانێ لە نێوانتاندا.

رەنگاورەنگ

گوڵان



## پەند و وتە

نوسەری رووسی (کاونت لیڤ نیکۆلایڤ تۆلستۆی)، لە ساڵی ١٨٢٨ لە شاری یاسنایا لە ڕووسیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩١٠ لە لیڤ ڕووسیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەزەیی دەڵێ: «پێویستە مرۆڤ بە بەزەیی بێت، چونکە بەزەیی مرۆڤەکان کۆ دەکاتەوە، هەروەها پێویستە ڕۆشنبیر و ئەدیب بێت، چونکە ڕۆشنبیری دڵ و بیرۆکە جیاوازەکان کۆ دەکاتەوە».

بۆ زانیاریت

## ناوەڕاستی جیهان



هۆکاری ئەوەی ئیکوادۆر بەم ناوە ناونراوە، چونکە بە زمانی ئیسپانی بە واتای ئیستیوایی دێت، هەر ئەمەشە کە شوێنە جوگرافییەکەی کورت دەکاتەوە، یەکێك لە شوێنە بەناوبانگەکانی ئیکوادۆر بریتییە لە (مێتاد دێل مۆندۆ) واتا ناوەڕاستی جیهان، کە هێڵی پانی ٠,٠٠ ـە، ئێرە هێڵی دابەشکردنی ئەم جیهانەیە بۆ باکوور و باشوور، بەڵام ئەو شتەی ئەم وڵاتە گەرمە لەوڵاتانی دیکەی هێڵی ئیستیوایی جیا دەکاتەوە، بەرزیی پایتەختەکەی (کیتۆ) نزیکەی ٢٨٥٠ مەتر لە سەرەوەی ئاستی دەریایە، ئەمەش واتە کەشوهەواکەی بە درێژایی ساڵ مەیلی ساردیی هەیە، هەروەها هەرچەندە پلەی گەرمی ڕۆژ نزم بێت، کیتۆ بەهۆی گەرمی خۆرەوە گەرم دەمێنێتەوە.

## فیلم

### مەلەوانگەی بێ کۆتایی - Infinity Pool




باس لە داکۆکیکردنی ئافرەتێك دەکات لە دوو کەس، دوای ئەوەی بە مەبەستی پشوودانێك بچنە ژێر زەوی، بەڵام دواتر خۆیان لە نێو ناوچەیەکدا دەبیننەوە کە توند و تیژی تیایدا زۆرە، هەر لەو شوێنەدا تراژیدیایەك لە ڕووداوەکان دەردەکەون و دەکەونە کەشێك کە یان دەبێ خۆیان بکوژن یان مردنیان بە چاوی خۆیان ببینن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٨ خولەکە، لە وڵاتی کەنەدا بەرهەم هێنراوە، لە دەرهێنانی براندۆن کرۆنبێرگ، بودجەی فیلمەکە پێنج ملیۆن دۆلارە، لە نووسینی کەریم حەسەن.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەهۆی ناکۆکیی نێوانی هاوپیشەکانت کەمێك کەش و بارودۆخی کارکردن ئاڵۆز دەبێت لە دەزگاکەتدا، باشترە هەموو هەوڵێك بدەیت لەپێناو شکاندنی ڕۆتین لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا، کارەکانت بە پلان ڕێك بخە، بۆ ئەوەی لە کۆتایی ڕۆژدا کارەکان بەسەرتدا کەڵەکە نەبن.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بەهۆی هەندێك ناکۆکییەوە لە ناو دەزگای کارەکەت، تووشی کەمێك دڵەڕاوکێ دەبیت، هەوڵ بدە کێشەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت چارەسەر بکە و کاتێکی ئاسوودە پێکەوە بەسەر بەرن، حەز بە شەڕ و ململانێ ناکەیت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەروونت دەبێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە بە پەرۆشەوە هەوڵ بدەیت کاتێك پرۆژەیەکی نوێ دێتەبەردەمت، بەڵام هەمیشە وریا و بە ئاگابە، کەسانی نوێ دەناسیت لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، سەرسام مەبە ئەگەر پلەت بەرزکرایەوە و هاوئاستی کەسانی پرۆفیشناڵ کرایت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ڕێگەمەدە هەمو گرفتێك سەرقاڵت بکات لە کارەکەتدا و هەوڵ بدە هەمیشە بەردەوام بیت و باشترین پێشکەش بکەیت، خۆشەویستەکەت ئەمڕۆ پلان و هەنگاوی نوێ دەنێت لەپێناو داهاتووی پەیوەندیی سۆزداریتان، سەرنج بخەرە سەر ماڵەکەت و خێزانەکەت، کاتیان بۆ تەرخان بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەل و چانسی گەورە چاوەڕێت دەکات، ئامادەبە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت، خۆشەویستیی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەربڕە، بۆ ئەوەی پەیوەندیتان قوڵتر بێتەوە، ئەمڕۆ بەخت یاوەرت دەبێت، کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەمیشە تواناکانت کۆ دەکەیتەوە و لە شوێنی گونجاودا بەکاری دەبەیت، خۆشەویستەکەت متمانەیەکی زۆری پێت هەیە، ئەمەش باشترین هاوکارییە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی سۆزداریتدا سەرکەوتو بیت، لە ڕووی دەروونییەوە کەسانێك هەوڵ دەدەن داوای یارمەتیت لێ بکەن، هەوڵبدە بە ڕێگەیەکی راست ئاراستەیان بکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly July 31, 2023 Issue,No.1374


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626